دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

# کوردستان

ژمارە: ٤٩٤

www. kurdistanukurd.com

یەکشەممە ٣١ی خەرمانانی ١٣٨٧ ـ ٢١ی سێپتامبری ٢٠٠٨ـ ١٥٠ تمەن ● ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

سیاسی



١١ی سێپتامبر، ئەو ڕۆژەی مرۆڤایەتی هەژاند

سیاسی



ڕێبەرێکی نەتەوەیی و سیاسەتوانێکی شارەزا

کوردستانی



تا تورکیە گۆڕانێکی بنەڕەتی لە خۆیدا...

ئازاد




مانگرتنی زیندانیانی سیاسیی کورد و بێدەنگیی...

# بەندییە مانگرتووەکان چاوڕوانی پشتیوانیمانن

## ئێرانی ئێستاو ئەندامەتیی ئەنجومەنی تەناهیی نەتەوەیەکگرتووەکان!!

### (لە بەرەبەری سەفەری ئەحمەدی نژاد بۆ نیۆیۆرک)

عەولا بەهرامی

بڕیار وایە سەرکۆماری ئیسلامی بۆ جاری سێیەم بۆ بەشداری لە شێست و سێیەمین کۆڕی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا بچێتە نیۆیورك . بەم پێیە کە سەفەرەکانی پێشوی ئەحمەدی نژاد بۆ نیۆیۆرك بۆتە جێگای سەرنجی میدیاکان و جەنجاڵی زۆریان لێ کەوتۆتەوە، ئەمجارەشیان چاوەڕوان دەکرێ جگە لە دروست بوونی جەنجاڵ و هەراو هوریای میدیایی، سەرکۆماری ڕێژیم لەگەڵ کۆمەڵێك گوشاری نێونەتەوەیی بەرەوڕوو بێ. سەرکۆماری ڕێژیم لە کاتێك دا سەفەری نیۆیۆرك دەکا و پێی وایە "ئێران بەهەشتی گەردوونە و نۆرەیەتی کە ببێتە ئەندامی ئەنجومەنی تەناهی" کە:

ـ نوێترین راپۆرتی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی باس لەوە دەکا تاران نەك بڕیارنامەکانی ئەنجومەنی تەناهیی جێبەجێ نەکردوە بەڵکوو سەرکێشانە درێژە بە پیتاندنی یۆرانیۆم دەدا و ژمارەی سانتریفیوژەکانی زیاد کردوە. جگە لەوانە لەم راپۆرتەدا باس لەوە کراوە کە کاربەدەستانی تاران لە پێوەندی لەگەڵ دانی روونکردنەوە لە مەڕ ئەو بەڵگە نوێیانەی وەدەست IAEA کەوتوون خۆی پاراستوە. بە پێی ئەو بەڵگانە کۆماری ئیسلامی لە بواری کەڵك وەرگرتن لە سانتریفیوژی پێشکەوتووە و تاقیکردنەوەی تەقەمەنی و تۆێژینەوە لە سەر کڵاوەی ناوکی لێکۆلینەوە گەلێکی ئەنجام داوە. بۆیە ئاژانس نیگەرانیی قووڵی خۆی لە ئامانجی بەرنامە ناوکییەکانی ئێران دەربڕیوە.

لە کاردانەوە بەم راپۆرتەش دا جگە لە ئەمریکا و بریتانیا و فەرانسە کە خۆازیاری گەمارۆی زیاترن بۆ سەر ئێران، بان کیمون سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانیش وێڕای ئەوەی داوای لە ئێران کرد پابەندی بڕیارنامەکانی ئەنجومەنی تەناهی بێ، رای گەیاند سەبارەت بە راپۆرتی نوێی ئاژانس لەگەلا ئەحمەدی نژاد قسە دەکا.

ـ کارنامەی مافی مرۆڤی ڕێژیم تادێ خراپتر دەبێ. ژمارەی ئیعدامەکان و بەتایبەت ئیعدامی مێرمنداڵان بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر زیادی کردوە، گوشار بۆ سەر چالاکانی سیاسی، رۆژنامەوانان، ژنان، خوێندکاران و ئاخنینی بەندیخانەکان لەوان تادێ لە زیاد بوون دایە. بە چەشنێك کە ڕێژیمی تاران لە باری پێشێل کردنی مافی مرۆڤەوە لە ریزی پێشەوەی وڵاتانی جیهان دایە.

ـ درێژەدان بە نکۆڵی کردن لە دەوڵەت و نەتەوەی ئیسرائیل و دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی ناوچە و یارمەتی کردن بە ناسەقامگیریی لە ناوچەدا لە رێگای گرووپە بونیادگرا ئیسلامییەکانەوە سیمای ئاژاوە گێڕانەی ڕێژیمی تارانیان لەلای بیروڕای جیهانیان بە زیندوویی راگرتوە.

ئەمانە و زۆر خاڵی نەرێنیی دیکەی سیاسەت و کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی سیمای رێژیمێك لە کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دا نیشان دەدەن کە هەڕەشە لە تەناهیی نێونەتەوەیی دەکا، بەتوندی خەڵکی وڵاتەکەی سەرکوت دەکا و دژی ئاشتی و سەقامگیریی وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەراستە و ...

کەواتە دەبێ چاوەڕوان بین کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ببێتە دەرفەتێك بۆ ئەوەی ڕێبەرانی تاران زیاتر بکەونە ژێر گوشاری نێونەتەوەییەوە و ئەحمەدی نژادیش وەك پێشتر نیشانی داوە جگە لە جەنجاڵ خولقێنی هیچ دەسکەوتێك بۆ تاران نەباتەوە. کەواتە ئێرانی ئێستا نەك مافی ئەوەی نیە ببێتە ئەندامی ئەنجومەنی تەناهی، دەبێ لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش دەرکرێ.

## ژمارەی بەندییە مانگرتووە کوردەکان لە زیادبون دایە

ژمارەی مانگرتووانی سیاسی و مەدەنیی کورد رۆژبەرۆژ لە زیادبوون دایەو لە بەندیخانەی مەهاباد ٤ چالاکی سیاسی و مەدەنیی دیکە بەریزی مانگرتوانەوە پەیوەست بوون. مەسعوود کوردپوور رۆژنامەوان و چالاکی مافی مرۆڤ، کامیل خاکنژاد، هادی ئەمینی و چالاکێکی مەدەنیی دیکە بەناوی "رەسووڵ" لە رۆژی سێشەممەی حەوتووی رابردووەوە مانگرتن لە خواردنیان دەست پێکردوە. ئەو چوار بەندییە رۆژی چوارشەممە هاوکات لەگەڵ دووەمین رۆژی مانگرتنەکەیان لەلایەن بەرپرسانی بەندیخانەوە رەوانەی ژووری تاکەکەسی کراون.

هەروەها کومیتەی پشتیوانی لە مانگرتوانی سیاسی و مەدەنیی کورد بڵاوی کردەوە کە لە بەندیخانەی شاری سەقزیش دوو بەندکراوی دیکە بەناوەکانی شاخەوان حوسێنی و عەلی قوردمیلان لە رۆژی دووشەممە ٢٥ی خەرمانانەوە مانیان لە خواردن گرتووەو ژمارەی مانگرتوانی بەندیخانەی سەقز گەیشتە ٥ کەس. شاخەوان حوسێنی بە ٨ ساڵ و عەلی قوردمیلان کە خەڵکی شاری خۆی لە پارێزگای ورمێیە بە ٣ ساڵ زیندان مەحکووم کراون.هەر لەم پێوەندییەدا ئەنوەر حسێن پەناهی بەندکراوی مەحکوم بە ئیعدام لە پەیامێکدا کە رووی قسەی لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی و ویژدانە بێدارەکانی جیهان بووە وتوویەتی: ئەگەر دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی وەڵامی داخوازییە یاسایی و رەواکانی مانگرتووانی کورد نەداتەوە، بە نیشانەی نارەزایەتی لێوەکانی خۆی دەدورێ.

کەماڵ کەریمی لە رێوڕەسمی ١٦ ساڵەی تیرۆری میکۆنووس دا:

## کۆماری ئیسلامی ئاکامێکی پێچەوانەی لە تیروری دوکتور شەرەفکەندی چنییەوە



لە رێوڕەسمی ساڵوەگەڕی تیرۆری د. سەعید شەرەفکەندی و هاوڕێیانی دا کەماڵ کەریمی ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان رایگەیاند کە: کۆماری ئیسلامی ئاکامی پیچەوانەی مەبەستەکانی لەو کارە تیرۆریستییانەی دا کە خۆی بەرنامەڕێژی کردبوون، چنیوەتەوە.

ڕێکەوتی ٢٦ی خەرمانان یادی ١٦ ساڵەی شەهیدانی میکونووس، لە رێورەسمێکدا بە بەشداریی ئەندامانی رێبەرایەتی، کادرو پێشمەرگەو بنەماڵە حیزبییەکان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەرز راگیرا.

ل ٢

(دەقی وتەکانی کاك کەماڵ کەریمی لە لاپەڕی ٣ دایە)

## بەرنامەی ناوکیی ئێران، گەورەترین مەترسیی ستراتیژیکیی دەوڵەتی داهاتووی ئەمریکایە



گرووپێکی توێژینەوە کەلە ئەندامانی دوو حیزبی دێموکرات و کۆماریخوازی ئەمریکا پێک هاتوە رای گەیاند کە تەنانەت هێرسێکی سەرکەوتووی نیزامی دژی دامەزراوە ناوکییەکانی ئێران لەوانەیە نەتوانێ بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران راگرێ.

""ناوەندی سیاسەتوانانی دوو حیزبی" لە راپۆرتەکەیدا باسی لەوە کردوە کە چالاکی دیپلۆماتیک و گەمارۆی توندتری ئابووری کە سنعەتی نەوت و گازی ئێران بکاتە ئامانج، لەوانەیە لە هێرشی نیزامی ئاکامدەرتر بێ.

ئەم راپۆرتە سەبارەت بە پەرچەکرداری ئێران و گرووپە لایەنگرەکانی ئەو دەوڵەتە لە رۆژهەلاتی نێوەڕاست دەنووسێ کە هەرچەشنە هێرشێکی نیزامی بۆ سەر ئێران دەتوانێ بریتی بێ لە مەترسی گەلێک، وەک پشتیوانیی ئێرانییەکان لە "رێژیمی توندڕەوی ئەم وڵاتە" و پەلاماری گرووپە ئیسلامییەکانئ حەماس و حیزبوڵڵا بۆ سەر ئیسرائیل.

ئەم راپۆرتە هەروەها دەنووسێ: بەرنامەی ناوکیی ئێران، گرنگترین مەترسیی ستراتێژیکییە کە دەوڵەتی داهاتووی ئەمریکا لەگەڵی بەرەوڕوو دەبێتەوەو ئەم بەرنامەیە دەتوانێ ببێتە هۆی ناسەقامگیریی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

## "لە هەلومەرجی ئێستادا" رووسیە دژی گەمارۆدانی ئێرانە




رووسیە دەڵێ لە هەلومەرجی ئێستادا دژی گەمارۆی نوێ دژی ئێرانە.

وەزارەتی دەرەوەی رووسیە خوازیاری ئەوەیە درێژە بە هەوڵەکان بۆ راکێشانی ئێران بۆ "وتووێژی بەسوود" بدرێ.

کارناسانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، بریتانیا، فەڕانسە، چین، رووسیەو ئاڵمان رۆژی هەینی (٢٩ی خەرمانان) لە واشینگتۆن کۆبوونەوە بەڵام لە سەر خولی چوارەمی گەمارۆدانی ئێران لە ئەنجومەنی تەناهیی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بە هیچ سازانێك نەگەیشتن.

لەو کاتەوە کە شەڕی نێوان رووسیەو گورجستان لە سەر ناوچەی ئەبخازو ئۆسێتیای باشوور دەستی پێ کردو وڵاتانی رۆئاوایی بە پشتیوانی لە گورجستان رەخنەیان لە رووسیە گرت پێوەندیی سیاسیی رووسیەو رۆژئاوا بە تایبەت لەگەڵ ئەمریکا ئاڵۆز بووە.

کارناسان دەڵێن ئەمە بۆتە هۆی ئەوە کە رووسیە لە گەمارۆی زیاتری ئێران دا، تۆڵەی هەڵوێستی رۆژئاوا سەبارەت بە گورجستان بکاتەوە.

وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ١+٥ بەم زووانە لە پەراوێزی کۆڕی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە ئێران کۆدەبنەوە.

## پۆلێکی دیکە لە لاوانی کورد بەرگی پێشمەرگایەتیان پۆشی



# چالاکیی تەبلیغیی تێکۆشەرانی ڕێکخستنی نهێنی بەبۆنەی ساڵرۆژی تیرۆری میکۆنوسەوە




بەبۆنەی ١٦یەمین ساڵرۆژی تیرۆری دوکتوری سادقی شەرەفکەندی ڕێبەری بەوەجی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هاوڕێیانی فەتاح عەبدولی، هومایون ئەردەلان، نووری دێهکوردی، تێکۆشەرانی ڕێکسختنی نهێنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شارو ناوچە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاستێکی بەربڵاودا چالاکیی تەبلیغیان بەڕێوەبرد.

کرماشان: فەرهەنگیان شەقامی جەوانشیر، شەقامی دەوڵەت ئاباد، شەقامی ٤٠ میتری، شەقامی تاڵەقانی، شەقامی تاق وسان، مەیدانی پارکستان، مەیدانی فیردەوسی و شەقامی کەسرا

پاوە: شەقامی تەکیە، مەیدانی فەرمانداریو مەیدانی مەولەوی

جوانڕۆ: شەقامی هەمزە، ترمینالێ و بازاڕی مەرزی

ڕەوانسەر: شەقامی سەرەکیی شار، دەوروبەری بیمارستان و زەمین شاری و هەروەها لە گوندەکانی شەمشێر، سەریاز، بەخشی قشلاق، بەخشی شاهۆ، نۆسمە، تازاواو دەرەواین

بانە: دەوروبەری مزگەوتی خدری، پردی خواروو، بیمارستان، بانەکۆن، پشتی دادگا، مەدرەسەی شاهید، کەمەربەندی ٢، مەدرەسەی سەید قوتب، شارۆچکەی نوور و بازاڕی کەوش فرۆشان، موخابرات، مەدرەسەکانی شەبانەروزی و ١٧ی شەهریوەر، گەڕەکی ئازادگان، شارەکی تەوحید، ڕێستورانی گوڵستان، هەروەها ئاواییەکانی شێخان، مەنیجەڵان، سپیدارە، نەمەشێر، زێویە، گەشکەسە، کۆخان، وشکەدەرێ، شوێ، ساوان، نژۆ، سەدبار، سەبەتلۆوو....

سنە: مەیدانی شافعی، بلۆواری خوسرەوئاوا، شەقامی ئاویەر، شەقامی موبارەك ئاوا، مس ئاواو شەقامی حاجیئاوا.

سەردەشت: فەرهەنگیان، جانبازان، سێڕای مارەغان، ژاژۆکە، دولتانجك، گەڕەکی ئاشان، سەرچاوێ، مزگەوتی سوور، کوچەی قەبران، مزگەوتی عەلامە بێتووشی، نیزەڕۆ، کانی مەڕی، گەڕەکی مهابادیان، شەقامی حافزو.... هەروەها ئاواییەکانی نەڵاس و وەرکێڵ.

پیرانشار: گەڕەکی فەرهەنگیانی ١و٢، فەلەکەی ئازادی، فەلەکەی محەممەدی هەوراز، کۆنەخانێ و.

ڕەبەت(شەوی ٣٠ خەرمانان): قەڵاتی سەرچاوێو ڕەبەتی خوارێ، بازاڕی ئەسڵیی شار، پارکەکانی شار، ڕێگەی ڕەبەتی خوارێ بۆ ڕەبەتی سەرێ، جادەی وەتمانەوێ و جادەی سەردەشت ـ ڕەبەت، جادەی لیلانی و هەنداوێ بۆ ڕەبەت، پشت گوندی هۆرمزاوێ، پردی گەورە بۆ باڵان، جادەی بناویلەی گەورە بۆ بناویلەی کوردان و جادەی چۆمی ئاشی قەڵاتەو...

سەلاسی باوەجانی: جادەی میراوا، گوندی چەمەنزار، گەردەنەی سیاتایەر

شایانی باسە هەر لە درێژەی چالاکییە تەبلیغییەکان دا، تێکۆشەرانی ڕێکخستنی نهێنی لە شارەکانی تاران و ئیسفەهان لە ئاستێکی بەربڵاودا چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوەبرد.

درێژەی لاپەڕی١

## کۆماری ئیسلامی ئاکامێکی پێچەوانەی لە تیروری دوکتور شەرەفکەندی چنییەوە

ڕێوڕەسمەکە سەرەتا بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" دەستی پێکردو پاش خولەکێك وەستان بۆ یادو ڕێز گرتن لە شەهیدانی نەتەوەکەمان، کەماڵ کەریمی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەم بۆنەیەوە وتەیەکی پێشکەش کرد. بەڕێز کەریمی لە وتەکانی دا کەش و فەزای ئەو کاتی بێرلینی وەبیر هێنایەوەو گوتی لەم هەلومەرجەدا کەس بیری لەوە نەکردەوە کۆماری ئیسلامی تاوانێکی ئاوا ئەنجام بدا. بەڵام کۆماری ئیسلامی لەمێژە بە جیهانی سەلماندوە کە ئەو هیچ سنوورێك بۆ کردوە دژە مرۆییەکی ناناسێ و تەنانەت ڕەنگبێ بۆی ئاسان بێ کە دژبەران لەو شوێنانەی کە زیاتر هەست بە تەناهی دەکەن، دڵنیاتر تیرۆر بکا.

ناوبراو لە درێژەی وتەکانی دا مەبەستی کۆماری ئیسلامیی لەو تاوانە رووخانی پردی نێوان بەرەی کۆن و نوێو دابەزاندنی ورەی کادرو پێشمەرگە و ترساندنی خەڵك ناو بردو وتی تێکۆشانی بەردەوامی ڕۆڵەکانی کورد دوای تیرۆری ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات دەری خست کە کۆماری ئیسلامی خەیاڵی زۆر خاوەو بە هەڵە چووە. کەریمی لە پێوەندی لەگەڵ درێژەپێدانی



سیاسەتی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی دا ئاماژەی بە هاوکاری ئێران لەگەڵ گرووپە تیرۆریستیەکانی وەك حەماس، حیزبوڵڵا، جیهادی ئیسلامیی لوبنان و دەستێوەردانی ئاشکرای ئەو ڕێژیمە لە عێراقی ئازاد کراودا کرد. ناوبراو هەروەها وتی کارو کردەوە تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئاکامی پێچەوانەی بۆ ڕێژیم بە دواوە بووە. چونکی لە لایەك تووشی رووبەروو بوونەوە لەگەڵ کۆمەڵی نێودەوڵەتی بووەتەوەو لە لایەکی دیکەشەوە بۆتە هۆی گەشەسەندنی بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە کوردستان. پێویستە بگوترێ کاك کەماڵ کەریمی لە کۆتایی وتەکانیدا یادێکی لە کادری بەوەجی کۆچ کردووی حیزبەکەمان کاك عوسمان ڕەحیمی کردەوە کە ساڵێك لەمەوبەر کۆچی دوایی کرد.

لە درێژەی ئەو ڕێورسمەدا پەیامی یەکیەتی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن ڕەسووڵ سوڵتانی خوێندرایەوە. خوێندنەوەی پارچە شێعرێکی شاعیری خوالێخۆشبوو " حەسیب قەرەداغی" کە بەم بۆنەیەوە هۆنرابۆوە برگەیەکی تری ڕێوڕەسمەکەی پێك هێنابوو. دوایین برگەی ئەو ڕێوڕەسمە سروودی "سادق شەرەفکەندی" بوو کە لەلایەن کۆڕی هونەریی حیزبەوە پێشکەش کرا.

# پۆلێکی دیکە لە لاوانی کورد بەرگی پیرۆزی پێشمەرگەیان پۆشی

ڕۆژی پێنجشەممە ٢٨ی خەرمانان، کاتژمێر ١٠ی سەر لە بەیانی، جەژنی کۆتایی هاتنی دەورەی ١٨٤ی سەرەتایی فێرگەی سیاسی ـ نیزامی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بە دەورەی شەهیدانی ٢٣ی گەلاوێژ ناودێر کرابوو بە بەشداریی ئەندامانی ڕێبەرایەتیی، کادر و پێشمەرگە و بنەماڵەکانی حیزب و بەشدارانی دەورە لە بنکەی دەفتەری سیاسی حیزب بەڕێوەچوو.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتی "ئەی ڕەقیب"و ڕێژەی نیزامی لە لایەن بەشدارانی دەورە دەستی پێ کرد.

لە برگەی دووهەمی ڕێوڕەسمەکەدا خالید وەنەوشە جێگری کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان قسەی بۆ بەشداربووان کرد.

بەڕێز خالید وەنەوشە لە بەشێکی قسەکانی دا سەبارەت بە بەردەوامبوونی خەباتی پێشمەرگانە وتی: نابێ پێمان وابێ کە قۆناغی خەباتی چەکداری بە سەر چووە، بەڵکوو تا ئەو کاتەی زوڵم و زۆری و داگیرکار لە کوردستاندا خەباتی پێشمەرگانە هەر دەبێ و هەر دەمێنێ.

برگەکانی دیکەی ڕێوڕەسمی کۆتایی هاتنی دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە بریتی بوون



لە:

- خوێندنەوەی پەیامی ئامووزشیی فێرگە لە لایەن ڕەحمان خوسرەوی

- دانی خەڵات بە چەند بەشداربوویەکی دەورە کە توانیبوویان بە هەوڵ و تێکۆشانی زیاتر پلەکانی یەك تا سێ بۆ خۆیان تەرخان بکەن.

— خوێندنەوەی پەیامی بەشدارانی دەورە لە لایەن یەکێك لە بەشدارانی دەورەوە

— چەند گۆرانییەك لە لایەن بەشدارانی دەورەوە کە بە هاوکاریی کۆڕی هونەری حیزب پێشکەش کردان.

— شایانی باسە کە ئەو ڕێوڕەسمەکە نزیك بە دوو کاتژمێری خایاند لە نێو شایی و هەڵپەڕکێی بەشدارانی ڕێوڕەسمەکەو دەورەدا کۆتایی پێ هات.

# کرماشان هێزەکانی ڕێژیم لە جێگۆڕکێی دان



بە پێی ئەو هەواڵانەی لە ناوچەی کرماشانەوە گەیشتوون ڕێکەوتی ٢٨ی گەلاوێژ لەشکرەکانی ٢٨ی کوردستان و ١٦ی قەزوێن و ٨٦ی ورمێ کە ماوەیەك لەمەوبەر هاتبوونە پارێزگاری کرماشان و شارەکانی سەر پێلی زەهاو گەڕانەتەوە شوێنەکانی خۆیان. بە پێی زانیارییەکان ئامانج لە هێنانی ئەو لەشکرانە ناسینی ناوچە بووە بەو مەبەستە کە لە کاتی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن یان هێزە بیانییەکان بۆ ئەم ناوچانە راگوێزرێن.

# دەسبەسەرکرانی ٧ هاوڵاتی لە گوندی سیوچی بانە

هێزەکانی سوپای پاسدارانی ڕێژیم ڕۆژی ٢٢ی خەرمانان پەلاماری گوندی سیوچ لە ناوچەی بانەیان داو پاش ئەوەی چوونە سەر ماڵی دانیشتوویەکی ئەو گوندە بە ناوی مەحموود سەلیمی، خاوەن ماڵ و ٧ کەس لە میوانەکانی بە ناوەکانی مەحموود سەلیمی، عوسمان کەریمی، سەعید محەمەدی و ٥ کەسی دیکە کە لە شاری سنەوە بە میوانی هاتبوون، کە سێ کەسیشیان ژن بوون و ناوەکانیان نەزانراوە دەستبەسەر و راپێچی



بەندیخانەی ئیدارەی ئیتلاعات دەکەن.

تا ئێستا هۆکاری دەسبەسەرکرانی ئەو چەند کەسە نەزانراوە

# ئەنوەر حسێن پەناهی لێوەکانی خۆی دەدروێ

ئەنوەر حسێن پەناهی بەندکراوی مەحکوم بە ئیعدام بڕیاری داوە بە نیشانەی ناڕەزایەتی لێوەکانی خۆی بدروێ. بەپێی هەواڵێك کە کومیتەی پشتیوانی لە مانگرتنی سیاسی و مەدەنیی کورد بڵاوی کردۆتەوە ئەنوەر حوسێن پەناهی لە پەیامێکدا کە رووی قسەی لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی و ویژدانە بێدارەکانی جیهان بووە وتوویەتی: ئەگەر



دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی وەڵامی داخوازییە یاسایی و رەواکانی مانگرتووانی کورد نەداتەوە، بە نیشانەی ناڕەزایەتی لێوەکانی خۆی دەدوریێ.

ئەنوەر حسێن پەناهی هەر لە ڕۆژی یەکەمی دەستپێکردنی مانگرتنی بەندکراوانی سیاسی و مەدەنیی کورد مانی لە خواردن گرتووەو بەم هەڵوێستەی دەیەوێ پێبنێتە قۆناغێکی نوێ لە مانگرتنەوە.

## ڕوونکردنەوە

لە ژمارەی پێشووی "کوردستان"دا (٤٩٣ ـــ ل ٤) لەگەڵ هەواڵی "تەندروستی ڕووناك سەفارزادەو حەبیبوڵڵا لەتیفی لە مەترسی دایە"دا لە جیاتی وێنەی حەبیبوڵڵا لەتیفی وێنەی کەسێکی دیکە بڵاو کراوەتەوە. بەم هۆیەوە داوای لێبووردن لە خوێنەرانی "کوردستان " دەکەین.

**کەماڵ کەریمی:**

# خەڵکی کوردستان بە لە دەستدانی ئەو ڕێبەرانەیان تەسلیمی ئیرادەی جمهووریی ئیسلامی نەبوون

### دەقی قسەکانی بەڕێز کەماڵ کەریمی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب

## لە ڕێوڕەسمی ٢٦ی خەرمانان ١٦ ساڵەی تیرۆری میکۆنووس دا



**هاوڕێیانی خۆشەویست!**
**خوشك و برایانی بەڕێز!**
**پێشمەرگە قارەمانەکانی حیزبی دێموکرات!**

٢٦ی خەرمانان وەبیرهێنەرەوەی ڕووداوێکی کارەساتباری تاڵە لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی گەلی کورددا. هێشتا برینی سارێژ نەبۆوەی شەهید بوونی دوکتور قاسملو لە جەستەی میللەتەکەمان دا، هێشتا ئاسەواری لەدەست دانی ڕێبەرێکی شەهید، هێشتا خەم و پەژارەی میللەتێکمان لە ڕووداوێکی تاڵ لە مێژووی میللەتەکەمان دا لە بیر نەچووبۆوە، کە بەداخەوە لە ٢٦ی خەرمانان دا یەکێکی دیکە لە ڕێبەرانی نەتەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان شەهید بوو. ٢٦ی خەرمانانی ساڵی ١٣٧١ کاتێك کە د.شەرەفکەندی و هاوڕێکانی کاك فەتاح عەبدولی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، کاك هومایون ئەردەڵان کادری بەوەجی حیزبی دێموکرات و بەرپرسی حیزب لە ئاڵمان بە سەردانێکی ڕەسمی چووبوونە ئاڵمان بۆ بەشداری لە کۆنگرەی ئەنترناسیۆناڵ سوسیالیستیدا، لە شەرایەتێکی وا دا کە ڕەنگبو ئەوەی عاقڵانە بیری لە کێشە سیاسی‌یەکان دەکردەوە، بیری لەوە نەدەکردەوە کە لە ئاڵمانێك کە لە پێتەختەکەی، گەورەترین حیزبەکانی دنیا کە ئەندامی ئەنترناسیۆناڵ سوسیالیست بوون، ئەو حیزبانەی کە بەشێکی بەرچاویان لانی کەم لە ئورووپادا دەسەڵاتی سیاسیی وڵاتی خۆیانیان بە دەستەوە بوو کۆببوونەوە هەتا چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ئەو کۆبوونەوە جیهانییەو نەتایجەکەی بە دنیا ڕابگەیەنن، ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی ریسکی ئاوا بکەن، کە بچن لەو شارەدا دیسانیش کاری تیرۆریستی ئەنجام بدەن. بەڵام ئەو کردەوەیەی کۆماری ئیسلامی دەریخست ( هەر وەکو بۆ هەمیشە دیار بوو) کە ئەوان هیچ سنوورێکیان بۆ دەستدرێژییەکانیان دژی مرۆڤایەتی نیەو ڕەنگبێ بۆیان ئاسان بێ لەو جێگایانەی ئینسانەکان دڵنیاترن، ئەوان ئاسانتر گیانیان لێ‌بستێنن و کارە تیرۆریستەکانی خۆیان بەجێ بگەیەنن. هەر بۆیە بەدوور لە ئینتزار بەداخەوە لە ٢٦ خەرمانانی، ١٦ ساڵ لەوە پێشدا جارێکی‌تر دەستی ڕەشی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی گەیشتە گیانی ڕێبەران و هاوڕێکانی حیزبیمان لە وڵاتی ئاڵمان و ئەوانیان شەهید کرد. لەگەڵ ئەوان باشە لەبیرمان نەچێ دۆستی وەفاداری حیزبی دێموکراتی کوردستان نووری دێهکوردی کە پێ‌بەپێ بۆ هەموو کارەکانیان دەگەڵیان بوو ئەویش لەوێ شەهید بوو. ڕەنگبێ ئەگەر باس لە هەلومەرجی سیاسیی ئەو کاتە بکەینەوە، زۆر ئاسایی بێتە بەرچاو کە کۆماری ئیسلامی ڕۆژێ لە ڤیەن، ڕۆژێ لە بێرلین، لە بێرن، لە پاریس، لە لەندەن، لە هەر یەك لە پێتەختەکانی وڵاتانی ئورووپایی یان لە هەر گۆشەیەکی دنیا، کە بۆی کرابێ کاری تیرۆریستی ئەنجام دابێ و ڕێبەران و کەسایەتییە ناسراوەکانی بزووتنەوەی ئێران و بە تایبەتی کوردی لەبەین بردبێ.

ئێران ساڵی ١٣٧١ پێی نابووە قۆناخێکی نوێ دوای چوار ساڵ لە تەواو بوونی شەڕ لەگەڵ عێراق. دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی کە ڕەفسەنجانی ڕێبەریی دەکرد، بەرەو دەستپێکردنی قۆناخی دووەمی دەسەڵاتداریی خۆی دەچوو. لە هەلومەرجێکدا بوو کە دروشمە ئابووری و سیاسییەکانی توانیبووی چاوی پڕتەماحی سیاسییەکانی دنیای دەرەوەو بە تایبەتی ئورووپاییەکان پڕ بکا. دەورانی بازسازی، دەورانی سازەندگی، دەورانی کرانەوەی بازاڕی ئێران بە ڕووی دنیای دەرەوە، دەورانی کێشانی کۆمپانیا گەورەکانی دنیای دەرەوە، بە تایبەتی ئورووپاییەکانی گەیاندبووە قەناعەتێك کە ئێران بەرەو سازەندگی، کراوەیی سیاسی دەڕواو بازاڕێکی زۆر باش دەبێ بۆ ئەوەی ئەوانیش قازانجی خۆیان کە هەمیشە گرینگیی زیاتریان پێداوە لە مەسەلە گرینگەکانی مرۆڤایەتی بە دەست بێنن. هەر بۆیە ئەو وەزعیەتە سیاسییە، ئەو فەزایەی دروست کردبوو کە کۆماری ئیسلامی بە بێ ترس لە هەر جۆرە وەدووکەوتنێکی نێونەتەوەیی، بە بێ‌ترس لەوەی کە تیرۆریستەکانی ئازار بدرێن، تیرۆریستەکانی بگیرێن، یا ببنە هۆکارێك کە لە ئاکامی ئەو کردەوە تیرۆریستیانەدا ئەوان بە جۆرێك پێیان بکێشرێتە نێو مەحکەمە نێونەتەوەییەکان. ئەوان بە بێ‌ترس دەستدرێژییان دەکردە سەر موخالفینی خۆیان و ڕێبەرانی ئۆپۆزیسیۆن لە ئورووپا بە تایبەتی و، لە وڵاتانی دیکەی جیهان. تیرۆری ڕێبەری شەهیدمان د. قاسملوو و هەڵوێستی زۆر نابەحەق و نابەجێی دەوڵەتی ئوتریش کە بە تیرۆریستەکانی دوو دەستی تەقدیمی جمهووریی ئیسلامی کردەوە، ڕەنگبێ یەکێك لەو هۆکارانە بێ کە جمهووریی ئیسلامیی تووشی سەرکێشی زیاتر کرد. تەسلیم بوونی دەوڵەتی فەرانسە بە جمهووریی ئیسلامی و تەحویلدانەوەی تیرۆریستەکان، بێ‌دەنگیی دەوڵەتی سویس، بێدەنگیی دەوڵەتی ئیتالیا، لە موقابل تیرۆری ڕێبەرانی ئۆپۆزیسیونداو... بێ‌گومان وای کردبوو کە جمهووریی ئیسلامی و ڕێبەرانی تیرۆریستی جمهووریی ئیسلامی هان بدا بۆ ئەوەی بە بێ‌ترس دەست بۆ تیرۆرێکی ئاوا ناجوامێرانەی دیکە ببەن. بەڵام ئەوەی کە جیاوازییەك هەبوو لە بەینی ڕووداوەکانی پاش تیرۆری د. شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لەگەڵ باقی تیرۆرەکانی‌تر، ئەوە بوو کە بۆ یەکەم جار دەزگای قەزایی ئەڵمان، کە بە دەزگایەکی قەزایی سەربەخۆ ناسراوە زۆر بەجیدی و ڕاشکاوانە شوێن ڕووداوەکە کەوت هەتا ئەو جێگەی کە دوای سێ ساڵ و نیو ئاکامی لێکۆڵینەوەو تەحقیق لە تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی (کە بازداشت کرابوون)و لە شاهیدەکانی ئەو ڕووداوە، بڕیارێکی ئازایانەی دا ئەویش مەحکووم کردنی ڕێبەرانی جمهووریی ئیسلامی بۆ ڕێبەری کردن و تەرحی ئەو تیرۆرە بووە کە لە بێرلین، لە ریستورانی میکونووس ڕووی دا. هەدەفی جمهووریی ئیسلامی لەم تیرۆرانە نە تەنیا لەبەینبردنی تاکەکان بوو، نە تەنیا لەبەینبردنی ڕێبەران و کەسایەتییەکان بوو، بەڵکوو ئەوان هەدەفێکی زۆر گەورەتریان تەعقیب دەکرد. کۆماری ئیسلامی هەوڵی دەدا بە لەبەینبردنی ڕێبەرانی ناسراوو موئەسیری نێو بزووتنەوەی کورد، هەم پردی نێوان نەسلەکانی پێشوو لەگەڵ نەسلەکانی داهاتوو بڕووخێنێ و هەمیش پێیان وابوو کە دەتوانن لەو ڕێگەیەوە حیزب فەلەج بکەن و وورەی پێشمەرگەکان و ئەندامان و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەم ڕێگەوە دابەزێنن و یا ئەوەی ترسێك بخەنە دڵی خەڵکەوە کە ڕێگەی درێژەدان بە خەبات و بزووتنەوەی کورد بگرن.

شەهید بوونی د. قاسملوو کە ڕەنگبێ یەکێك لە ڕووداوە هەرە تاڵەکانی بزووتنەوەی کورد بێ و شایەد بە جۆرێك ئەو وەختەی کە شەهید بوو زۆر کەس گومانی ئەوەی دەکرد کە دوای د. قاسملو بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان بە جۆرێك تووشی شکستێك ببێ کە نەتوانێ سەرهەڵبێنێتەوەو بە دوای ئەودا شەهید بوونی دوکتور سەعید، کە بە حەق تەنیا کەسێك بوو کە بە ماندووبوون و ئیرادەی خۆی و بە پشتگیریی هاوڕێیانی حیزبی یارمەتیی ڕێبەران و کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان توانی زۆر زوو نیشانی بدا کە جێگرێکی بە حەقی دوکتور قاسملوو بووە. ئەو تێکۆشانەی بە دوای شەهید بوونی ئەو دوو ڕێبەرە مەزنەدا لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دیترا، دەریخست کە جمهووریی ئیسلامی زۆر زۆر لە هەڵەدا بووە. ڕاستە لەدەستدانی ڕێبەران بۆ حیزبێکی سیاسی وەك حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە شەرایەتیی سەختی موبارێزەدا بووو بۆ میللەتێکی وەکوو کورد کە لە ژێر گەورەترین پیلانەکانی سەرکوتکردن دابوو، کارەسات بوو. ڕاستە زەربەیەك بوو کە حەق بوو زۆر کەس تەوەقوعی ئەوە بکەن کە کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ژێر قورسایی بارەکەی‌دا سەر هەڵنەهێننەوە. بەڵام تێکۆشانی کادر و پێشمەرگەکان، ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزب بە گشتی بەخەمەوەبوونی هەموو میللەتی کورد بۆ لەدەستدانی ئەو دوو ڕێبەرە، وای کرد کە ببنە پاڵپشتێکی گەورە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ جمهووریی ئیسلامی و ڕاگرتنی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لەو ڕێگە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ درێژەپێدان بە خەباتی نەتەوایەتی. ئەگەر د. قاسملووو د. سەعید بە دوای ئەودا لە دەست حیزبی دێموکراتی کوردستان چوون، بەڵام مێژوو پێمان دەڵێ کە لەدەستدانی ئەوان، شەهید بوونی ئەوان گەلێك دۆستی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانیش پەیدا کرد. پشتیوانی‌یەکی یەکجار زۆری بۆ بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەدەست هێنا. بەڵام دوای تیرۆر کردنی ڕێبەران دا ئێستا ئاسەوارەکەی چۆن دەبینین. ڕاستە ئەو دەم باسمان کرد کە ئاسەواری زۆر خراپی دانا، لانیکەم بۆ کورت ماوەش بێ. بەڵام ئێستا ئاکامی ئەو تیرۆرانەو ئاکامی سیستمی تیرۆریستیی جمهووریی ئیسلامی و درێژەدان بەو سیاسەتە لە ساڵانی دوورو درێژی تەمەنی خۆی‌دا هەتا ئێستاش، وای کردوە کە دەبێ ئاسەوارە خراپەکانی لە سەر کۆماری ئیسلامی بخوێنینەوە نەك لە سەر بزووتنەوەی کوردو حیزبی دێموکراتی کوردستان. جمهووریی ئیسلامی لە درێژەی سیاسەتەکانی خۆی‌داو لە درێژەی هەوڵدان بۆ گیان ئەستاندنی ڕێبەرانی ئۆپۆزیسیۆن و بەتایبەتی ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات و ئۆپۆزیسیۆنی کوردی گەیوەتە جێیەك کە ئێستا ئیتر وەکوو قوربانیەکی سیاسەتەکانی خۆی مەجبوور بووە لە بەرانبەر پرسیارەکانی دنیای ئازادو کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەییەکاندا بمێنێتەوە. کۆماری ئیسلامی ئێستا بە هۆی ئەو کارە تیرۆریستانەی کە لە درێژەی تەمەنی خۆی‌دا هەر لە ساڵانی سەرەتاوە دەستی دایەو تا ئەو ساڵانەی ئاخریش دەستی لێهەڵنەگرتووە هەرچەند ئێستا وەك سیاسەت و بەرنامە دەستی لێ هەڵنەگرتووە ڕەنگبێ لە باری پراکتیکییەوە کارێکی جیددیی بۆ ئەو مەسەلەیە نەکردبێ لەو ساڵانەدا، بەڵام وەك سیاسەت هەیەتی، لە شێوازێکی‌تر دا سیمای تیرۆریستیی خۆی نیشانی دنیای دەرەوە دا. ئەویش بە دەستدرێژی کردن بۆ سەر وڵاتانی دەرەوە بە ناردنە دەرەوەی تیرۆریزم بۆ وڵاتانی دەوروبەرو دووردەستی خۆی. هاوکاریی جمهووریی ئیسلامی لەگەڵ تیرۆریستەکانی حیزبوڵڵا، حەماس، جیهادی ئیسلامی لە لوبنان، هاوکاری ئاشکرای جمهووریی ئیسلامی لە پەرەپێدان و پەرەگرتنی کارە تیرۆریستەکان لە عێراقی دوای ئازاد بوونی لە ساڵی ٢٠٠٣دا نموونەیەکن لەم سیاسەتە. هەر ئەو ڕۆژانە خەبەری ئەوە بڵاو بۆوە کە کۆمەڵێکی زۆر چەك و تەقەمەنی گیراون کە هەموویان ئارمی جمهووریی ئیسلامی‌یان بە سەرەوەیەو چەند کەسێك لە نێو ئەو کۆمەلە تیرۆریستانەی کە لە جنووبی عێراق گیراون، بە ڕەگەز ئێرانین و سەر بە سوپای قودسن. هەوڵەکانیان بۆ تێکدانی وەزعی ئەفغانستان لە دوای ئازاد بوونیان لە چنگی تالیبان، و لە هەر کۆیەك باس بکەین، لە بەحرین، لە کوەیت و دوورەدەستتر... زۆر وڵاتان دەکرێ ناویان ببەین کە جمهووریی ئیسلامی هەوڵی داوە بە کردەوەی تیرۆریستی و بە پیادە کردنی بەرنامە تیرۆریستیەکانی لەو وڵاتانەدا شکست بە بزووتنەوەی دێموکراسی‌خوازی و گەیشتن بە ئازادیی گەلان لەو وڵاتانەدا بێنێ. ئێستا کۆماری ئیسلامی بە هۆی ئەو کردەوە تیرۆریستانەوەیە کە لەگەڵ کۆمەڵی نێونەتەوەیی ڕووبەڕوو بۆتەوە. ڕاستە چەکی ئەتومی بەهانەی سەرەکییە بۆ وڵاتانی گەورە، بۆ شورای ئەمنیەت، بۆ سازمانی میللەل بۆ ئەوەی کە فشار بخەنە سەر ئێران، بەڵام مەترسییەکە ئەوەیە کە ئەگەر ئێران ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی، ئەویش لە خزمەت بەرنامە تیرۆریستەکاندا بە کار دێنێ. لە لایەکی‌ترەوە ئەگەر بێینە نێو کۆمەڵانی خەڵك، دەبینین ئەو کردەوە تیرۆریستیانەی کۆماری ئیسلامی و هەوڵدانیان بۆ لەبەینبردنی ڕێبەرانی ناسراوی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بۆتە هۆی ئەوەی کە جمهووریی ئیسلامی تووشی گرفتی سیاسی بکا، تووشی گرفتی قانوونی بکا لە نێو کۆمەڵی نێونەتەوەیی‌دا، لە لایەکی‌ترەوە بۆتە هۆی بەهێزبوونی هەستی شۆڕشگێڕی و نەتەوەیی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا. دەردەکەوێ ئەو هەدەفەی کە جمهووریی ئیسلامی بۆ لەبەینبردنی ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە شەهید کردنی ئەوان تەعقیبی دەکرد دەقیقەن نەتیجەی عەکسی داوە لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا. کۆمەڵانی خەڵك دوای ٢٠ ساڵ لە شەهید بوونی د. قاسملوو، دوای ١٦ ساڵ لە شەهید بوونی د. شەرەفکەندی، ئێستا وێنەو دروشمەکانی ئەوانیان کردۆتە ئاڵای خەباتی نەتەوایەتی‌و خەباتی شۆڕشگێڕی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئەمە دەری دەخا کە نەتەنیا خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە لە دەستدانی ئەو ڕێبەرانە تەسلیمی ئیرادەی جمهووریی ئیسلامی نەبوون، بەڵکوو جیددی ترو ڕق ئەستوورتر بۆ تۆڵەی ئەو شەهیدانەو سەرجەم شەهیدانی کوردستان لە مەیدانی خەبات دا درێژە بە کاری شۆڕشگێڕی‌و تێکۆشانی نەتەوەیی خۆیان دەدەن. بەو حیسابە جمهووریی ئیسلامی لە نەتیجەیەکی مەعکوسی کارە تیرۆریستەکانی دا لە لایەك ڕووبەڕووی کۆمەڵی نێو نەتەوەیی بۆتەوە لە لایەکیشەوە بۆتە هۆی گەشەسەندنی بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە کوردستان‌و سەرهەڵدانی نەتەوایەتی لە هەموو شارەکان‌و گوندەکانی کوردستان. بێ گومان ئەوە بێ تەئسیر نەبووە لە بەردەوامی کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە خەبات، جیددی بوونیان لە تێکۆشانی سیاسی‌و نەتەوەییان، سڵ نەکردنەوە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مەترسییەکان‌و بەجێ گەیاندنی ئەو دروشمەی کە تەنیا پاداش بۆ شەهیدەکانمان درێژەپێدانی ڕێگایانە. تێکۆشانی ئێوە، دڵسارد نەبوونەوەی ئێوەو جیددی بوونی کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆتە هۆی ئەوەی کە خەڵك دڵنیا بکاتەوە لەوەی کە ئەگەر حیزبەکەیان ڕێبەرەکانیشی لەدەست دەدەن، بۆ وەدیهێنانی ئامانجی ڕێبەرانی شەهیدو هەموو شەهیدەکانیان.

بۆلاپەڕی٤

# ١١ی سێپتامبر، ئەو ڕۆژەی مرۆڤایەتی هەژاند

ئاوات

مێژووی ململانێی نێوان هێزە دژ بە یەکەکان ئەوەندە دوورو درێژ و کەونارایە کە هەر ڕۆژێکی ساڵ بیرەوەرییەك یان چەند ڕووداوی گرنگی خۆش یان ناخۆشی تێدایە کە بۆ گەلێك، وڵاتێك، ناوچەیەك و جاری وایە بۆ تێکڕای کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کارتێکەرو شوێندانەرن. ١١ی سێپتامبری ٢٠٠٨ی زایینی یەکێك لەو ڕۆژانەیە کە بیرخەرەوەی زۆر ڕووداوی خۆش یان ناخۆشی بۆ ئەم یان ئەو وڵات و گەل و نەتەوە لە جیهان دایە. ئێمە لەم بۆنەیەدا ئاماژە بە تەنیا دوو ڕووداوی گرنگی ١١ی سێپتامبر دەکەین کە یەکیان زیاتر پێوەندیی بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کوردەوە هەیە و ئەوەی دیکەیان دەکرێ بڵێین کەم و زۆر بۆ هەموو گەلان و وڵاتانی جیهان خاوەنی گرنگی و بایەخی خۆیەتی.



چل و حەوت ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژی ١١ی سێپتامبری ١٩٦١ دا شۆڕشی ڕزگاریخوازانەی باشووری کوردستان بە ڕێبەرایەتیی پارتی دێموکراتی کوردستان هەڵ گیرسا. شۆڕشی ١٤ی ژووئیەی ١٩٥٨ی عێراق هیوایەکی گەورەی بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد لە عێراق دا لە دڵی ئەویندارانی ئازادی و بەرامبەری و دادپەروەری دا پێك هێنا. لە دەستووری کاتی ئەو سەردەمەدا بۆ یەکەم جار بە ڕاشکاوی گونجا کە عەرەب و کورد لە نیشتمانی عێراق دا هاوبەشن و بە جۆرێك دان بە بوون و مافەکانی گەلی کورددا هێنرا. بە دوای ئەوەدا زۆر هەنگاوی پێشکەوتنخوازانە بە ئاقاری جێبەجێکردنی بە کردەوەی ئەو ئەسڵە دەستووری یەدا هاوێژران: چالاکیی پارتی دێموکراتی کوردستان بە ڕەسمی ڕێگای پێ درا، بارزانی و بارزانی یەکان ڕێگایان پێ درا لە یەکیەتیی شۆرەوی ڕا بگەڕێنەوەو وەك قارەمانانی نیشتمانی پێشوازیان لێ کرا، خوێندنی کوردی لە قوتابخانەکان دا کە پێشتریش لە ئارادا بوو پەرەی پێ درا، ڕێگا بۆ دەرچوونی زۆر کتێب و گۆڤارو ڕۆژنامەی کوردی کرایەوەو لە یەك قسەدا ئازادی‌یە دێموکراتی‌یەکان لە کوردستان و سەرانسەری عێراق دا بووژانەوە. بەڵام ئەم وەزعە زۆری درێژە نەکێشاو بەدنەی بەدخوازانی خەڵکی عێراق و دوژمنانی هەر دوو نەتەوەی کوردو عەرەب و لە ژێر کاریگەریی دراوسێکانی عێراق دا کە لە هاتنە دەری ئەم وڵاتە لە پەیمانی سەنتۆ هەروەها لەوەش زیاتر، جۆرێك بە ڕەسمی ناسینی ماف و ئازادی‌یەکانی گەلی کورد قەڵس بوون، حکوومەتی عەبدولکەریم قاسم بەرە بەرە ئازادی‌یەکانی بەرتەسك کردنەوەو دەسکەوتەکانی نەتەوەی کوردی وەرگرتنەوە، تا کار گەیشتە داخستنی ڕۆژنامەی خەبات ئۆرگانی پارتی دێموکراتی کوردستان و گرتنی چەند کەس لە ڕێبەرانی بزوتنەوەی کورد. لەوێ دا ڕێگایەك جگە لە بەرەنگاری بۆ کورد نەمایەوە و ئەوە بوو کە لە ڕۆژی ١١ی سێپتامبری ١٩٦١ دا ڕاپەڕین و بەرەنگاریی چەکدارانەی کورد بە سەرۆکایەتی سەرکردەی بە ناوبانگی کورد مەلا مستەفای بارزانی هەڵگیرسا. شۆڕشی ئەو قۆناخەی نەتەوەی کورد کە لە مێژوودا بە شۆڕشی ئەیلوول ناسراوە، شوێنەوارێکی گەورەی لە سەر چارەنووسی گەلی کورد لە عێراق داناو لەوەش زیاتر وشیاریی نەتەوایەتی و هەستی هاوپێوەندیی لە نێو کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان دا بەرەو ژوور برد، بە جۆرێك کە تێکۆشەرانی کورد لە هەموو بەشەکانەوە ڕوویان کردە باشووری کوردستان و شان بە شانی خەباتگێڕانی ئەو بەشە لەو شۆڕشەدا بەشداربوون. شۆڕشی ئەیلوول بە قۆناخی جۆراوجۆردا تێ پەڕی و هەورازو نشێوی زۆری تاقی کردنەوە، تا سەرەنجام پاش تێپەڕینی ٩ ساڵ و نیو، لە یازدەی مارسی ١٩٧٠ دا ڕێککەوتنامەی مێژوویی نێوان سەرکردایەتی بزوتنەوەی کورد و حکوومەتی عێراقی لێ کەوتەوە، کە لەودا بۆ یەکەم جار لە بەشێکی کوردستان دا ماف و ئازادی یەکانی گەلی کورد لە شێوەی ئۆتۆنۆمی دا بەڕەسمی ناسران. ڕاستە حکوومەتی ئەو کاتی عێراق پاش ئەوەی خۆی لە تەنگانە دەرباز کرد و جێ پێی خۆی قایمتر دیت لەو ڕێکەوتننامەیە پاشگەز بووەوە، بەڵام شۆڕشی ئەیلوول و ڕێککەوتننامەی ١١ی مارسی ١٩٧٠ وەك لوتکەی دەسکەوتەکانی ئەو شۆڕشە بۆ هەتا هەتایە لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد دا بە زیندوویی دەمێننەوە.

ڕاست چل ساڵ دوای ١١ی سێپتامبری ١٩٦١ لە ڕۆژی ١١ی سێپتامبری ٢٠٠١ی زایینی دا دنیا شاهیدی ڕووداوێکی زۆرگەورەتر بوو کە بە جینایەتێکی سامناك لە گەورەترین و بە دەسەڵات ترین وڵاتی دنیادا ڕووی دا. لەو ڕۆژەداو بە نەخشەیەك کە دەرکەوت چەندین ساڵ کاری لە سەرکراوە چەند تیرۆریستێکی پیشەیی لە ماوەیەکی کورتی نیوساعەتی دا چوار فڕۆکەی گەورەی نەفەرهەڵگریان ڕفاند کە دوویان خۆیان بە بورجی بازرگانیی جیهان لە نێویۆرك دا دا، یەکیان خۆی بە وەزارەتی بەرگری ئەمریکا لە واشینگتۆن دا دا و چوارەمیان لە ئاکامی بەربەرەکانیی موسافیرەکان دا لە ئاسمانی ویلایەتی پینسیلوانیا تەقیەوەو لە سەر یەك لەو ڕووداوە سامناکەدا نزیك بە سێ هەزار کەس لە زمان و ئایین و گەل و نەتەوەو وڵاتی جۆراوجۆر گیانیان لە دەست داو چەندین میلیارد دۆلار زیانی ماڵیی لێ کەوتەوەو شوێنەوارێکی وێرانکەری ڕووحی و ڕەوانیشی لە دوای خۆی بەجێ هێشت. ئەگەرچی جینایەتی ١١ی سێپتامبری ٢٠٠١ لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دا ڕووی دا، بەڵام گەورەیی تاوانەکەو جۆراوجۆریی نەتەوەیی و نەژادی و ئایینیی قوربانی‌یەکانی بە جۆرێك بوو کە هەموو مرۆڤایەتیی پێشکەوتووی بە سەر یەکەوە هەژاندو لە ڕاستیدا جیهان بە هەموو پانی و بەرینیی خۆیەوە لەرزاند. تیرۆریستە دڵڕەشەکان بەو کردەوەیە پەیڕەوانی هەموو ئایین و مەزهەبەکان و خەڵکی هەموو وڵاتانی جیهان و هەڵگرانی هەموو جۆرە بیرو باوەڕێکیان وەك یەك و بە سەر یەکەوە کردە ئامانجی جینایەت و هەر بەو پێیەش ڕق وبێزاری و دژمنایەتیی هەموانیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشا. کارەساتی ١١ی سێپتامبری ٢٠٠١ زەنگێکی مەترسی بوو کە زۆر لایەن و بە تایبەتی دەسەڵاتە مەزنەکانی لەخەو ڕاپەڕاندو ئەو مەترسی‌یەی پێ نیشان دان کە هەڕەشەی لە هەموو مرۆڤایەتی دەکرد. هەر بۆیە ١١ی سێپتامبری ٢٠٠١ بوو بە سەرەتای هەڵگیرسانی بەربەرەکانی‌یەکی سەخت و بەر درێژ کە مەیدانەکەی بە سنووری وڵاتان بەرتەسك نابێتەوەو بە جۆرێك سروشتی بەربەرەکانییەکی جیهانیی بە خۆوە گرتووە. لایەنێکی ئەو بەربەرەکانی‌یە هێندێ هێزی دواکەوتووی دژی پێشکەوتنەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگای مرۆڤایەتین کە لە کردەوەی دژی ئینسانی دا هیچ سنوورێکی ئەخلاقی و نێونەتەوەیی ناناسن و لایەنی دیکەشی مرۆڤایەتیی پێشکەوتوویە بە هەموو ڕەنگ و نەژادو نەتەوە و ئایین و مەزهەبەکان و بیرو بۆچوونەکانیانەوە. لە ماوەی ٧ ساڵی ڕابردوودا شەڕی تیرۆرو دژە تیرۆر لە سەرانسەری جیهان دا بە هەزاران و بگرە دەیان هەزار قوربانیی لێکەوتۆتەوە. کەچی هێشتا ئاسۆیەکی ڕوون بۆ کۆتایی هاتنی و بۆ تەواو بوونی دیاردەی تیرۆر یان باوەڕ بە تیرۆر بەدی ناکرێ. هۆیەکەش ڕەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە بەرەی جیهانیی دژە تیرۆر هێشتا نە پێناسەیەکی ڕوون و وەك یەکی بۆ تیرۆر و تیرۆریزم و تیرۆریست هەیەو نە بەرنامەیەکی جێگای پێك گەیشتنی هەموانی بۆ ئەو بەربەرەکانییە داناوە. بەو حاڵەش گومان لەوەدا نیە کە ئەو خەباتە تا سەرکەوتنی یەکجاری دەبێ درێژەی هەبێ و نابێ ڕێگا بدرێ لە ڕێگای تیرۆرەوە ڕەشترین هێزەکان و بیروباوەڕەکان بە سەر ڕووناکایی و پێشکەوتن و بە سەرکۆمەڵگای بەشەری دا زاڵ بن، حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکێك لە بەرچاوترین قوربانیانی دیاردەی دزێوی تیرۆریزمەو هەر بۆیەش لەو خەباتە جیهانییەدا خۆی لە بەرەی ئاشتی و ئازادی و پێشکەوتن و دێموکراسی دا دەبینێ و توانیویەتی و دەتوانێ ئەرکی خۆی لەو پێناوەدا وەئەستۆ بگرێ.

---

**دریژەی:**

## وتەکانی کاك کەماڵ کەریمی لە ڕێوڕەسمی ١٦ ساڵەی تیرۆری میکۆنووس دا

هاوڕێیان! لە درێژەی ئەو تێکۆشانەی کە بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەیبووە چەند مانگێکە کە ئێمە کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستانمان بە ئەنجام گەیاندوە بەرنامەکانی کۆنگرەی ١٤ بەشێکی ڕاست پێوەندیی بەوەوە بوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستان چۆن دەڕوانێتە خەباتی نەتەوایەتی - شۆڕشگێڕی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو چ بەرنامەیەکی بۆ دەبێ. تەنیا خاڵێك کە دەمەوێ لەو بوارەوە ئیشارەی پێ بکەم بڕیارەکانی کۆنگرەی چواردەن بۆ جیددی بوونمان لە خەباتو بەشداریی ڕاستەوخۆی کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە تێکۆشان لە نێو خاکی کوردستانو لە نێو وڵاتی خۆیان دا.

ئەو بەرنامەیەی کە چەند مانگێکە بە تێکۆشانو بە زەحمەتو ماندوو بوونی بەرپرسانی ئەو کارەو فیداکاری بێ وێنەی کادرو پێشمەرگەکانی حیزب بۆ بەشداریو چالاك کردنی خەبات لە نێوخۆی وڵات بە باشی بەڕێوەچووە. بێ گومان ئەو ماندوو بوونە، ئەو فیداکارییەی ڕۆڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان چ لێرەو چ لە نێوخۆی وڵات تەئسیری یەکجار زۆری هەبووە لە گەشەپێدانو بەشداریی زۆرتری خەڵکی کوردستان لە بزووتنەوەی ڕەوای گەلەکەمان دا. ئەوەی ئەمساڵ دیتوومانە [بریتی بووە لە] پێکەوەگرێدانی خەبات، خەباتی پێشمەرگایەتی، خەباتی تەشکیلاتی لە نێوخۆی وڵات دا، حوزووری کادرو پێشمەرگەکانی حیزب لە نێو کۆمەڵانی خەڵك داو تێکۆشانی بەرچاوی ئەندامانو لایەنگرانیو دۆستانی حیزب لە تێکڕای شارەکانی کوردستانو لە گوندەکانی کوردستان دا لە شێوەی کاری تەبلیغی، سازماندانی حەرەکەتە ئیعترازی-یەکان، بەشداری کردن لە ڕێپێوان و هەموو حەرەکەتێکی دژ بە کۆماری ئیسلامی. ئەو هاوپێوەندییە لە نێوان کادرو پێشمەرگەو لایەنگرانو ئەندامانی حیزب بۆتە هۆی گەشەسەندنێکی بەرچاو، لە خەباتمان دا لە نێوخۆی وڵاتدا. ئەمە ئەرکێك بوو کە ڕێبەرانی شەهید بیریان لێ کربۆوەو هەوڵیان بۆ دەدا. ئەگەر ئەوان نەماون بێگومان با دوژمنانمان ئیستا بزانن کە ڕۆڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەتا ئەو کاتەی کە ماون لە بەجێ گەیاندنی ڕێنماییەکانی ئەواندا دەرێغی ناکەن. لەبیریانە کە ڕێبەرانی شەهیدیان کاتی خۆی چ بەرنامەیەکیان داناوە کە لە قۆناغی گونجاودا دەبێ ئەو بەرنامانە جێبەجێ بکرێن. ئێستا جێی خۆشحاڵییە کە ڕۆڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کاتی یادکردنەوەی ئەو شەهیدانە دا لە هەموو جێیەکی کوردستان دا هەن و لە هەموو کۆیەکی کوردستاندا دەتوانن یادی ڕێبەرانیان بکەنەوە.

لە ساڵڕۆژی یاد کردنەوەی شەهید د. شەرەفکەندی و هاوڕێیانی دا، با یادێك بکەینەوە لە ڕۆڵەیەکی تێکۆشەری دیکەی حیزبەکەمان، کاك عوسمان ڕەحیمی، هاوڕێی خۆشەویستی هەمووتان کە ساڵێك لەمەوبەر ڕاست چەند ڕۆژ پێش یادکردنەوەی ١٥ ساڵەی شەهید بوونی د. شەرەفکەندی و هاوڕێیانی، ڕاست لەو ڕۆژانەدا کە جموجۆڵێك هەبوو کە ئەو یادکردنەوەیە بە گەرمی بەڕێوەبچێ، یەکێك لەو کەسانەی کە چالاکانە هەوڵی دەدا بۆ ئامادە کردنی کارەکانی ئەو ڕێوڕەسمە، بە داخەوە ماڵئاوایی لە ژیان کردو هەموومانی بەجێ هێشت. کاك عوسمان ڕەحیمی یەکێك لەو کادرە بەوەجانەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو کە بێگومان هەمووتان هەست دەکەین کە لە نێومان دا جێگەی خاڵی‌یە. بێگومان ئەمڕۆ کاك عوسمان لە نێومان دا بووبایە یەکێك لە ڕێبەرانی بەرچاوو کاراو تەئسیرگوزار دەبوو لە کاروباری حیزبەکەماندا. هیوادارم کە یادکردنەوەی هەموو هاوڕێیان و شەهیدو لەدەست چووان وەك هەمیشە هاندەر بێ بۆ هەموومان کە بۆ هەموو ساتێك لە ژیانی حیزبایەتیمان دا بیر لە وەدی هێنانی ئامانجەکانی ئەوان بکەینەوە. شەهید بوون و لەدەستدانی ئەو هاوڕێیانەمان، هەتا ئێستا نەیتوانیوە تەئسیری خراپ بکاتە سەر میللەتەکەمان، کەوابو دەبێ ئێمەش زیاتر هەوڵ بدەین هەر یادکردنەوەیەکی ئەوان، هەر وەبیرهێنانەوەیەکیان بیروبۆچوون و بەرنامەکانی ئەوانمان وەبیر بخاتەوەو لە درێژەی خەباتی حیزبی و سیاسیمان دا، و لە درێژەی هەوڵمان لە خزمەت کردن بە میللەتەکەمان، ڕێنماییەکانی ئەوان لەبیر نەکەین.

هیوادارم کە تێکۆشان و ماندووبوونی ئێوە ئازیزان ببێتە هاندەرێك، هاندەرێکی زیاتر بۆ هەموو خەڵکی کوردستان، بۆ بەردەوامیان لە تێکۆشانی سیاسی و نەتەوەییان داو ئەمە بمانگەیەنێتە ئەو ڕۆژەی کە لە ڕۆژی سەرکەوتن دا بە ڕێزێکی زیاترەوەو لە نێو میللەتەکەی خۆماندا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یادی هەموو شەهیدان و لەدەستچووانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بکەینەوە.

# ڕێبەرێکی نەتەوەیی و سیاسەتوانێکی شارەزا

رامبود لوتف پووری

**" کوردەکان ئەگەر شتێکیان زیاتر لە نەتەوەکانی دیکە نەوێ، کەمتریان ناوێ. ئەگەر لە ڕوانگەی مێژوویی و تیۆریکەوە چاو لە مەسەلەکە بکەین، دەبینین وڵاتێك کە ئەمڕۆ بەناوی ئێران ناسراوە، بە درێژایی مێژوو پێکهاتەیەك بووە لە نەتەوە جیاوازەکان، بەڵام هیچ شتێك هەتا هەتایی نیە. چ هۆیەك هەیە بۆ ئەوەی کە ئەگەر چەند نەتەوە ١٥٠٠ ساڵ پێکەوە ژیابن ئێستا نەتوانن لێك جیابنەوە. مەسەلەکە هەلومەرجی ئەمڕۆیە، ئەگەر دنیا لە حالی گۆڕان دایە، شتێکی سروشتییە کە دۆستایەتییەکان، ڕێککەوتنەکان، پێکەوە ژیانەکان و ڕوانینەکانیش هەر هەموویان دەگۆڕێن. جیا لە هەمووی ئەمانە هیچ ڕاستییەکی مێژوویی ناتوانێ ئەوە بسەلمێنێ کە نەتەوەکانی ئێران هەمیشە پێکەوە ژیاون. ئازەربایجان و ئەفغانستان و هتد هەر هەموویان جیا بوونەوە دنیاش نەڕووخا. بۆچی ئێستا بڤەیە." (١)**

ڕێبەری شەهید دوکتور سادق شەڕەفکەندی

**سەرەتا:**

یەکێك لە مەرجەکانی سەرکەوتنی هەر شۆڕشێك بوونی ڕێبەرییەکی زانا، شێلگیرو لێهاتووە. لە شۆڕشێکی نەتەوەییش دا بوونی ڕێبەرییەك کە بە تەواوەتی شارەزای مافەکانی نەتەوەکەی و میکانیزمەکانی خەبات و گەمەی سیاسی بێت و شێلگیرانە داکۆکیان لێبکات، پێویستییەکی حاشا هەڵنەگرە.

ڕێبەرێکی نەتەوەیی دەبێ پێش هەمووشتێك چەمك و دەستەواژە سیاسییەکان و چوارچێوەی حقوقیان بناسێت، واتە دەبێ بزانی دەستەواژەی نەتەوە چ پێناسەیەکی سیاسی هەیەو لەباری حقوقییەوە مافەکانی چن؟ نەك وەك هێندێك شێوە ڕێبەری ناشارەزا نەتوانێ سنوورە حقوقی و سیاسییەکانی قەوم و نەتەوە لێك بکاتەوە. پێویستە توانایی لێکدانەوەی دروست و ڕاستبینانەی هەلومەرجی سیاسی و دەوروبەری بۆ دیاری کردنی میکانیزمی گونجاوی خەبات هەبێت، سنوورەکانی تاکتیك و ستراتژی لێك بکاتەوەو شارەزای گەمەی سیاسی بێت.

مێژووی شۆڕشی نەتەوەیی کوردو بزاڤە ڕزگاریخوازانەکەی دەیان ڕێبەری شارەزاو ناشارەزای ئەزموون کردوە. بەداخەوە هەبوون و هەن ڕێبەرانێك کە ناشارەزا لە زانستی سیاسی، چوارچێوەی ماف و ئازادییەکانی نەتەوەکان نەناسیوە، خوێندنەوەیەکی وردو دروستیان لە هەلومەرجی سیاسی نەبووەو هەڕەمەکی میکانیزمی خەباتیان هەڵ بژاردوەو بە دیوێکی دیکەدا دەتوانین بێژین کەوتوونەتە نێو گەمەی سیاسییەوە. کەم نەبوون ئەو سەرۆك خێڵ و پیاوە ئاینییانەی کە بەبێ هیچ چەشنە بەکگراوەند و زانایییەکی سیاسییەوە بەهۆی هەندێك هۆکاری لاوەکی وەك پاراستنی دەسەڵات و ڕکەبەرایەتیی خێڵەکی یا داکۆکی لە نۆرم و بەها ئایینییەکان پەلکێشی بازاڕی سیاسەت و گۆڕەپانی خەبات کران و ئێستاش ئێمە وەك ڕێبەرانی شۆڕشەکەمان دەیانناسین. خەساری هەبوونی ڕێبەرانی لەم چەشنە کاتێك دەردەکەوێ کە بە سانایی فریو دەدرێن، بە لێکدانەوەی هەڵەی هەلومەرجی ناوەکی و دەرەکی و تێکەڵ کردنی تاکتیك و ستراتیژی و بەزاندنی هێڵە سوورە ستراتژیکە نەتەوەییەکان شۆڕش و قوربانیدانی نەتەوەکەیان لەبار دەبەن. بەڵام بێگومان ڕێبەرانێکیشمان هەبووەو هەن کە بە بڕواو زانایییەوە ڕیزەکانی خەباتیان هەڵ بژاردوەو بە هوشیارییەوە هاتوونەتە نێو گەمەی سیاسییەوە. ئەوانە ڕێبەڕانی نانەریتی، مۆدێڕن و پێشکەوتنخوازی کوردن کە دوکتور سادقی شەرەفکەندی سکرتێری شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش یەکێکیانە.

**دوکتور شەرەفکەندیو شارەزایی لە مافەکانی نەتەوەکەی:**

وەك پێشتریش باسم کرد یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ڕێبەرێکی لێهاتوو، شارەزاییەتی لە چەمکە سیاسییەکان و چوارچێوەی حقوقییان. ئەگەر ئەم تایبەتمەندییە وەك یەکێك لە بنەماکانی ڕێبەری لە بەرچاو بگرین و بمانەوێ کەسایەتیی دوکتور شەڕەفکەندی شرۆڤە بکەین، دەتوانین بێژین ئەم بنەمایە یەکێك لە کاراکتەرە هەرە سەرەکییەکانی کەسایەتیی سیاسی دوکتور شەڕەفکەندییە. بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییەش ئاماژەیە بۆ دوایین وتووێژی ئەو ڕێبەرە شەهیدە لەگەڵ عەلی کێشتگەر کە پووشپەڕی ١٣٧١ی هەتاوی لە ڕۆژنامەی "فیدایی" دا بڵاو بۆتەوە.

لە وڵامی یەکێك لە پرسیارەکانی کێشتگەردا کە دەیهەوێ بیسەلمێنێ لە پێناو پێکهێنانی بەرەیەکی ئێرانیدا دەبێ حیزبی دێموکرات تەنیا گرینگی بە دێموکراتیك بوونی بەرەکە بدات و لە سەر مافە نەتەوەییەکانی کورد پێداگری نەکات، دوکتور شەڕەفکەندی زانایانە جەخت لەسەر پێوەندی دێموکراسی و چارەسەری کێشەی نەتەوەیی دەکات و بایەخدان بە چارەسەریی کێشەی نەتەوەیی وەك یەکێك لە مەرجەکانی سەقامگرتنی دێموکراسی و یەکێك لە نیشانە سەرەکییەکانی دێموکراتیك بوونی بەرە ناو دەبات و دەڵێ: "ئێمە لەگەڵ هەموو پێکەوە بوونێکدا نین. ئێمە جارێك ئەوەمان ئەزموون کردوە. لە ڕاستی دا ئەگەر شتێك نەتوانێ بە شێوەیەکی دیاریکراو وڵامدەری کێشەکانی ئێمە بێت بێ مانایەو هیچی لێشین نابێت. لانیکەم ئەوە دیاری بکەین کە لەگەڵ چ لایەنگەلێکدا هاوکاری دەکەین و ئەگەر ڕۆژێك ئەم لایەنانە جێی ڕێژیمی ئێستا بگرنەوە چییان لێ دەکەوێتەوە. ئازادی و دێموکراسی دوو وشەی قورس و ناروونن، شایش باسی لە ئازادی دەکرد، هەر ئێستا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی مەگەر بە شێوەی خۆی باس لە ئازادی و دێموکراسی ناکات.

تەنیا ئیدعای دێموکراسی کێشەکان چارەسەر ناکات. مەسەلە لە ناوەرۆکی ئەم دێموکراسییەوەیە. بۆ وێنە کەسێك حاشا لە مافی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان و نەتەوەکانی دیکەی ئێران دەکات چۆن دەتوانێ دێموکرات بێت. بۆ هاوکاری لەگەڵ وەها هێزگەلێك هیچ هۆیەك نیە دیسان هەمان چیرۆکی ڕووخانی شا دووپات دەبێتەوە. من چۆن لەگەڵ هێزێکدا هاوکاری بکەم کە هەر لە ئێستاوە مافی دێموکراتیکی نەتەوەیی قبووڵ نیەو دژایەتی دەکات. کە دەبینێ ئێمە لەگەڵ سەڵتەنەتخوازەکان هاوکاری ناکەین هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە، چونکی ئەوان لە بنەڕەت و ناوەرۆکدا نادێموکراتیکن. زۆربەی ئەو هێزانەی دیکەش کە بە ڕواڵەت باس لە دێموکراسی دەکەن و نالێن کە مەبەستیان لە دێموکراسی چیە، مەسەلەکەیان هەر بە هەمان شێوەیە. لەگەڵ وەها یەکگرتووییەکدا لە باشترین حاڵەتدا دیسان دەگەڕێینەوە بۆ سەردەمی شاو زۆرێك لەو کەسانەی کە ئەمڕۆ ئیدعای دێموکراسی دەکەن لە ڕەزا پەهلەوییەوە بگرە تا سەڵتەنەتخوازەکانی دیکەو دێموکرات و نادێموکرات، هەر هەموویان، جیا لە گەڕانەوە بۆ سیستمێکی هاوشێوەی سەردەمی شا ئامانجێکی دیکەیان نیە. ئەوە چ قازانجێکی هەیە لە دوای ئەو هەموو ڕەنج و کوێرەوەرییە دیسان بگەڕێینەوە بۆ ئەوەی کە بووین؟ ئەگەر بڕیار وایە گۆڕانێك بێتە ئاراوە دەبێ لانیکەم چەند هەنگاوێك بەرەو پێش بێت" (٢) خاڵێکی دیکە کە لەم قسانەدا دەردەکەوێ کاراکتەری شۆڕشگێڕی و پێشکەوتنخوازبوونی دوکتور شەڕەفکەندی. وەك دەزانین شۆڕشی ڕاستەقینە گۆڕانێکی بەرەو پێشە، واتە هەموو گۆڕانێك ناتوانێ پەسندی شۆڕش و مرۆڤی شۆڕشگێڕ بێت، بەڵکوو بێ ئەم لاو ئەولا دەبێ هەڵگری تایبەتمەندیی نوێبوونەوەو پێشکەوتنخوازی بێت. کەوابوو وەك ڕێبەری شەهید ئاماژەی پێدەکات، گۆڕانێکی پاشڤەڕۆیانە کە مافە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانی نەتەوەی کورد دەستەبەر نەکات، تەنیا بەفیڕۆ چوونی خەبات و تێکۆشانەو هیچ قازانجێکی نابێت.

**بۆچوونی دوکتور شەڕەفکەندی سەبارەت بە میکانیزمی خەبات:**

وەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ڕێبەرێکی مۆدێڕن ئەوەیە کە لە دیاری کردنی میکانیزمی خەباتدا ڕاستبینانە هەلومەرج و بارودۆخی دەوروبەر هەڵ دەسەنگێنێت و بەبێ ئەوەی سنووری

**سەبارەت بە وەیکە خەڵکی کوردستان بیانەوێ لە ئێرانێکی دیمۆکراتیکدا بمێننەوە یا نا، تەنیا دەبێ پرس بە خەڵکی کوردستان بکرێ."**

تاکتیك و ستراتیژی تێکەڵ بکات، میکانیزمی گونجاو هەڵبژێرێت. بۆ وێنە لە هەلومەرجێکدا کە دەرەتانی خەباتی مەدەنی و ناتوندوتیژ هەیە ئاگری شەڕی چەکداری هەڵ ناگیرسێنێت و بە پێچەوانەش لە کەش و هەوایەکی داخراوو میلیتاریزە کراودا ساویلکانە ناکەوێتە نێو وەهمی خەباتی مەدەنی و خەباتی چەکداری ڕەد ناکاتەوە. لەو بارەوە دوکتور شەڕەفکەندی لە هەمان وتووێژدا دەڵێ: "لە ڕاستیدا کێشەی حیزبی دێموکرات و هیچ حیزبێکی دیکە چالاکیی چەکداری و کوشتن و بڕین نیەو ئەمە تەنیا میتۆدێکە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ڕێژیم. لە ڕاستیدا ئەوەیکە ڕێژیم ئیزن بە هیچ شێوە تێکۆشانێکی سیاسی و ڕاشکاوانە نادات و هەرشێوە چالاکییەك بە توندی سەرکوت دەکات. یان دەبێ واز لە تێکۆشان بێنی یان دەبێ بەرنگاریی بکەیت. ئێستا کە هێرشی ڕێژیم، هێرشێکی نیزامییە، بەرنگاریی ئێمەش نیزامی و چەکدارییە. بەڵام شتێکی ڕوون و ئاشکرایە هەرکات حیزبی دێموکرات وەك حیزبێك بتوانێ بەشێوەی یاسایی چالاکی بنوێنێ و نەکەوێتە بەر تووڕەیی و سەرکوتی ڕێژیم، هۆیەك بۆ درێژەدان بە تێکۆشانی چەکداری نامێنێ. ئێمە ئەوە بە مافی خۆمان دەزانین تاکتیك وڵامی تێکۆشان و داواکانمان سەرکوت و توندوتیژی بێت، بە شێوازی چەکداری بەرنگاری لە خۆمان نیشان دەدەین .(٣)".

بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە دوکتور سەعید زۆر زانایانە هەلومەرجی خەبات دەخوێنێتەوە و پۆتانسیێلەکانی ڕێژیم بۆ قبووڵی خەباتی ناتوندوتیژ لێك دەداتەوە. بۆیە چالاکی چەکداری وەك تاکتیکێك بۆ ئەو قۆناغە لە خەبات دەست نیشان دەکات.

**دوکتور شەڕەفکەندی لە نێوان گەمەی سیاسیدا:**

چۆنیەتیی بەرەوڕوو بوونەوەی دوکتور سەعید لەگەڵ کێشە سیاسییەکان و لێکدانەوەکانی لەسەر سیاسەتە فەرمییەکانی حیزب و بەگشتی خوێندنەوەی وردو شرۆڤەی زانایانەی لەسەر گەمە سیاسییەکان، سیمای ڕێبەرێکی بلیمەت و لێوەشاوەی پێ بەخشیبوو.

ڕێبەرێك کە بە لێوەشاوەییەوە هاوکێشە سیاسییەکان بە لە بەرچاو گرتنی بەرژەوەندیی کوردو ستراتیژییە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانی ڕاڤە دەکات.

لێرەدا ئاماژە بە چەند نموونەیەك لە قسەکانی دەکەم لە هەمان وتووێژ لەگەڵ عەلی کێشتگەردا:

"دوو مەسەلە لە ئارا دایە، یەکیان سیاسەتی ئێمە لەگەڵ هەر شێوە ڕێژیمێك و، یەکیشیان سیاسەتی ئێمەیە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی. بە شێوەیەکی گشتی سیاسەتی حیزبی دێموکرات لەلایەك دێموکراسی بۆ ئێران و لەلایەکی دیکەش خودموختاری بۆ کوردستانی ئێرانە. ئامانجی حیزبی دێموکرات سەقامگیر بوونی دێموکراسییە لە ئێران و بە بۆچوونی ئێمە خودموختاری لە کوردستانی ئێران ئاکامی ئەم دێموکراسییە دەبێ.



بەو واتایەی کە ئەگەر دێموکراسی بە مانای دەسەڵاتی خەڵکی بێت و ئەوەیکە خەڵك سەبارەت بە هەرکێشەیەك کە پێوەندی بە خاك و نیشتمانی خۆیانەوە هەیە بڕیار بدەن). کاتێك کە دێموکراسی لە سەرانسەری ئێراندا سەقامگیر بێت، دابەزاندنی ئەم دێموکراسییە لە کوردستانی ئێران لە فۆرمی فیدراڵدا دەبێت. کەوابوو دروشمێکی دیارمان هەیە، سەقامگیر بوونی دێموکراسی لە ئێران بە شێوەیەك کە هەموو خەڵك بتوانن راوبۆچوونی خۆیان سەبارەت بە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان، ئازادانە دەربڕن و چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن. ئەم دێموکراسییە لە کوردستان بە سەرنجدان بە هەلومەرجی کوردستان بە شێوەی ڕەنگدانەوەی مافی نەتەوایەتیی ئەوان خۆی دەنوێنێ. تا ئێستا ئێمە ئەم ویستانەمان لە شێوەی خودموختاری دا ڕاگەیاندوە، بەڵام ئەوکات (لە داهاتوودا) خۆیان (نەسلەکانی دیکە) دیاری دەکەن ویستەکانیان بە چ شێوەیەك دەبێت."(٤)

"ئێمە ئێرانمان پێ وڵاتێکی فرە نەتەوەیە... لەوانەیە ڕێچارەی گشتی بۆ ئێران سیستمی فیدراتیو بێت، کە تێیایدا سەرجەم نەتەوەکان خاوەنی مافی تایبەتی خۆیانن... بە سەرنجدان بە پێشینەی مێژوویی و عادەتی ڕەسمی کە لە ئێراندا هەیە قبووڵ کردنی مافی نەتەوایەتی (جیا لە فارسەکان) لە بیروڕای ئێرانی ئەمڕۆدا تا ڕادەیەك دژوار دێتە بەرچاو. هەر بۆیە ئێمە پێمان وایە ئەگەر قەرار بێت سەبارەت بە (بۆ وێنە مافی نەتەوەیی خەڵکی کوردستانی ئێران)، شوێن و ناوچەکانی دیکەی ئێران وەك: ئیسفەهان، شیراز، تاران و هتد بڕیار بدەن چونکی نەتەنیا مەسەلەکەیان بۆ دیار و ئاشنانیە بەڵکوو شتێکە بە پێچەوانەی ڕەسم و عادەت، لە باشترین حاڵەتدا ڕاو بۆچوونی لە سەر نادەن یان ئەگەری ئەوە هەیە دژایەتی دەکەن. کەوابوو بە کورتی دەبێ بڵێم، سەبارەت بە وەیکە خەڵکی کوردستان بیانەوێ لە ئێرانێکی دیمۆکراتیکدا بمێننەوە یا نا، تەنیا دەبێ پرس بە خەڵکی کوردستان بکرێ."(٥)

"من پێموایە ڕووناکبیری ئێرانی دەبێ خۆی لەم چوار چێوەیە دەرباز بکات و لەو توێکڵە خۆی دەرهاوێ و دوگم بوون وەلا نێت، تابۆکان بشکێنێ. هەر ئێستا سەبارەت بە ویستە دێموکراتیکەکانی خەڵکی کوردستان، ڕووناکبیران و کەسانی دێموکراتی ئێرانی داوامان لێ دەکەن تەواویەتی ئەرزی و ئەم جۆرە شتانە (کە هەر هەمویان قسەی شا بوون) قبوڵ بکەین.... ئەوە کوێی دێموکراتیکە کە ئێوە لە پێشدا ناچارمان دەکەن تابۆ و چوار چێوەیەك قبوڵ بکەین. ئەوە هەمان زۆرەملییە. پێمان دەڵێن لە ئێراندا ستەمی نەتەوایەتی نەبووە و ئەوەی هەبووە ستەمی گشتی بووە. ئێمە دەڵێین نا، جیا لە ستەمی گشتی ستەمی نەتەوایەتییش هەبووە. ئەوە ستەمی نەتەوایەتییە کە منی کورد هەر لە منداڵییەوە ناچار دەکرێم بە زمانی فارسی پەروەردە بم و تەنانەت لەم قۆناغەشدا ناتوانم دوو وشە بە زمانی خۆم (کوردی) بنووسم... ڕووناکبیری ئێرانی هەروەك چۆن بە ڕوانینێکی دێموکراتیکانەوە چاو لەو وڵاتانەی دیکە وەك کۆمارەکانی سۆڤییەتی پێشوو و یوگۆسلاوی و هتد دەکەن. سەبارەت بە ئێرانیش دەبێ هەروا بیر بکەنەوە و تێ بگەن کە پێکهێنانی وڵاتێك و ژیان لە چوار چێوەیەکی جوگرافیاییدا تەنیا لە ڕووی ویست و مەیل و هەستێکی قووڵ و ئارەزوومەندانەوە مسۆگەرە، نەك لەڕووی زەخت و چوار چێوەیەکی لە پێشدا داڕێژراوەوە."(٦)

**ئاکام:**

لە ئاکامی ئەم وتارە و کۆی باسەکەدا بۆمان دەردەکەوێ کە ڕێبەری شەهید د. شەرەفکەندی، ڕێبەرێکی ستراتیژیست، شارەزا لە گەمەی سیاسی، دێموکرات و نەتەوەیی بووە، هەروەها د. سەعید خەباتگێڕێکی چەپە، بەڵام چەپ بە واتای نوێخواز و گۆڕانخواز، وەك لە بۆچوونە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکاندا دیارە چەپ بوون لە لای د. سەعید زۆر دوورە لە چەپ بوون بو واتا مارکسیستییەکەی. ئەو شۆڕشگێڕێکی نەتەوەیی و دێموکرات بوو، خوێندنەوەشی بۆ کێشەی نەتەوەیی و دێموکراسی بەتەواوەتی لە خوێندنەوە مارکسیستییەکان جیاوازە. ڕاستییەکانی کەسایەتیی د. سەعید و تایبەتمەندییە بەرزەکانی لە ژێر سێبەری هەبوونی گەورە ڕێبەری مێژووی کورد د. قاسملوو دا بە تەواوەتی بۆ خەڵك ڕوون نەبوونەوە و سەد حەیف و مەخابن کە پاش شەهید بوونی د. قاسملووش، تەنیا ماوەیەکی کورت ژیا و نەیارانی ئازادی و دێموکراسی شەهیدیان کرد. بەڵام بەو حاڵەشەوە لێکدانەوە و شرۆڤەی کەسایەتیی د. شەرەفکەندی بابەتێك نیە لە وتارێکی ئەوتۆدا بگونجێت، بەڵکوو ئەو تەنیا ئاماژەیەکی کورت بە هێندێك لە کاراکتەرەکانی کەسایەتیی ئەو ڕێبەرە شەهیدە بوو.

**یادی بەرز و ڕێگای پڕ ڕێبوار بێت**

*پەراوێزەکان:*

*١- شەرەفی، سمایل - شەرەفکەندی سیمای شۆڕشگێڕێکی نەتەوەیی، ل ٧٥و٧٦*

*٢- هەمان سەرچاوە - ل ٨٤*

*٣- هەمان سەرچاوە - ل ٦٦ و ٦٧*

*٤- هەمان سەرچاوە - ل ٦٨*

*٥- هەمان سەرچاوە - ل ٦٩*

*٦- هەمان سەرچاوە - ل٧٣و ٧٤و ٧٥*

# خوێندنەوەیەك بۆ مانگرتنی بەندییە سیاسییەکان

## (دیمانەیەك لەگەڵ ڕۆژنامەوان خالید محەممەدزادە)

دیانە: کوردستان



**خالید محەممەدزادە:**

**گرنگ ئەوەیە کە حاکمیەت نەیتوانیوە دەلاقەی ناڕازیبوونەکەمان دا بخاو لە هەر قۆناغێکدا کۆمەڵێك چالاکی تەعبیریان لە ڕای گشتیی کورد لە ئێران کردوە**

**پ: ك دەزانین کاتێك دەتوانین باس لە خەباتی مەدەنی بکەین، کە لە سیستمی سیاسیی وڵات دا کۆمەڵگەی مەدەنیو مافە مەدەنییەکان پێناسە کرابن‌و بوونیان هەبێ، بە بڕوای بەڕێزت دەکرێ ئەم بزاڤەی چالاکانی سیاسیو ڕۆژنامەوانان، ژنان، خوێندکاران‌و بەگشتی توێژی فەرهەنگیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوەیدەبەن لە چوارچێوەی خەباتی مەدەنیدا چاو لێ بکەین؟**

و: دیارە ئەوە پێوەندیی بەووەوە هەیە کە ئێمە چۆن پێناسەی خەباتی مەدەنی دەکەین‌و چ چاوەڕوانییەکمان لە خەباتی مەدەنی هەیە. بەو حاڵەش ناکرێ لە ڕوانگەی سیستمی سیاسیی وڵاتەوە پێناسەی خەباتی مەدەنیو بزاڤە مەدەنییەکان لە وڵات دا بکەین، چونکە سیستمی سیاسیی‌لای ئێمە تا ئێستاش بە چاوی گومانەوە سەیری ئەو بزاڤە دەکاو وەك نەیار پێناسەی دەکا، بەڵام خودی کارکردی ڕێکخراوو بزاڤە مەدەنییەکان دەرخەری ئاستی مەدەنی بوون یا نامەدەنی بوونی ئەو چالاکییانەن کە ئەوان ئەنجامی دەدەن. لە هەمان کاتیشدا ئەو داوایانەی ئەوان خەباتی بۆ دەکەن، دەکرێ مورکی مەدەنی بوون بدەن بە دەستەوە، یا بە پێچەوانەش هەر ڕاستە. لە بیرمان نەچێ لای ئێمەو دوای ڕاونانی حیزبە سیاسییەکان‌و قەدەغەکردنی چالاکییەکانیان، فازێکی دیکە لە چالاکی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتی دێتە گۆڕێ کە ئەم فازە تەنیا خۆی لە داواکارییە سیاسییەکان نابینێتەوە. پرسی خوێندکاری، ژنان، پرسی کرێکاران‌و چالاکی فەرهەنگی‌و هونەری‌و ڕۆژنامەوانی، مافی مرۆڤو...ئەو بوارانەن لە چەند ساڵی ڕابردوودا خۆیان تاقی دەکەنەوە. پێموایە گرنك نیە ئێمە لە چ قالبێکدا ئەم خەباتە پێناسە بکەین، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە حاکمیەت نەیتوانیوە دەلاقەی ناڕازییبوونەکەمان دابخاو لە هەر قۆناغێکدا کۆمەڵێك چالاکی تەعبیریان لە ڕای گشتیی کورد لە ئێران کردوە. لە هەموو گرنگتر ئێمە شێوازێکی دیکەمان لە خەبات تاقی کردۆتەوە کە حکوومەت بە ئاسانی ناتوانێ سەرکوتی بکا.

**پ: کاریگەریی بزاڤی چالاکانی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (بە لە بەر چاو گرتنی ئەم ڕاستییە کە ڕێگەی چالاکیی ڕێکخراوەییان نیە) دەتوانێ لە سەر هێنانە مەیدانی جەماوەر یان ناچارکردنی دەسەڵات بە دابین کردنی لانیکەمی ماف‌و ئازادییەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ بێ؟ بەگشتی ئەم چالاکییانە کە نیشانەی گەشەی سیاسیی‌و فەرهەنگیی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتە دەتوانن چ ئامانج گەلێك بپێکن؟**

و: مەرج نیە ئاکامی هەموو بزاڤێکی مەدەنی ملکەچکردنی دەسەڵات بە مانا کلاسیکەکەی بۆ سەرجەم داخوازییەکانی ئەو بزاڤە بێ. یا بە دیوێکی دیکەدا ڕاگرتنی جەماوەر لە مەیداندا بێ. لای ئێمە حکوومەت پێی وابوو بە ڕاونانی حیزبەکان کۆمەڵگاش لە داواکارییەکانی خاڵی دەبێتەوە، بەڵام پێچەوانە دەرچوو. بزاڤە مەدەنییەکان جێگای کارکردی حیزبەکانیان لە زۆر ڕووەوە گرتەوە (دیارە بە دنیایەك جیاوازی). ئەوان زیاد لە یەك بوارو لە چەندین ڕەهەندەوە هاتنە مەیدان. ئەگەر ئەم بزاڤە مەدەنییانە نەتوانن حکوومەت ملکەچ بکەن بە داواکانیان یا لە هێنانە مەیدانی جەماوەردا سەرکەوتووبن، لانیکەم دەتوانن زەنگی وریاکردنەوە بن لە نێوان کۆمەڵگاو دەسەڵاتدا. لە نەبوونی ئازادی ڕێکخراوەیی ئەو بزاڤو چالاکییانە تا ڕادەیەکی زۆر توانیویانە ئازایەتییەك بگەڕێننەوە کۆمەڵگا کە دەکرێ لە زۆر بوارو زەمەنیشدا بە حکوومەت بگوترێت "نا". بەو حاڵەش هەر ئەوان لەم سەردەمی سانسۆرو بایکۆتکردنەی کە سەپاوە بە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، پردی پێوەندیی‌و زانیاریدان بوون لە نێوان کوردستان‌و دەرەوەی کوردستان. ئێستاش لە نێوخۆی وڵات ئەو چالاکییانە دەتوانن دەوری باڵا بگێڕن.

**پ: پێت وایە ئەم سەرکوتە بەربڵاوەی ڕێژیم دژ بە چالاکانی کورد دوابەدوای هاتنە سەرکاری ئەحمەدی نژاد دەستی پێکردۆتەوە دەتوانێ بزاڤی چالاکانی کورد تووشی پاشەکشە بکا؟**

و: من پێموانیە ئەو سەرکوتە بتوانێ پێش بەو بزاڤە بگرێ، بەڵکوو چالاکانی ئەو بوارە هەوڵدەدەن کە شێوازی نوێ‌و ڕێگای نوێ بۆ دەربڕین بدۆزنەوە. پێگەی ئێرانیش لە سەتحی نێودەوڵەتیش کە هاوکاتە لەگەڵ ڕیزبەندی دنیای دەرەوە بەرانبەر بە بەرنامە ئەتومییەکانی ئەو وڵاتە، ئەو دەرفەتە بە دەزگای سەرکوت نادا کە بە ئاسانی ئەو بزاڤە سەرکوت بکا.

**پ: وەك دەزانین زیاتر لە سێ حەوتوویە ژمارەیەکی بەرچاو لە بەندییە سیاسییەکانی کورد لە بەندیخانەکان دا مانیان گرتووە، کاریگەریی ئەم مانگرتنە لە سەر هەڵسوکەوتی دەسەڵات چۆن دەبینی؟**

و: دەسەڵات تا ئەم ساتەش هەوڵی داوە ئەو مانگرتنە نادیدە بگرێ‌و ئەوەندەی بۆی بکرێ بە هەندی نەگرێت. وەك دەزانن ماشێنی سەرکوت دەکرێ لە نێو زیندانەکاندا خێراتر کار بکاو بۆیە هەرئان سەرکوتی ئەو بزاڤە ئاسانتر خۆی دەنوێنێ، بەڵام لە بیرمان نەچێ چەندایەتیی کاریگەریی ئەو مانگرتنە لە سەر حاکمیەت پێوەندیی ڕاستەوخۆی هەیە بە کاردانەوەی کۆمەڵگاو بیروڕای گشتی بەرانبەر بەو مانگرتنەو ئەوەی کە کۆمەڵگاو هێزە سیاسییەکان تا چەند بە دەنگ ئەو مانگرتنەوە دێن‌و تا چەند دەنگی ئەو مانگرتنە دەگەیەنێتە دنیای دەرەوە. واتە دەبێ کۆمەلگاو ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافی مرۆڤ بە دەنگ ئەو بانگەوازەوە بچن.

**پ: پشتیوانیی نێوخۆیی، سەرانسەریی‌و نێونەتەوەیی لە مانگرتنی بەندییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات لە چ ئاستێك دا دەبینی؟**

و: ئەم مانگرتنە تا ئێستا دەنگدانەوەی باشی هەبووە، بەڵام تەواو نیە. گرنگی ئەو ڕەنگدانەوە لەوە دایە کە ئەمە یەکەمجارە ئێمە لە نێو زیندانەکانی کوردستانەوە گوێبیستی ئەو دەنگانە دەبین بەڵام بە داخەوە پشتیوانییەکان لەو ئاستەدا نین کە ئەمە دەکرێ کۆمەڵێك هۆکاری هەبێ. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ناهەماهەنگی حیزبە سیاسییەکان‌و دەزگاکانی ڕاگەیاندن‌و نەبوونی هاوپێوەندیی لە نێوان کوردان بۆ گەیاندنی ئەو ناڕەزایەتییە. ئێمە تا ئێستا نەمانتوانیوە ئەو ناڕەزاییبوونە تەرجومە بکەینەوە بۆ دنیای دەرەوە. لەم بوارەدا پێموایە کەمترین کارمان کردوە. هیچ هەماهەنگییەك لە نیوان ڕێکخراوەکان‌و حیزبەکان بۆ تەرجومەی ئەو ناڕەزاییبوونە نیە. هەر حیزبێك تەنیا بۆ خالی نەبوونی عەریزە شتێکی بڵاوکردۆتەوە کە ئەمە کافی نیە. لە بیرمان نەچێ ئەم جۆرە ناڕەزاییبوونە لە دنیای دەرەوە کاری هاوبەش و زمانی هاوبەش‌و ڕاگەیاندنی هاوبەشی دەوێ بەڵام خاریج لە شوعاردان‌و هاتوهاواری ڕێکخراوەیی.

**پ: حیزب‌و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانن چ دەورێك لەم بزاڤە دا بگێڕن؟ ئایا ئەو حیزبانە لە ساڵانی ڕابردوودا ڕۆڵێکی موسبەت یان بینیوە یان بە پێچەوانەوە؟ بەگشتی چ ڕەخنەیەك لەم پێوەندییەدا لە سەر حیزبەکان هەیە؟**

و: حیزبەکانی ئێمە هەمیشە لەم جۆرە ناڕەزایەتیانەی کە ڕوو دەدەن بۆشاییەکی گەورە لە خۆیان بە جێ دەهێڵێن. حیزب‌و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە حوکمی ئەوەی لەم قۆناغەدا هەڵگری نوێنەرایەتی لە دەرەوەی وڵاتن‌و هاوکات چەندین دەزگای گەورەی ڕاگەیاندنیان لەبەردەست دایە دەتوانن دەوری گەورە لە گەیاندنی دەنگی مانگرتووەکان بگێڕن. ئەوان دەتوانن بە وەڕێخستنی کەمپێن‌و کۆبوونەوەی ئیعترازی و هەڵمەتی گەورەی ڕاگەیاندن بە دنیای دەرەوەی بڵێن ئەمەیە واقیعی کورد لە ئێران. بەڵام ئەوەی تا ئێستا لەم هێزانە بینراوە ئیکتفاکردنیانە بە دەرکردنی ڕاگەیاندنی شوعاڕڕێژ کراو ئەویش بۆ خاڵی نەبوونی عەریزەکە. حیزبەکان بەرانبەر بە ناڕەزایەتییە نێوخۆییەکان زۆرترین ڕەخنەیان هێناوەتە سەر خۆیان. تلویزیونەکانیان بێدەنگترین تلویزیون‌و هیچ زانیارییەکان سەبارەت بە مانگرتووەکان نیە. ئەوان ئەوەندی لە بیری پیشاندانی حیزب‌و جوانترکردنی وێنەی سەرکردەی حیزبن بە کۆمەڵگا، ئەوەندە لە بیری پیشاندانی کۆمەڵگا بە دنیای دەرەوە نین. ئەوان هەڵگری کەمترین زانیاری سەبارەت بە مانگرتنی زیندانیانی سیاسی لە نێو وڵاتن. ئەوان بەداخەوە نەیانتوانیوە لە ئیمکاناتی خۆیان وەك تریبونێك کەڵك وەربگرن بۆ گەیاندنی دەنگی خەڵکی نارازی لە نێو وڵات. واتە ئەگەر بتەوێ لە دۆخی مانگرتنی زیندانیانی سیاسیی کورد لە ئێران بگەی دەبێ بە شوێن کاناڵەکانی دیکەی ڕاگەیاندنەوە بێ نەك تلویزیونی ئەم حیزبانەی ڕۆژهەڵات.

جۆری ڕوانینی ئەوان بۆ خەباتی نێوخۆو خەباتی دەرەوی بازنەی حیزبی‌و هەروەها ساختاری داخراوی ئەم حیزبانە دەتوانێ کۆسپی گەورەی سەر ڕێگای ئەو بەدەنگەوە هاتنەوە بێ بە شێوەیەك کە تەنانەت بەستنی پەیتا پەیتای کۆنگرە بێئاکامەکانیش نەیتوانیوە ڕوانینی ئەوان بە نیسبەت خەباتی نێوخۆو هەڵسوڕاوان‌و چالاکانی دیکەی کوردی بگۆڕێ. میدیای حیزب کە لێرەدا دەیتوانی دەوری خیرا بگێڕێ، لەباتی گواستنەوەی دۆخی مانگرتووەکان لە هەوڵی لێدانی بەرچەسپی حیزبی بوون لە مانگرتووەکان بووەو ئەوەی کە گۆیا بەشێکی زۆر لە مانگرتووەکان سەر بە حیزبی ئەوانن.

**کورد تا ئێستا نەیتوانیوە بە زمانی ئەوی‌تر قسە بکات. بە دیوێکی دیکەدا بە زمانی غەیرەی کوردی تەعبیر لە خۆی بکا. هەڵەی گەورەی ئێمە ئەوەیە کە کێشەو ناڕەزایی‌و داواکانی خۆمان تەرجومە ناکەینەوە بۆ سەر زمانەکانی زیندووی جیهان**

**پ: گرنگی نەدانی بە ڕاگەیەنە سەرانسەرییەکان یا بە واتایەکی دیکە ڕاگەیەنە فارس زمانەکان بە مانگرتنی بەند کراوانی کورد بۆ چی دەگەڕێتەوە؟ پێت وانیە بیری شۆڤینیزم‌و پانفارسیزم بەسەر ئەو ڕاگەیەنانە دا زاڵەو....؟**

و: پرسیارێکی جوانەو لە جێگای خۆیەتی. دەزانی چیە؟ کورد تا ئێستا نەیتوانیوە بە زمانی ئەوەی‌تر قسە بکات. بە دیوێکی دیکەدا بە زمانی غەیرە کوردی تەعبیر لە خۆی بکا. هەڵەی گەورەی ئێمە ئەوەیە کە کێشەو ناڕەزایی‌و داواکانی خۆمان تەرجومە ناکەینەوە بۆ سەر زمانەکانی زیندووی جیهان. لە میدیای کوردیدا تا ئەم ساتەش شوێنێك بۆ قسەکردن لە دۆخی کورد بە زمانی فارسی‌و زمانەکانی دیکە نیە. تەنیا بەرپرسیاریش لەم دۆخە خۆمانین نەك ئەوەی تۆ ناوت ناوە بیری شۆڤینیزم‌و پانفارسیزم. ئەوەی کە ناڕەزایەتییەکانی ئێمە ڕەنگدانەوەی میدیایی لە میدیاکانی جیهان نابێ تەنیاو تەنیا دەگەڕێتەوە بۆ ناشارەزایی ئێمە لە کارکردنمان لەگەڵ میدیای دەرەوە. خەباتی سیاسی‌و ڕێکخراوەیی لای ئێمە بە دوخێکی سامناکدا تێپەڕ دەبێ. ئێمە دەبێ دەرك بەو ڕاستییە بکەین کە تا داواکانمان تەرجومە نەکرێنەوە مەحاڵە بتوانین بیروڕای گشتی دەرەوەی خۆمان بۆ لای ئازارەکانی خۆمان ڕابکێشین.

## فەرهاد ئەکبەری:

# تا تورکیە گۆڕانێکی بنەڕەتی لە خۆیدا پێك نەیەنێ چاوەڕوانی چەکدانان لە PKK بێ مانایە

دیمانە: حوسێن ئەحمەدپوور

**بە مەبەستی تاووتوێ کردنی پرسی کورد لە باکووری کوردستان و پێشوەچوونەکان و کۆسپەکانی بەردەم چارەسەری کێشەی کوردو هەروەها ئەو رەخنانەی رووبەرووی سەرکردایەتی کورد لەو بەشەی کوردستان بوونەتەوە ئەم وتووێژەمان لەگەڵ فەرهاد ئەکبەری چالاکی سیاسی و شارەزای کارو باری تورکیا پێك هێنا**

**کوردستان: چارەسەری پرسی کورد لە باکووری کوردستان لەم ساڵانەی دوایی دا کەوتۆتە قۆناغێکی نوێترو وا هەست دەکرێ کە دەسەڵاتدارانی تورك بە جۆرێك بەو قەناعەتە گەیشتوون کە دەبێ ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێ و ناکرێ چیدیکە ئەو کێشەیە ئینکار بکەن. هەربۆیە جار بە جار باسی چارەسەری بەبێ pkk دێتە گۆڕێ. ئایا بە رای ئێوە لەم قۆناغەدا چارەسەری بەبێ pkk شتێکە کە ئیمکانی هەبێ یا تەنیا پروپاگەندەیەکە کە دژی pkk کە لە لایەن دەسەڵاتدارانی تورکەوە چ لە ناوخۆی باکووری کوردستان و هەروەها چ لە ئاستی دەرەوەدا بەڕێوە دەچێ؟**

**فەرهاد ئەکبەری:** ئێمە بۆ ئەوەی باشتر لەم پرسە تێبگەین پێویستە نەختێك ئاور لە سەرەتای دامەزرانی دەوڵەتی تورکیە واتە ساڵی ١٩٢٣ بدەینەوە. لەو ساڵەدا بوو کە دەوڵەتی سەربازی کەماڵ ئاتاتورك لە ژێر ناوی بزاڤی ناسیۆنالیستی دا هاتەگۆڕێ بەڵام دیارە ئەو بزاڤە تەنیا لە رواڵەت دا ناسیونالیستی بوو و کەمتر مەرجە عەقڵانی و دێموکراتیك و مەدەنییەکانی ناسیونالیزمی لە خۆیدا هەڵگرتبوو. نیشانە هەرە زەقەکانی ئەو قسەیەشمان ئەوانەن کە ئاتاتورك و شۆوینیستەکانی تورك هەر لە رێکخراوی لاوانی تورك و پاشان ئیتحادو تەرەقی‌یەوە بە توندی ئینکاری پرسی کوردیان کردو لە هەموو بوارێکەوە تا ئاستی سڕینەوەی فیزیکی و ژینوساید بەرەنگاری ئەم پرسە بوونەوەو لە راستی‌دا ئەوان بوون و شوناسی خۆیان لە توانەوەو سڕینەوەی نەتەوەکانی دیکە بەتایبەت کورد دا دەدیت.

سەرکوتی زۆر دڕندانەو بێ بەزەییانەی شۆڕشەکان و تێکۆشەران و ئازادیخوازانی کورد هەر لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دا توانی تا رادەیەکی زۆر بڕست لە بزاڤ و خەباتی کورد ببڕێ، بەڵام ئەو بزاڤە لە شەستەکان و راو لە ناو خوێندکاران دا دووبارەو بەتایبەت لە چوارچێوەی حیزب و گرووپە چەپەکان دا سەری هەڵدایەوەو ئەوان بوون کە بۆ یەکەم جار بە شێوەیەك لە شێوەکان پرسی باشووری رۆژهەڵاتیان (باکووری کوردستان) هێنایەگۆڕێ‌و ئەم چالاکییانەی ئازادیخوازانی کورد لەو چوارچێوەیەدا بواریان بۆ دروست بوونی رێکخراوو گرووپ و حیزبی سەربەخۆی سیاسی کورد لە باکووری کوردستان رەخساند. هەر ئەم حیزبانەو دواتر بەتایبەت PKK بوون کە توانیان لە چوارچێوەیەکی سیاسی‌دا ویستەکانی گەلی کورد گەڵاڵە بکەن. ئەم شێوە خەباتەش بۆ گەیشتن بە مافە سیاسی، ئابووری‌و فەرهەنگییەکان بواریان خۆش کرد کە ئەمەش بۆخۆی زانستی‌ترین و گونجاوترین میتۆدی گەڵاڵە کردنی پرسەکانە لە هەر کۆمەڵگایەك دا. بەڵام PKK بەپێی هەلومەرجی سەردەم کە سەردەمی شەڕی سارد بوو ناچار کرا پەنا بەرێتە بەر شەڕی چەکدارانە. خەباتی سیاسی‌و نیزامی PKK لەو ماوەیەدا وێڕای حیزبەکانی دیکە خەباتی کوردی تا رادەیەکی زۆر لە ئاستی ناوخۆی تورکیا و جیهان دا پێش خست. هەرچەند رۆژئاوا بەتایبەت ئەمریکا بەپێی پێوەندی‌و هاوپەیمانیان لەگەڵ تورکیە خەباتی نەتەوایەتی کوردیان لە باکوور بە کێشەی تێرۆریزم باس دەکرد بەڵام پشتیوانی بەرین و هەمە لایەنەی خەڵکی باکووری کوردستان لە بزاڤەکەیان ئەم پرسەی رۆژبەرۆژ لە ئاستی سیاسی دا بەرەوپێش برد. بۆیە ئەم چەشنە گۆڕانانە بەپێی ئەو خەباتە دوورو درێژەی کە pkk لەم پێناوەدا کردوویەتی، و رۆڵی سەرەکی تێدابووە وەلانانی pkk لە چوارچێوەی هەر چەشنە دیالۆگ و دانیشتنێك دا بۆ چارەسەری پرسی کورد بەراستی هەم ئەستەم و هەم نابەجێ و ناماقووڵە.



**کوردستان: کاك فەرهاد کەسانێك هەن وەکوو عوسمان ئۆجەلان لەسەر ئەو باوەڕەن کە لەم قۆناغەدا دەبێ pkk هەست بە بەرپرسایەتییەکی زیاتر بکاو چالاکییە نیزامییەکانی خۆی رابگرێ و دەرفەت زیاتر بە پارتی کۆمەڵگای دێموکراتیك بدرێ تا لە رێگەی سیاسی و خەباتی جەماوەرییەوە کێشەی کورد لە چارەسەری نزیك بێتەوە بە تایبەت کە ئێستا پارتێکی میانەڕەو وەکوو Akp لەسەر دەسەڵاتە نابێ ئەو دەرفەتە لە کیس بچێ. بەرای ئێوە وەها داوایەك لە pkk چەندە واقیع بینی سیاسی لە پشتەوەیە؟**

**فەرهاد ئەکبەری:** لە پرۆسەی گۆڕانی دێموکراتیك لە تورکیەداو بۆ دێموکراتیزە کرانی فەزای سیاسی تورکیە هەنگاوی هەرە پێویست و سەرەکی ئەوەیە کە گۆڕانی پێویست بۆ بردنە پێشی پرۆسەی سیاسی دێموکراتیك لە نێو یاسای بنەڕەتی تورکیە پێك بێ‌و بە فەرمی لە چوارچێوەی ئەو قانوونەدا دان بە مافەکانی کورددا بنرێ‌و هاوسەنگییەك لە نێوان بەرژەوەندییەکانی دوو نەتەوەی کورد و تورك دا لە هەموو بوارەکان دا پێك بێ و گۆڕانێکی وەها لە یاسای بنەڕەتی تورکیەدا پێك بێ کە ئەو یاسایە لە ناوەرۆك و ماهییەتی شۆوینستی تورك کە لە سەر ئینکاری کورد دارێژراوە دوور کەوێتەوەو ئەمەش بەرلە هەموو گۆڕانێك دا گۆڕانە لە ئاستی سیاسی تورکیا بەگشتی‌و چوونە پێشەوەی پرۆسەی دێموکراتیزە بوونی تورکیەیە. لەم پێوەندییەدا پێویستە کە ئۆرگانە سەرکوتکەرەکان بەتایبەت ئەرتەش کە بە پێی پرەنیسپەکانی کەمالیزم دەسەڵاتی سەرەکییە لەو وڵاتەداو تا ئێستا چەندین کودەتای بەرپا کردووەو پێشی بە چوونە پێشی پرۆسەی دێموکراتیزە کردنی وڵات گرتووە، دەسەڵاتی کەم بکرێتەوەو سنووری دەسەڵاتی بەرتەسك بکرێتەوە. ئەم هەنگاوانەش خۆی لە خۆیدا بوار بۆ کورد دەڕەخسێنێ کە زیاتر پشت بە خەباتی سیاسی و مەدەنی ببەستێ و لە رێگەی خەباتی پارلمانی‌یەوە کێشەکانی چارەسەر بکا. بۆیە تا ئەو گۆڕانە سەرەکییە پێك نەیە وەها چاوەڕوانییەك لە pkk شتێکی بێ‌مانایەو ئیمکانی نییە. چونکە تا کێشەکە لەو ئاستە گەروەیەدا هەبێ خەباتی کورد لەو شێوازەدا هەر بەردەوام دەبێ.

**کوردستان: دەوترێ لەو دوایانەدا عەبدوڵڵا ئۆجەلان بیرۆکەی دامەزراندنی حیزبێکی سەرانسەری هێناوەتە گۆڕێ کە چارەسەری کێشەی کوردو دێموکراتیزە کردنی دەسەڵات لە تورکیە ئامانجی سەرەکی ئەو حیزبە دەبێ. بە لە بەرچاو گرتنی ئەو لێکترازانەو لێك دوورکەوتنەوەی دوو نەتەوەی کوردو تورك بەتایبەت لە دوو دەیەی رابردووداو هەروەها ئەو هەمووە خوێنەی کە لە دوو لایەن رژاوە ئایا پێتان وایە دامەزرانی وەها حیزبێك پرۆژەیەکی سەرکەوتوو بێ و بتوانێ کوردو تورك لە دەوری یەك کۆبکاتەوەو هەنگاوێك بێت بەرەو چارەسەری؟**

**فەرهاد ئەکبەری:** پێم وایە خەباتی نەتەوەی و ناسیۆنالیستی پێویستی بە پرۆژەیەکی زانستی و داڕشتنی تیۆری ناسیۆنالیزم بۆ نەتەوەی کورد هەیە تا بتوانێ خۆی لەو چوارچێوەدا پێناسە بکاو خۆی بە نەتەوەکانی دیکە بناسێنێ کە تیۆرییەکی ئەوتۆ لە ناخی خۆیدا هەڵگری توخمە دێموکراسی و ئازادیخوازەکانە و هەموو ئازادیخوازەکانی جیهان دەبێ پشتی ئەو پرۆسەیە بگرن. بەڵام پێم وانییە کە حیزبێکی سەرانسەری بۆ تورکیە بەبێ ئەوەی کە کورد خۆی پێناسەیەکی جوان و روونی لە کێشەکەی خۆی خستبێتە روو بتوانێ سەرکەتن بەدەست بێنێ و خزمەت بە پرۆسەی دێموکراتیزاسیۆن لە تورکیا بکا.

**کوردستان: زۆرجار رەخنەی ئەوە لە pkk و تەنانەت dtp دەگیرێ کە ئەوان بۆ خۆشیان پرۆژەیەکی دیار و ئەوتۆیان بۆ چارەسەری کێشەی کورد پێ نییە کە پێشکەشی دەسەڵاتدارانی تورکی بکەن تا ئەوان بزانن کە کورد داوای چی دەکا. ئێستا بە بڕوای جەنابتان ئەگەر بێتو رۆژێك تورکەکان مل بۆ ئەوە بدەن کە بۆ چارەسەری بکەونە دیالۆگ لەگەڵ کورد، ئەگەری چارەسەری کێشەی کورد لە چ شێوازێك دا زیاتر ئیمکانی هەیە؟**

**فەرهاد ئەکبەری:** بەداخەوە pkk لە نەوەدەکانەوەو بەتایبەت پاش گیرانی بەڕێز ئۆجالان پەیتا پەیتا دروشم و هەڵوێستە سیاسییەکانی خۆی دەگۆڕێ. ئەمەش هەر لە گۆڕینی ناوی pkk وە بگرە تا دروست کردنی لقەکانی باشوور، رۆژهەڵات و رۆژئاوا هەروەها تا قسەکانی خودی بەڕێز ئۆجالان ئەم راستی‌یە نیشان دەدەن. بەڵام بە بڕوای من خستنە رووی گەڵاڵەیەکی گونجاو بۆ پرسی کورد لە باکوور بە هاوکاری هەموو لایەنەکان و بەرەیەکی پێکهاتوو لە هەموو هێز و لایەنە کوردییەکان شتێکی ئەستەم و گران نییە. هەر چەند بە باوەڕی من ئاساییە کە خەباتی نەتەوایەتی هەر میللەتێکی ژێر دەستە و داگیر کراو بەرەو سەربەخۆییەکی تەواو و دامەزرانی دەوڵەتی نەتەوەیی بڕوا و کە هەر دەبێ واش بێ، بەڵام دەکرێ لە چوار چێوەی سیستەمێکی فیدراڵی ئارەزومەندانەدا بە شێکی بەرچاو لە ویست و داخوازییەکانی دابین بکرێ و دوو نەتەوەی کورد و تورك بە شێوەیەکی ئاشتیانە و بەدوور لە هەر چەشنە توندو تیژییەك پێکەوە بژین و هەلوومەرجی ئەورۆکەی جیهانیش هەر چارەسەرییەکی لەو چەشنە دەخوازێ چوونکە ئیدی لەو سەردەمەدا کە سەردەمی گلوبالیزم و زەق بوونەوەی پرسی شوناسە، ناکرێ بوونی میللەتێك حاشای لێبکرێ.

**کوردستان: کاك فەرهاد وەك دوایین پرسیار دەبینین کە کێشەی کورد لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا پشتیوانییەکی ئەوتۆی لێ ناکرێ بەڵام شۆڕشی کورد لە باکووری کوردستان نەتەنیا هیچ پشتیوانییەکی لێناکرێ بەڵام دەبینین کە لەوەش خراپتر وەکوو کێشەی تیرۆریزم پێناسە دەکرێ و پشتیوانی لە سیاسەتی سەرکوتی دەوڵەتی تورك دەکەن، ئێوە هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێننەوە؟**

فەرهاد ئەکبەری: ئەوە بەڕای من یەکەم بەستراوەتەوە بە بواری سایکۆپۆلیتیکی خود کورد واتە لاوازی مەعریفەی سیاسی و دیپلۆماسی خودی کورد کە نەیتوانیوە وشیاری نەتەوایەتی خۆی گەشە پێبدا و لە ئاستی دیپلۆماسی‌دا وڵاتان و میللەتانی دیکە هان بدا کە ئاور لە کێشەکەی بدەنەوە و هەروا سووك و ئاسان پشتیوانی لە سیاسەتە سەرکوتکارانەکانی دەوڵەتی تورکیە نەکەن. فاکتەری دووەمیش کە فاکتەرێکی دەرەکییە کە لەو پێوەندییەدا رۆڵێکی مەنفی لە سەر کێشەی کورد هەبووە کە دەگەڕێتەوە سەر بواری ژئۆپۆلیتیکی کوردستان‌و پێگەی تایبەتی تورکیا لە سەردەمی شەڕی سارد تا ئێستا کە هەلومەرجی سیاسی ئەو سەردەمە بۆ پاراستنی هاوسەنگی هێزەکان وای دەخواست کە چاوپۆشی لە زۆر لە سیاسەتە دڕندانەو سەرکوتکارانەکانی تورکیا دەرحەق بە گەلی کورد بکەن. بەڵام لەم سەردەمەدا تارادەیەکی زۆر بە نەمانی جیهانی دووجەمسەری رێگا بۆ هەموو چەشنە خەباتێك بۆ کورد خۆش بووە. بۆیە کورد دەبێ لە هەموو ئەو فاکتەرە نێوخۆیی‌و دەرەکیانە بە باشی کەڵك وەربگرێ.

کوردستان: لە کۆتایی‌دا زۆر سپاستان دەکەین بۆ بەشداریتان لەو وتووێژەدا.

## پانۆراما

### تاریق هاشمی: پێویستیمان بە هێزی پێشمەرگە نەماوە.

جێگری سەرکۆماری عێراق تاریق هاشمی لە لێدوانێکی لە شاری فەلوجە پشتیوانی لە بڕیاری حکوومەتی مالیکی کردی وتی: "دەبێ سوپا بچێتە نێو خانەقین و هەر شوێنێکی دیکەی ئەو وڵاتە کە بە پێویستی بزانێ. راستە هێزی پێشمەرگە کاتی خوی لە سەر داوای حکوومەت رۆیشتوونەتە خانەقین، بەڵام ئێستا پێویستیمان پێیان نەماوە و دەبێ بکشێنەوە لە خانەقین. هاشمی هەروەها سەبارەت بە خۆپڕچەك کردنی حکوومەتی عێراق را یگەیاند کە دەبێ جێگەی خۆشحاڵی هەر هاوڵاتییەکی عێراق بێ کە دەوڵەتی ئەو وڵاتە خەریکە بە هێز دەبێتەوە نەوەکوو کەسانێك هەبن ئەوەیان پێ ناخۆش بێ.

### پارڵمانتێرە کوردەکان لە پارڵمانی تورکیا بە کوردی قسە دەکەن

پارڵمانتێرە کوردەکانی سەر بە پارتی کۆمەڵگای دێموکراتیك DTP بڕیاریان داوەکە لە پارلەمان بەزمانی کوردی قسە بکەن. لەمبارەیەوە کامران یوکسەل جێگری سەرۆکی گشتی DTP رایگەیاند کە پارڵمانتێرە کوردەکان دەیانەوێت لە چوارچێوەی هەڵمەتی پەروەردە بەزمانی کوردی لە پارڵمان بە کوردی قسە بکەن.

پارتی کۆمەڵگای دێموکراتیك لە دوو حەوتوو لە مەوبەرەوە هەڵمەتێکی جەماوەری لە ژێر ناوی پەروەردە بە زمانی کوردی دەست پێ کردووە و لە زۆربەی شارە کوردستانییەکان کۆبوونەوەی جەماوەرییان وەرێخستووە و داوا لە دەوڵەتی تورك دەکەن کە بوار بۆ پێشخستن و پەروەدە بە زمانی کوردی بڕەخسێنێ. هەر لە مبارەیەوە لەیلا زانا وتی ئەگەر سیاسەتەکانی دەوڵەتی تورکیا هەر بەوجۆرە بچێتە پێش هیچ کوردێك نابێ نە چاو لە تەلەویزیۆنی تورکی بکا و نە رۆژنامەی تورکی بخوێنێتەوە.

جێی وەبیرهێنانەوەیە ساڵی ١٩٩٤ لە یلا زانا و هاوڕێکانی بەهۆی سوێندخواردن لە پارڵمان بەزمانی کوردی بە زیندانی هەتا هەتایی حوکم دران.

### تا ئێستا (٥٠٠) هەزار کورد لە سووریا بێ رەگەزنامەن

شەلال گەدۆ ئەندامی سەر کردایەتی پارتی چەپی کورد لە سوریا لە لێدوانێك دا بۆ رۆژنامەی "رۆژنامە" رایگەیاند کە ئێستا زیاتر لە ٥٠٠ هەزار کورد لە سوریا رەگەزنامەیان نییە ولە هەموو مافێکی سرووشتی خۆیان بێ بەشن.

شایانی باسە لە ساڵی ١٩٦٢ حکوومەتی سوریا رەگەزنامەی لە ١٥٠ هەزار کورد لە پارێزگای حەسەکەی رۆژئاوای کوردستان سەندەوە و ئەو هاووڵاتیانەی کە لەو ساڵە بە دواوە لە دایك بوون رەگەزنامەیان پێ نەدراوە و هیچ جۆرە مامەڵەیەکی رەسمی یان لەگەڵ ناکرێ.

# مانگرتنی بەندییە سیاسییەکانی کوردو بێدەنگیی حیزبە ئێرانییەکان

هادی سۆفی زادە
و. بۆ کوردی: سیروان مووساپوور

هەروەك لە سەرچاوە هەواڵییەکانی کەمپەینی پشتیوانی لە مانگرتنی زیندانییانی سیاسیی کورد هەموو لایەکیان ئاگادار کردۆتەوە بەشێکی زۆر لە زیندانییانی سیاسیی کورد کە زۆربەیان مامۆستا، خوێندکار، نووسەرو یان رۆشنبیرن، لە کردەوەیەکی بوێرانەو تێکڕاییدا، لە ٤ی خەرمانانەوە دەستیان بە مانگرتن لە خواردن کردوە.

گرینگیی ئەو حەرەکەتە لەوە دایە کە زیندانە ترسێنەرەکانی کۆماری ئیسلامی شوێنی بێدەنگ کردنی ئازادیخوازیی کۆمەڵگا بوون. کەم نەبوون ئەو کەسانەی کە پاش ئازاد بوون لە زیندانیش لە ناچاری لە بێدەنگیدا ماونەوەو تەنانەت کەم نەبوون کەسانێك کە هاووڵاتێتیی ئەمریکاو ئورووپاشیان هەبووە بەڵام لەگەڵ گەڕانەوە بۆ وڵاتەکەی خۆیان، ئامادەی گێڕانەوەی رۆژەکانی گرتووخانە نەبوون.

لە وەها هەلومەرجێكداو سەرەڕای ئەوە کە بەدڕەفتاری و کردەوە دزێوو ناشیرینەکانی کاربەدەستان دژی زیندانیان بۆ هیچ کوردێك نامۆو نائاشنا نیە، ئەوان بە کردەوەی بوێرانەی خۆیان دەستیان بە لەقاودانی نادادپەروەرییەکانی کۆماری ئیسلامی کردوە.

لە وڵاتی ئێران، رێژیم بە هەر شێوەیەك دەردەسەر سازە، ئەو هەڤاڵانە بەو حەرەکەتەی خۆیان دووجار گیانی خۆیان لە مەترسی هاویشتووە.

لە کۆمەڵگایەکی وەك ئێرانداو بۆ پشتیوانی لە گیانی مرۆڤەکان کە تاوانیان سەرنج راکێشان و ئاگادار کردنەوەی کۆمەڵگایە سەبارەت بە بێعەداڵەتییەکانی دەزگای حکوومەت، تا ئێستا وەك عورف و عادەتێکی هەمیشەیی، ویژدانە ئاگاو بەخەبەرەکانی کۆمەڵگاو داواکارانی مافی یەکسانی هاتوونەتە قسەو نموونەی لەم جۆرە لە کۆمەڵگاکانی تردا بینراوە.

بێگومان زۆر کەس لەبیریانە کە لە ساڵی ٢٠٠٠و لە سەروبەندی پێنانە نێو سەدەی بیست و یەك، هەزاران زیندانیی چەپخوازی کوردو تورك لە تورکیە، بە مانگرتنی چەند مانگەو بە بەخشینی گیانی خۆیان لە پێش چاوی کامێرای هەواڵنێرەکان، لە رێگای ئامانجی خۆیاندا، سەرنجی ویژدانە ئاگاکانی جیهانیان بۆ لای خۆیان راکێشا.

حکوومەتی بەرژەوەندخوازەکان کە قازانج و بەرژەوەندییەکەیان گرێدراوی دەوڵەتی دەسەڵاتدارە، چاوەکانیان لە حاست ئەم کارەساتە ئینسانییە نوقاندو لە کۆتاییدا، تەنیا ویژدانە وشیارو زیندووەکانی هاودەردیی خۆیان لەگەڵ ئەو تراژیدیایە دەربڕی.

ئێستا لەگەڵ مانگرتنی زیندانییانی سیاسیی کوردو بە سەرنج دان بەوە کە بەرژەوەندیی حکوومەتەکان، دەبێتە لەمپەری سەر رێگای هەڵدانەوەی بابەتێکی لەم شێوەیە. کوردەکان لەم قۆناخەدا، چاویان بڕیوەتە کردەوەو هەنگاو هەڵێنانەوەی ویژدانە وریاو بەخەبەرەکانی کۆمەڵگای ئێران.




## کوردەکان لەم قۆناخەدا، چاویان بڕیوەتە کردەوەو هەنگاو هەڵێنانەوەی ویژدانە وریاو بەخەبەرەکانی کۆمەڵگای ئێران

شاهیدی بێدەنگیی ویژدانە ئاگاو وشیارەکانی کۆمەڵگەین. تا ئێستا بێجگە لە یەك دوو سایتی خاوەن ئیعتیبار، هیچ رەنگدانەوەیەکی تری لە نێو بیروڕای گشتیی ئێرانییەکاندا نەبووە.

لەم چەند ساڵەی دواییدا، کە باسکردن لە سەر پێویستی چالاکییە مەدەنییەکان لە گۆڕێدا بووە، کوردەکان سەرەڕای روانینی ئەمنییەتیی حکوومەت لە کوردستان، گرینگترین رۆڵیان لەم بارەوە بینیوەو نرخی ئینسانیی لە چەند وڵاتی ئورووپایی و ئەمریکایی وەڕێ خست. لە نێو ملیۆنان کەس لە ئێرانییەکانی دانیشتووی وڵاتانی دەرەوە، چەندین کەس ئامادەی بەشداری و تێکەڵبوون لەو حەرەکەتەدا بوون.

نابێ هەروەها بە سادەیی لە پەنا بابەتێکی لەم جۆرە، تێ-پەڕین. دەبێ ئەو بێخەمیە لە لاوازی ئاوەزی نەتەویی دا سەیر بکەین.

لە شاری ئانکارای تورکیە، هەژمارێکی کەم لە ئێرانییەکان لە هەمبەر دەرگای رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە تورکیە، زۆریشیان بۆ داوە.

گرینگی دان بە وەها کارێك، باوەڕێکە کە لە ناخی کۆمەڵگەی کوردستاندا بەهێزەو تەنیا لە چوارچێوەی سنووری کوردەکانی ئێراندا پێناسە ناکرێ.

دەبێ لەبیرمان بێ کە کاتێك لە ساڵی ٢٠٠٢ ز ـ ئاغای ئەکبەری گەنجی پاش سێ مانگ مانگرتن لە خواردن و سەرەنجام ئازادبوونی پاش تێپەڕاندنی دەورانی مەحکوومییەتەکەی و سەفەر بۆ ئورووپا، مانگرتنێکی سێ رۆژەی دەستیان بە مانگرتنێکی سێ رۆژە کردبوو.

لە ماوەی ئەو مانگرتنەدا، لە لایەن هێندێك لە بەرپرسانی پارتی کۆمەڵگەی دێموکراتیك (DTP) تورکیە، کە حیزبێکی کوردییە، و لە لایەن سیمای هەڵکەوتووو ناسراوی کورد، ژنە شۆڕشگێڕ خاتوو لەیلا زاناوە هاودەردییان لەگەڵ کرا.

مەسەلەی ناکۆکی و لێك دوورکەوتنەوەی ئێرانییەکان، مەتەڵێکی هەڵ نەهێنراوو بێوەڵامی نێو خەڵکی ئاسایی و چینی بژاردەی کۆمەڵگایە کە بەڵای هەنووکەیی و داهاتووی ئێرانە. ئەو دوورەپەرێزی و بێخەمییەن لە وەها قۆناخێکدا زیاتر خۆی دەردەخا. لە کۆمەڵگا زیندووو پایەدارەکاندا، حەرەکەتە کۆمەڵایەتییە ئامانج دارەکان بێ راوەستان بوونیان هەیە.

لە ساڵی ٢٠٠١، لە سەرانسەری زانستگاکانی تورکیە، تۆماری واژۆ بۆ ئازادیی زمانی کوردی لە نێو خوێندکاران دا کۆ کرایەوە، لە نێو ٤٥٠٠٠ واژۆی کۆکراوە زیاتر لە ٥٠٠٠ واژۆ هی خوێندکارانی تورکیە بوون.

ئەمە لە حاڵێك دایە کە هیچ چەشنە هاوبەشییەکی نەتەوەیی لە نێوان کوردەکان و تورکەکان لە تورکیە لە ئارادا نیە. بەڵام لە ئێران، لە حاڵێك دایە کە هاوبەشیی فەرهەنگیی زۆر لە نێوان کوردەکان و فارسەکاندا هەیە، هەستی هاودەردی و هاوکاری لەگەڵ کوردەکان لە رادەی سیفر دایە.

بەداخەوە، سەرەڕای رەسەنایەتیی و بە رەچەڵەك ئێرانی بوونی کوردەکان کە لە وتە هەمیشەییەکانن و ئامۆژگاری کردنی کورد بۆ رووکردنە چالاکییە مەدەنییەکان، ئێستا کە شێوەی خەباتی دڵخوازی ئەوان لە لایەن کوردەکانەوە بە هێند وەرگیراوە، هەتا بەڵکوو پشتیوانی لە مانگرتنی زیندانییانی سیاسی جۆرێك هاوپێوەندیی لەگەڵ خۆی بێنێ، هەر ئەو کەس و رێکخراوانە، ئامادەی تەنانەت ناو هێنانی ئەو حەرەکەتە نین. یان لە باشترین حاڵەتدا، بە نووسینی بەیاننامەیەك لە سایتەکاندا واز دێنن. کە بەدواداچوانی مەسەلە هەنووکەییەکان و کۆڕە سیاسییە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستانیان، کە بە نیگەرانییەوە بۆ چارەنووسی زیندانییان دەڕوانن، گێژ کردوە.

بۆ دۆزینەوەی ریشەی ئەو دوورەپەرێزی و دژوارییانە دەبێ لە کوێ بگەڕێین؟

لە روانینی هەلاوێرانەی ریشەیی ئێرانییەکان، سەبارەت لە کێشەی کوردەکان و بوونەوەرێك لە ناوی ئینسانی کورد؟ لە تێگەیشتنی لە چالاکیی مەدەنی تەنیا چوارچێوەی قسەو ژێستی سیاسیدا؟ یان لە بێتوانایی سەبارەت بە چارەنووسی وڵاتی ئێران؟

---

## پەیڤ

# دیکتاتۆر چۆن دروست دەبێ؟

کەریم شەریف قەرەچەتانی

هیچ دیاردەیەك لە ژیاندا بەبێ هۆ و بنەما دروست نابێت بەڵکوو دەبێت کۆمەڵێك هۆکار لەتەك یەکتردا کارلێك بکەن و زەمینە و کەشوهەوای گونجاوی بۆ بخولقێت ئینجا ئەو دیاردەیە لە منداڵدانی ژیاندا سەر هەڵدەدات، بێگومان دیکتاتۆریەتیش وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەروونی رامیاریی بنەما و زەمینەی تایبەتی خۆی هەیە و لە ئەنجامی کار لێکردنی کۆمەڵێك هۆکاری دەرەکی و ناوەکییەوە، درووستبووە.

لەبەر رۆشنایی ئەو بۆچوونەوە دەتوانین ئەم دەرەنجامانەی خوارەوە هەڵبهێنجین:

١ـ دوور نیە ژینگەی خێزانی بەرپرسی یەکەم بێت بۆ درووست کردنی هەندێك لە دیکتاتۆرەکان، هەندێك لە دیکتاتۆرەکان لە خێزانی لێکترازاو پڕ لە گرفت و ملمڵانێدا ژیاون و لە سەردەمی منداڵیدا لە سۆز و رێنمایی و چاودێری دایك و باوك و کەسانی گرنگی چوار دەوریان بێبەش بوون و کەسایەتییەکی ئاساییان بۆ دروست نەبووە و ئەو رق و کینە و بێبەشبوونەی سەردەمی منداڵییان بووە بە هەوێنی دیکتاتۆرییان و لە گەورەییدا تۆڵەی خۆیان لە کۆمەڵ و دامودەزگاکانی دەکەنەوە.

٢ـ هەندێك جار دیکتاتۆر نەخۆشەو تووشی یەکێك لە نەخۆشییە دەروونی یان ژیرییەکان بووە و ئەو نەخۆشییە دەبێتە بەرپرسی یەکەم بۆ دروستکردنی دیکتاتۆرییەکەی.

٣ـ هەندێك جار دوور نیە یەکێك لە گرێ دەروونییەکان بەرپرس بێت لە دروستکردنی دیکتاتۆر، بۆ نموونەگرێی دەروونی هەستکردن بە کەمی زۆرجار پاڵنەری سەرەکییە بۆ هەڵسوکەوتی دیکتاتۆرییانە.

٤ـ ئەو کەسەی باری دەروونییەکەیان ئاڵۆز بێت و کۆمەڵێك گرفتی تایبەتی خۆی هەبێت و رێکەوتی ئەوە بکات بچێتە نێو پارت و کۆمەڵ و دامودەزگایەکی داپڵۆسێنەرەوە، ئەو کاتە دوور نیە ئەو پارت و کۆمەڵ و دامودەزگایانە ببن بە ژینگەیەکی لەبار بۆ دەربڕینی ئەو رق و کینە و تووڕەییە و دواجار هێز و دەسەڵات بکەوێتە دەستی و ترسناکترین دیکتاتۆری لێ دەربچێت.

٥ـ هەندێك جاریش کۆمەڵ و ژینگەی دواکەوتوو شان و باڵ بۆ مرۆڤ دروست دەکەن و لە خشتەی دەبەن و وردە وردە دەیکەن بە دیکتاتۆر.

٦ـ زوڵم و ستەم و چەوسانەوە ئەگەر بەردەوام بێت و هەندێك تاك و کۆمەڵ و گەل و نەتەوە، ببنە قوربانیی دەستی، ئەوا دوور نیە دیکتاتۆری وەڵامدانەوە و رەنگدانەوەی پێویستی ئەو بارودۆخ و ژینگە دژوارە بێت.

ئەو هۆکارانەی سەرەوە یان بە تەنها یان بە ئاوێتە بوونیان دیاردەی دیکتاتۆر دروست دەکەن.

تێبینی:

* ئەم بابەتە لە گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە ١٣دا بڵاو کراوەتەوە و لەم ستوونەدا کورتەیەکی پێشکەش بە خوێنەران کراوەتەوە.

# فەلسەفەی سیاسی چیە؟

رامین جەهانبەگلو
بەشی یەکەم
و. بۆ کوردی: ئامانج

ئەمڕۆکە ناتوانین بە دابڕان و بەبێ پێوەندی لەگەڵ نەریتی فەلسەفەی سیاسی ڕۆژئاوا سیاسەتی مودێرن وێنا بکەین، چونکە بۆ دروست کردنی دابڕانێکی ئەوتۆ دەبێ مێژووی هزری سیاسیی ڕۆژئاوا بناسین و سەبارەت بەو پرسیار بوروژێنین. لە بارێکی ئەوتۆدا ئێمە جارێکی دیکە دەکەوینەوە نێو نەریتی فەلسەفەی سیاسیی ڕۆژئاواوە. نەریتی فەلسەفەی سیاسی لە ٢٥ سەدەی رابردوودا بە شێوەی نەریتێکی دابڕان خۆی دەنوێنێ کە تا ئەمڕۆ زۆر لە بیروڕاو ڕێبازە فکری و فەلسەفییەکانی مرۆڤایەتی خستۆتە بەر پرسیار. بەردەوامی و درێژەی ئەم نەریتی دابڕانە بەم هۆیەیە کە فەلسەفەی سیاسی هەمیشە بە دوای حەقیقەتێکدا دەگەڕێ کە واتای خۆی لە بزاوتی خۆیدا دەدۆزێتەوە. بۆیە، لەبەر ئەوەی کە هەر چەشنە پرسیارێکی فەلسەفی سەبارەت بە سیاسەت لەم بزاوتە خۆبەخۆیەی چەمکی حەقیقەتدا کورت دەبێتەوە، کەواتە هەڵەیە ئەگەر بڵێین ئەمڕۆکە توانا کاریی هێنانە گۆڕێی هەر چەشنە پرسیارێکی فەلسەفی و هەڵسەنگاندنی رەخنەگرانەمان دەربارەی رووداوە سیاسییەکانی لە دەست داوە، چونکە ئەگەر وابایە واتەزایەك بەناوی فەلسەفەی سیاسی نەدەبوو. هێنانەگۆڕی پرسیار دەربارەی سیاسەت بەواتای هەڵکەوتن لە چوارچێوەی فەلسەفەی سیاسی وەك لقێکی تێکنیکی و زانستی نیە. فەلسەفەی سیاسی بە پێچەوانەی فیزیکی ناوکی یان ژینناسیی وردیلەیی لقێکی تایبەمەند نیە، چونکە فەزایەکی داخراو نیە کە لەودا فیلسوفەکان تەنیا خەریکی وتووێژو پەیڤین سەبارەت بە فەلسەفە بن. بێگومان وتووێژێکی ئەوتۆ لە نێوان هاووڵاتییانی کۆمەڵگەیەکدا پێك دێ و لە چوارچێوەی چەمکە فکرییەکاندا شێوەی فەلسەفەی سیاسی بە خۆیەوە دەگرێ. بەڵام فەلسەفەی سیاسی خاوەنی تایبەتمەندییەکە کە لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە لە یۆنانی کەونار تا ئێستا هەبووە. ئەم تایبەتمەندییە پرسیار کردنە سەبارەت بە بۆو چۆنیەتیی ژیانی مرۆڤەکان لە کۆمەڵگەی سیاسیدا. ئەم پرسیارە گرنگە هەر لەو کاتەوە پرسیارێکی تەوەرییانەی دیکەی لەگەڵ بووەو ئەویش هێنانە بەرباسی پرسی "باشترین جۆری ژیانی کۆمەڵایەتی" یان بە واتایەکی دیکە هێنانە گۆڕێی پرسیاری " باشترین رێژیمی سیاسی"یە. رەنگە هەر بەم هۆیەیە، پرسیار کردن دەربارەی دەسەڵات و بەردەوامیی ئەو لە مێژوودا دەخرێتە ریزی پرسیارە گرنگەکانی فەلسەفەی سیاسییەوە. هەروەها یەکێك لە پرسە گرنگەکانی فەلسەفەی سیاسی هەمیشە ئەمەیە کە ئەم دەسەڵاتە چ دامەزراوەگەلێکی لە تەك دایە، واتە لە چ چوارچێوەیەکی مەدەنیدا پێك دێ. یەکێك لە دامەزراوەکان "قانون"ە کە لە روانگەی فەلسەفەی سیاسییەوە لە جەوهەری سیاسەت جیا نیە.

هەروەها بۆ فەلسەفەی سیاسی هاتنەگۆڕێی پرسیاری بنەمایی "سیاسەت" باس کران لە پێوەندی نێوان فەزای گشتی و فەزای تایبەتیشی "جیانەکردنەوەی ئەو لە نێوان کلاسیکەکان و جیا کردنەوەی ئەو لە نێوان مۆدێرنەکاندا) لەگەڵ دا بووە.

کەواتە هەروەك کە دەبینین فەلسەفەو سیاسەت جیا نەکراوەن. فەلسەفە لە کۆمەڵگەی مرۆڤەکان واتە لە کۆمەڵگەی سیاسیدا سەرهەڵ دەداو هزرکاری دەربارەی سیاسەت بۆ خۆی دەبێتە چەمکێکی فەلسەفی. هەر بەم هۆیە، هزری فەلسەفی بیرکردنەوەیەکی تاکەکەسییە بەڵام واتایەکی کۆیی هەیە، چونکە لەبارەی واتاکانەوە قسە دەکا کە گشتی و جیهانیین. بە دەربڕینێکی دیکە، پرسیارکردن سەبارەت بە ژیانی هاوبەشی مرۆڤەکان پرسیارێکی فەلسەفییە. ئەم پرسیارە "لە"و "بۆ" کۆمەڵگە سیاسییە جۆراوجۆرەکان واتای جیاوازی هەیە. ئەم کۆمەڵگایانە دەتوانن دێموکراتێك بن یان سەرەڕۆیانەو توتالیتێر، واتە بە واتایەك "کۆمەڵگەی کراوە" بن یان "کۆمەڵگەی داخراو". کۆمەڵگەی دێموکراتیك بەرهەمی دیاردەیەکە کە تۆکوێل پێی دەڵێ "شۆڕشی دێموکراتیك". دێموکراسی لە روانگەی ئەوەوە دیاردەیەکە کە گەیشتۆتە کۆتایی زنجیرە پلەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و گەشەی تاکایەتی. لە کۆمەڵگە دێموکراتیکەکاندا بە پێچەوانەی کۆمەڵگە سەرەڕۆیانەو توتالیتێرەکان قانون لە سەرەوەڕا بە تاکەکان نادرێ، بەڵکوو ئاکامی کرداری سووژە ئازاد و سەربەستەکانە کە وەك هاووڵاتیی سیاسی بارێکی ناوەکی بە قانون دەدەن. بەم پێیە لە روانگەی فەلسەفەی سیاسییەوە پرسیار کردن سەبارەت بە سیاسەت، پرسیارکردنە دەربارەی "ژیانی هاوبەش"ی مرۆڤەکان و فیلسوف کەسێکە کە سەبارەت بەم ژیانە هاوبەشە بیر دەکاتەوەو بە زەینێکی ئازادەوە لەسەر ئەم بابەتە لەگەڵ کەسانی دیکە دەکەوێتە وتووێژەوە. بەڵام فیلسووف بۆ قسە کردن دەربارەی ژیانی سیاسی (کە بەپێی پێناسە کارێکی هاوبەشە) پێویستی بە فەلسەفەی سیاسی هەیە. لەبەر ئەوەی کە فیلسووف بۆ خۆی هاووڵاتیی کۆمەڵگەی سیاسییە کەواتە دەتوانین ئاکامگیری بکەین کە فەلسەفەی سیاسی بۆ خۆی بەرهەمی کۆمەڵگەی سیاسییە کە سەبارەت بە ئامانجە لوتکەییەکانی ژیانی هاوبەشی خۆی بیر دەکاتەوە. بە واتایەکی دیکە، هەر بەو رادەیە کە سیاسەت بە واتای هونەری ڕێکخستنی کۆمەڵگە، لە درێژایی سەدە یەك لە دوی یەکەکان لەگەڵ ئێمەدا بووە، هەر بەو رادەیەش پرسیاری فەلسەفی دەربارەی سیاسەت لە کۆمەڵگە سیاسییەکاندا هاتۆتە گۆڕێ. هۆکاری ئەم کارە دەتوانین لەم بابەتە ببینینەوە کە سیاسەت نێوەرۆکێکی بەتەواویی مرۆڤانەی هەیە، واتە نە جەوهەری ئاژەڵانەی هەیەو نە جەوهەری ئیلاهی، بەڵکوو دەگەڕێتەوە بۆ جەوهەری کۆمەڵایەتیی مرۆڤ. بەڵام ئایا دەتوانین هەر کۆمەڵێکی مرۆیی بە کۆمەڵگەی سیاسی دانێین؟ و ئایا لە کۆمەڵگەی مرۆییدا هەموو شتێك سیاسییە یان ئەمە کە دەبێ لە نێوان سیاسەت ( A POLITIQE – PAITICS)و کاری سیاسی ( LE POLITIQUE – POLICR)دا جیاکاری بکرێ؟ هەروەها چۆن دەبێ لە نێوان ئەو شتەی سیاسییەو ئەو شتەی سیاسی نیە (بۆ وێنە رەهەندی جوانیناسی ) جیاوازی دابنرێ؟ هەر ئەوە نیە کە سیاسی کردنی رەهەندە ناسیاسییەکان هەمیشە کارەساتی لێ-دەکەوێتەوە (دوو ئەزموونی فاشیسم و ستالینیسم لە سەدەی بیستەمدا بەڵگەی ئەم کارەن)؟

کەواتە بە چ شێوەیەك دەربارەی فەلسەفەی سیاسی دەکرێ؟ تا چ ئاستێك دەتوانین باس لە فەلسەفەیەك بکەین کە توێژینەوە دەربارەی سیاسەت دەکا، بەڵام مەترسیی ئایدۆلۆژیی بوون هەڕەشەی لێ ناکا؟ لە راستیدا کاتێك باس لە فەلسەفەی سیاسی دەکرێ، دەبێ جیاوازییەك لە نێوان ئەوو زانستی سیاسی دانرێ. زانستی سیاسی بە ناسینی پێدراوەکانی کرداری سیاسی دەگوترێ کە دەربارەی بواری بڕیاردانی سیاسی توێژینەوە دەکا. بەم چەشنە، زانستی سیاسی سەبارەت بە تایبەتمەندییە خاسمانییەکانی سیاسەت تاقیکاری دەکەن بەڵام کارێکیان بە جەوهەری سیاسەت نیە، واتە ئامانجی ئەو، جۆرێك دیاردە ناسیی سیاسییە. لە بەرامبەردا، فەلسەفەی سیاسی سەرنج دەداتە چیەتی، واتاو پێکهاتنی چەمکی سیاسەت، واتە ئامانجی ئەو جۆرێك دیاردەناسیی سیاسەتە. رەنگە هەر لەبەر ئەم هۆیە، فەلسەفەی سیاسی لە باوێتیی سیاسەت دوور دەکەوێتەوەو وەك بیرێکی فەلسەفی روانینێکی رەخنەگرانەی بۆ واتەزای سیاسەت هەیە. بەڵام مەوداگرتنی فیلسوفی سیاسی لە باوێتیی سیاسەت بە واتای دوورەپەرێزیی ئەو لە واتای




مێژووی مرۆیی نیە. فیلسوفی سیاسی لە تەنیاییدا لە ژووری کارەکەی خەریکی نووسینە بەڵام بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژوو لەگەڵ راستینەی سیاسی دەستەویەخەیە. لە راستیدا دەتوانین بڵێین کە فیلسوفی سیاسی بە جۆرێك "رەخنە لە ئاوەزی سیاسی" دەگرێ، واتە لە دادگای ئاوەزدا خەریکی دادوەری سەبارەت بە چەمکی سیاسەتە. لێرەدا دەبێ ئاماژە بە جیاوازیی نێوان فیلسوفی سیاسی و ئیدیۆلۆگ بکرێ. ئیدیۆلۆگ زیندانیی پێکهاتەی بڕوامەندانەی پرۆژەی سیاسیی خۆیەتی لە کاتێکدا فیلسوفی سیاسی بە هەڵسەنگاندنی رەخنەگرانەی پرۆژە سیاسییەکان چوارچێوە بڕوامەندانەکان دەخاتە بەر پرسیار. ئیدیۆلۆگ، بە بەردەوامی و هەمیشە داکۆکی لە حەقیقەتێکی سیاسی دەکا کە بە رەهای دادەنێ، بەڵام فیلسوفی سیاسی بەردەوام خەریکی گەڕان لە حەقیقەتی سیاسییە. رەنگە هەر بەم هۆیەشە فەلسەفە لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە تا ئەمڕۆ سەبارەت بە "داهێنان و خوڵقاندنی سیاسی "پرسیاری هێناوەتە گۆڕێ.

ئەگەر بۆ ریشە یۆنانییەکانی دوو چەمکی "سیاسەت"و "فەلسەفە" بگەڕێینەوە، واتە بۆ دوو وشەی POLITEIAو PHILOSOPHIA، دەبینین کە لەلای یۆنانی کەونار ئەم دوو بابەتە تەنیا لە چوارچێوەی دەوڵەتشار یان پۆلیسدا واتایان هەیە.

لە روانگەی یۆنانیانی کەونارەوە "سیاسەت" لە بنەڕەتدا کارێکی مرۆییە نەك ئیلاهی. هەروەها سیاسەت لە پۆلیسی یۆنانی دا دەکەوێتە چوارچێوەی روانینی جیهانی تەوەرەوەو بەشێك لە سروشتی جیهانەوە. کاتێك ئەرەستو دەڵێ: "مرۆڤ بە شێوەیەکی سروشتی ئاژەڵێکی سیاسییە". مەبەستی ئەو ئەمەیە کە جەوهەرو سروشتی مرۆڤ، ئەویان بۆ ژیان لە دەوڵەتشاردا ئامادە کردوە. کەواتە دەوڵەتشار یان پۆلیس (POLIS) کە وشەی سیاسەت (POLITEIA) لەو وەرگیراوە، کۆمەڵگەیەکە کە بەشێوەی سروشتی پێك هاتووەو راستینەی ئەو لە چوارچێوەی تەکووزیی جیهانیدا واتا دەدا. بە واتایەکی دیکە، لە روانگەی یۆنانییانی کەونارەوە مرۆڤ هۆیەکی بۆ دۆزینەوەی ژیانی سیاسی نیە، چونکە بە شێوەی "پێدراوە سروشتییەکان" کەوتۆتە دەستی. " پرسی سەرەکیی مرۆڤەکان قەوارە بەخشین و ڕێکخستنی ئەم " پێدراوە سروشتی"یانەیە کە ئەرەستو وەك "ڕێکخستنی سیاسیی کۆمەڵگە" (POLITEIA) باسی لێوە دەکا. بەم چەشنە، سیاسەت لە روانگەی یۆنانییانی کەونارەوە "هونەری ڕێکخستنی کۆمەڵگەیەك"ە کە لەسەر بنەمای لۆژیکی گەردوونتەوەر پێك دێ. هەر بەم هۆیە، لە روانگەی فیلسوفانی یۆنانییەوە ژیان لە دەوڵەتشاردا کارێکی پێویستە. بە بۆچوونی ئەرەستو "ئەو کەسەی کە ناتوانێ لە کۆمەڵگەدا بژی یان ئەو کەسەی کە خۆژێنەو پێویستی بە کۆمەڵگە نیە، یان خودایە یان ئاژەڵێکی درندەیە"، کەواتە لەلای یونانییانی کەونار لوتکەی "سیاسەت" ژیان لە دەوڵەتشار دایە کە لە گەڵ خۆیدا، زانستی کردار هەڵ گرتوە. "زانستی کردار" ناسینێکە کە لە ڕێگەی داهێنانی ڕێوشوێنەکانەوە هونەری ڕێکخستنی کۆمەڵگە دێنێتە گۆڕێ. لەم رووەوە، سیاسەت تەنیا بەڕێوەبەریی کاروباری کۆمەڵ نیە. بەڵکوو هەروەها کارو کردارێکە بە مەبەستی هەڵبژاردنی دروستی ڕێوشوێنەکان. ئەم ڕێوشوێنانە لەلایەن چ کەس یان کەسانێکەوە هەڵ دەبژێردرێن؟ لە روانگەی ئاتێنییەکانی سەدەی پێنجەمی بەر لە زایینەوە، دادوەری سەبارەت بە ڕێوشوێنەکان و هەڵبژاردنی دادپەروەرانەو دروست، هیچ کات لە ئەستۆی تاکێك نیە، بەڵکوو لە دەسەڵاتی کۆیەکدا شاراوەتەوە. هەر بەم هۆیە، ئەرەستو لە بەشی سێهەم، پاژی یەکەم، پاراگرافی ١٢٧٥ی کتێبی سیاسەتدا دەنووسێ:"لە ئاتێنی دێموکراتیکدا دەسەڵات هیی هیچ کەس نیە".

ئاتێنییەکان کە لە بڕیاردانە سیاسییەکاندا بەشدارییان هەیە و هەموویان لە یەکسانیی گوتار و یەکسانی لە بەرانبەر قانوون بەهرەمەندن، هاووڵاتییانی پیاوی سەرووی ١٨ ساڵ و کوڕی باوك و دایکێکی ئاتێنین. لەم رووەوە، دەوڵەتشار تەنیا فەزایەك بۆ زیندوو مانەوە نیە، بەڵکوو بەر لە هەر شتێك "فەزای سیاسیی ژیانی هاوبەش"ە، واتە پانتاییەکی گشتی کە کۆ لەودا ئامادە دەبێ. کەواتە حەقیقەتی دەوڵەتشار حەقیقەتی کرداری ئازادی هاووڵاتییانە. لەبەر ئەمە، حەقیقەت راستییەکی بەرزە کە لە جەوهەری دەوڵەتشار جیایە. دەوڵەتشار لە بڕواکان و بیروڕای هاووڵاتییاندا کورت دەکرێتەوە. لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە نەریتی ئەفلاتونیی بەربەرەکانێ لەگەڵ بڕواکان و گەڕان بەدوای حەقیقەتی بەرزدا لە جیهانی بیرۆکەکانیدا بکەین کە ئاکامی دژایەتیی سەرسەختانەی ئەفلاتون لەگەڵ کارکردی دێموکراسی ئاتێنییە. ئەفلاتون بە پێداگرتن لەسەر جیایی "جیهانی بیرۆکەکان" لە"جیهانی ژیان"ی دەوڵەتشاری ئاتێنی، ئۆتوریتەی حەقیقەتێکی بەرز دەخاتە نێو فەلسەفەی سیاسی یۆنانی کەونارەوە.

فەلسەفەی سیاسیی سەدەکانی نێوەڕاست کە ئاکامی گەشەی مەسیحایەتی لە ئورووپا دایە، باندۆری لە دوو نەریتیی فەلسەفەی ئەفلاتونی (لە یۆنان)و رەواقی (لە رۆمی کەونار) وەرگرتوە. لەبەر ئەوە دنیای سەدەکانی نێوەڕاست فەلسەفەی سیاسی دەخاتە ژێر دەسەڵاتی ئیلاهیاتی مەسیحییەوە. فەلسەفەی سیاسیی مەسیحایەتی لەسەر بنەمای هزری فەلسەفیی باوکەکانی کلیسا واتە کەسانێکی وەك ئاگوستین قەدیس، پۆل قەدیس و توماس ئاکویناسی قەدیس داڕێژراوە. پۆل قەدیس لە وتاری خۆیدا بە رۆمییەکان دەڵێ:" جیهانی مرۆڤەکان دەبێ لە قانونی تەکووزیی ئیلاهی پێڕەوی بکا "، ئاگوستین قەدیس بە پێڕەوی لە پۆل قەدیس فەلسەفەی سیاسیی خۆی لەسەر بنەمای جیاکارییەك لە نێوان دەوڵەتشاری ئیلاهی ٩ و دەوڵەتشاری مرۆیی دا دادەمەزرێنێ. بەم چەشنە، تەوەری سەرەکیی فەلسەفەی سیاسیی سەدەکانی نێوەڕاست چیتر چەمکەکانی وەك "پۆلیس" یان سی ویتاس نیە، بەڵکوو چەمکی REGNUM یان ناوچەی دەسەڵاتی پاشاییە، کە مەبەست ناوچەی دەسەڵاتی مەسیحە.

فەلسەفەی سیاسی مەسیحی لە هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتشارێکی ئیلاهیی "ئەم جیهانی"یەوە نیەو باس " PUBLICA RES لە واتەزای "کاری گشتی" ناکا، بەڵکوو باس لە ڕێوشوێن و یاسای ئیلاهی و کۆماری ئیلاهی دەکا. هەر بەم هۆیە، دەوری فەلسەفەی سیاسیی کلیسای مەسیحی دروست کردنی پێوەندیدەرێکە لە نێوان ویستی ئیلاهی و ویستی خەڵکدا. بەڵام فەلسەفەی سیاسیی مەسیحی چەمکی "سیاسەت" دەخاتە چوارچێوەی سیستمێکی زەینیی نوێوە کە مەودایەکی بێکۆتایی و نادیار لە نێوان خوداو خوڵقاوی ئەو دروست دەکا. بەم چەشنە، لە فەلسەفەی سیاسیی سەدەکانی نێوەڕاستدا دەوڵەتشاری مرۆیی واتا فەلسەفییەکەی لە ئۆتوریتەی ئیلاهی وەردەگرێو ئامانجی کرداری مرۆڤەکان لە بواری سیاسیدا شتێك نیە بێجگە لە وەدەستهێنانی ژیانی دنیای کۆتایی (آخرت). کەواتە هەروەك کە بۆ یۆنانییە کەونارەکان دەوڵەتشار بەبێ گەڕانەوە بۆ فوسیس و چوارچێوەیەکی گەردوون تەوەر بێسوودو بێواتا دەنوێنێ، هەر بەم شێوەیە لە روانگەی فەلسەفەی سیاسیی سەدەکانی نێوەڕاستەوە کرداری مرۆیی بەبێ سەرنجدان بە روانینێکی خودا تەوەر شیاوی لێدوان و باس کردن نیە.

دابڕانی راستەقینەی فەلسەفەی سیاسی مۆدێرن لە هزری سیاسیی کلاسیك لە سەدەی حەڤدەیەمی زایینی روو دەدا. لێرەدا مۆدێرنیتە بە رەخنە لێگرتن و تێپەڕین لە دوو روانگەی گەردوون تەوەری یۆنانی و خودا تەوەری سەدەکانی نێوەڕاست جیهانێکی ئاوەز تەوەر وەدەست دێنێ. لەو کاتە بەملاوە بابەتی سەرەکیی فەلسەفەی سیاسی بریتییە لە باس کردن سەبارەت بە "داهێنانی سیاسی". بە واتایەکی دیکە، سیاسەت دەبێتە بەرهەمێکی مرۆیی کە دەبێ دابهێنرێ. لەم سەردەمەدا لەگەڵ تیۆرەکانی پەیمانی کۆمەڵایەتی بەرەوروو دەبین کە ئامانجی سەرەکیی ئەوان شیکاریی سەرهەڵدانی کۆمەڵگەی سیاسی و دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکە بۆ پتەو کردنی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی. پەیمانە کۆمەڵایەتییە مۆدێرنەکان بە پێچەوانەی پەیمانەکانی سەردەمی کەونارو سەردەمی سەدەکانی نێوەڕاست هەموویان پێڕەوی لە ئاوەزمەندییەکی سیاسی، فەلسەفی و کۆمەڵایەتی دەکەن و بە پێچەوانەی پەیمانە مەسیحییەکان لە سەر بنەمای روانینێکی پلەبەندیکراو راناوەستن. هەر بۆیە، لە پەیمانە کۆمەڵایەتییە مۆدێرنەکاندا دەسەڵاتی دنیایی ئیتر لە ژێر باڵادەستی و ئۆتوریتەی پاپ و کلیسادا نین.

بە دەست پێکردنی سەدەی حەڤدەیەمی زایینی تیۆریی "مافی سروشتی" جێگای تیۆریی "مافی ئیلاهی" دەگرێتەوەو دەبێتە چەمکی رەمزیی فەلسەفەی سیاسیی مۆدێرن. فەلسەفەی سیاسیی مۆدێرن بە دوور کەوتنەوە لە چوارچێوەی ئیلاهی سیاسی کە خاوەنی نێوەرۆکێکی گشتگەرایە، سیاسەت دەخاتە سەر بنەمای جیهانێکی ئاوەزتەوەر. لە روانگەی فەلسەفەی سیاسیی مۆدێرنەوە سیاسەت ئیتر پێدراوێکی سروشتی نیە، بەڵکوو توخمێکە کە دەبێ دابهێندری. ئەمە قۆناخی یەکەمی مۆدێرنیتەی سیاسییە کە لە هزری ماکیاولیییەوە تا شۆڕشی فەرەنسا لە ساڵی ١٧٨٩دا درێژە دەکێشێ. پرسی سەرەکی کە لەم قۆناخەدا لە بواری فەلسەفەی سیاسیدا دێتە گۆڕێ، پێوەندیی راستەوخۆی نێوان جیهانی ئاوەزتەوەر (یان ئاوەزمەندیی مۆدێرن) و دەسەڵاتی سیاسی (یان دەسەڵاتداری)یە. بە خوێندنەوەیەکی نوێ لە دەقە یۆنانی و رومییەکان روانینێکی نوێ لە فەلسەفەی سیاسی دێتە ئاراوە کە لە چوارچێوەی چەمکی "دەسەڵاتداری"دا دەردەکەوێ. چەمکی دەسەڵاتداری دەربڕی فەلسەفەیەکی سیاسییە کە ئیتر خەریکی وەدەست هێنانی ژیانی دنیای کۆتایی نیە، بەڵکوو بەرەو دامەزراندن و پاراستنی کۆمەڵگەیەکی سیاسییەوە کە لەسەر بنەمای پەیمانی کۆمەڵایەتی داڕێژراوە. مەبەست لە "دەسەڵاتداری" لێرەدا نە دەوڵەتشاری گەردوون تەوەرەو نە دەسەڵاتێکی سیاسی خوداتەوەر، بەڵکوو دەسەڵاتێکی دنیاییە کە پێویستی بە ویست و بەرپرسایەتیی یەك یەکی تاکەکانی کۆمەڵ هەیە. بەم پێیە دەتوانین بڵێین لە چوارچێوەی "دەسەڵاتداری" دایە کە مودێرنەکان مێژوو "لەم دنیایەدا" و لەسەر بنەمای "سیاسەتێکی دنیایی" دروست دەکەن. بەواتایەکی دیکە، فەلسەفەی سیاسیی مۆدێرن لە پێوەندی لەگەڵ سروشتێکی ژمارەیی کراو و بە خاوەن بوودا بیر لە res publica (کاری گشتی) دەکاتەوە، واتە بە پێی چەمکی دێکارێتی res extensa.

# لە رەمەزان دا پاروومان لە رۆنی کەوتبوو

(چیرۆکی کورێکی لەشفرۆش)

نووسینی: عەلی مستە علیزادە وەرگێران: ب. نیان

بەسـەرهاتی دڵتـەزێنتر لـە ژیانی ژنانی لەشفرۆشیش هەیەو ئـەوەی دەیخوێننـەوە یـەك لـەو چیرۆکە تاڵانەیە کە ژمارەیان لـەو وڵاتـەدا رۆژ بـە رۆژ زیـاتر دەبـێ. هەمووان بە چاوی کێشەو تـاوان لەو کەسانە دەڕوانن. بەڵام کـەس نیە لە لایان دانیشێ‌و گوێی دڵ بە قسەو خەمی ئەوان بسپێرێ، وەك بلێی ئەوانە تاعوونیان بێ.

بەشـێکی زۆری ئـەو ئێـوارە کـاری مـن لەشفرۆشـی‌و بەڕێ کردنی کڕیارەکـانم بـوو. وام لێ هاتبوو هیچ کەسێکم بۆ گرینگ نەبێ. پێم خۆش بوو ئیدز بگـرم‌و لە رێگەی خۆشمـەوە هـەموو ئـەو کەسانە پێـوە کـەم کـە دێنـە لام‌و دەیـان ناسـم‌و تەنانـەت ئەوانـەش کە نایانناسم. هەر بۆیە قـەت نـەم دەهێشت مـشتەرییەکانم کانـدۆم بـەکار بێـنن. بێـزم لـە خـۆم هـەڵ دەسـتا. زۆرجـار بـیرم لـەوەش

بەڵام بۆ دەبـێ بـۆ خـۆم چێـژ لـە هـیچ پیاوێـك وەرنـەگرم. ئـەمن هەمووکات خولیای پێوەندی‌یەکی دوولایەنـە بـووم، بـەڵام بـۆ خـۆم دنیای خـۆمم بەسـەر خۆمدا تێك رووخاند. وەبیر قسەی هاوڕێیـەکم کەوتبوومەوە، ئەو دەیگوت بۆ وا لـە خـۆت دەکـەی؟ بـۆ دەهێڵـی چییان پـێ خـۆش بـێ بەسـەرت بێنن؟ تـەنیا لەبـەر پـوول؟ ئـەمن دەمگـوت نـا لـە بـەر پـوول نیـە،

زولوبیاو سیگارو دووکـەڵ بـەر لـە پارشـێوو شـەوانی حەسـرەتی پێکێك ئارەق.

مـانگی رەمـەزانم زۆر خـۆش دەوێ، زۆرم پـێ جوانـەو هەمیـشەش پـێم جـوان بـووە. ئەگەرچی تاڵترین بیرەوەرییەکانم، دڵتەزێنترین یادەوەری‌یەکانم هـەر هـەمووی لـەو مانگـە دان. مـانگی رەمەزان لوتکەی کاروکاسبیی مـن بوو. ناشزانم بۆ؟ بـەڵام لـە مـانگی



بەسەرهاتە سانسۆر کراوە. ئەگەر پێتـان وایـە دەبـێ بگرین، ئەگـەر پێتـان وایـە دەبـێ هەڵـچن یـان بێـزارو تـووڕە بـن لـەو کەسانەی ئـەو دۆخـەیان بەسـەر ئێرانـدا سەپاندوە، بـەڵام پێشەکی با لـە ناخی دڵـەوە ئـەو واقعـە ترسـناکە ببینن.

### راستییەکی روون

زۆر دەترسـام. ئـەوان دەیـان توانی ئەتکم بکەن، حـەیام بـەرن. ئەمن لەو ماوەیـەدا تێکـەڵاوی زۆر لەو بەسیجی‌یانە ببـووم. تێیـان دا هـەبوو کـە بـە راسـتی خۆشـم دەویستن، کەسانێك کە شانازیشم پێوە دەکردن. بەڵام ئەوانەی ئـەو جارە لـە گـەڵیان تێکـەڵاو ببـووم، ئەوانەی نازانم چۆناوچۆن فریویان دام‌و بەلاڕێیانـدا بـردم، بێـزار لـە هـەموو موسـڵمانێك، لـە هـەموو ئـایین‌و باوەڕێکیـان کـردم. ئـەوان لافـی دینـدارییان لێ دەدا، بـەڵام کاریـان تـەنیا هەڵخەڵەتانـدنی کەسـانێکی وەك مـن بـوو. پارکـەکانی شـار ببوونـە شـوێنی سـەرەکیی ژیـانی مـن. رۆژ تـا

دەکردەوە کـە کۆتـایی بـەو ژیانـە سووك‌و چرووکەم بێنم. "ئەکبەر" کـە یەکـەم کڕیـاری مـن بـوو، حـەوتووی جارێـك دەهاتـە لام‌و سێکـسی لەگـەڵ دەکـردم. هـەر ئـەویش زۆربـەی کڕیارەکـانی دیکـەشمی بـۆ دەنـاردم. زۆر جـار تەلـەفوونی بـۆ دەکـردم‌و ژمـارە تەلـەفوونی چـەند کەسـێکی پـێ دەدام‌و بـۆ لای ئـەوانی دەنـاردم. "موحـسین"یـش شـەوانە بـە ماشـینەکەی دەیبردمـە سـەر "کار". ئەو رۆژەش حەوت کەسـم بـەڕێ دەکـرد. بـۆ پێـنج شـەممەکانیش کـە لـە چـەند رۆژ پێشترەوە دەیـان گرتمـەوە. هـیچ حەوتوویـەك نـەبوو لـە میـوانی‌و پارتی‌یەکان دا لە سـەریەك چـەند کەسم پێ بەڕێ نەکەن.

رۆژبەرۆژ تـەنیاتر دەمامـەوە، خـەمۆك‌و نـەخۆش کـەوتبووم. لـە تەنیاییەکانمدا پتر وەبیر رابـردووو ژیانی پێشووم دەکەوتمەوە. بـیرم لەوە دەکردەوە کە ئەمن چـەندە چارەڕەشم. بۆ دەبـێ ببمـە هـۆی چـێژ بەخـشین بـە کەسـانی دی؟

خووم پێ گرتووە. ئەو دەیگوت: ئـەوان وردو خاشـت دەکـەن. کاسەی مستەراحت دیوە؟ هـەموو کەس لە سەری دادەنیشێ‌و کـاری خـۆی دەکـا، بۆتـە شـوێنی بـەتاڵکردنی پیـساییەکانی مرۆڤـەکان. مەهێڵـە وەك کاسـەی مستەراحت لێ بکەن. مەهێڵە چێژ شەهوانی‌یەکانی خۆیان لە تۆدا بە تـاڵ بکـەن‌و لێ‌دەن‌و بـڕۆن. لانیکەم لەگەڵ یەکێك تێکـەڵ ببـە کـە لـە چـێژە مرۆییـەکان دا هاوبەشیت بکا. بـەڵام ئـەمن پێـی پـێ دەکـەنیم‌و لـە تەنیـشت ئـەو قسانە تێ‌دەپەڕیم.

مـانگی رەمەزانـە، شـەوانی گریـان‌و تـاریکی، شـەوانی کزیـی ئەستێرەکان، شـەوانی چوون بۆ بەهەشـتی زەهـرا لەگـەڵ کـۆڕی یاران، مـانگی رەمەزانـە، مـانگێگ کە سات بە ساتی بۆ مـن پـڕن لـە بـیرەوەری. چـوونە مزگەوتـەکان، بـەربانگ کردنـەوە لەگـەڵ "هەیئـەت"ەکـان‌و خۆدزینـەوە پـێش لـە هـەموویان. مـانگی رەمەزانـە، شـەوانی بامیـەو

رەمـەزان دا پاروومـان لـە رۆنـی دەکەوت. جا نازانم هەر بۆ مـن وا بـوو یـا بـۆ هـەمووان، ئـەوە نازانم.... لە مـانگی رەمەزانـدا لـە نێـوەڕۆوە کارەکـان دەستی پـێ دەکردو تا ٤ی بەیانیی دەکێشا. ئێـوارە لەگـەڵ کەسـێکدا، نزیـك بـەربانگ لەگـەڵ کەسـێکی دیکـە نیوە شەو یـەکێکی دی، پارشـێوو بەرەبەیان چەند کەسێکی دیکـەو هـەر سـەعاتێ لەگـەڵ یـەکێك‌و کەسـێکی دی و لەگـەڵ هـەموو جـۆرە کەسـێك. زۆربـەی سێکسەکانمان لە حـەمام دا بـوو، چـونکی حەمامـەکانی گـەڕەکی ئێمـە لـە مـانگی رەمەزانـدا هـەتا پارشێو کراوەن. مـانگی رەمـەزان هـاتوە، ئـەمن نـوقمی دەریـای بیرەوەریـم، بیرەوەریـی دوورو نزیـك خـۆش‌و نـاخۆش. ئـەمن کوڕێکی لەشفرۆشم.

وەرگـیراو لـە "نیمـروز"ی لەندەن

---

## سۆژنە

# لاوان لە بەرەنگاریی رێژیم دا

عەلی بداغی

ئامارەکـان بـاس لەوەدەکـەن کـە کۆمـەڵگای لاوی ئێـران تووشـی مەترسی‌یەکی سـەیر هـاتوە: تەمـەنی تاوانکـاری گەیوەتـە خـوار ١٠ سـاڵ، تەمەنی توشبوون بە ئیعتیاد بۆ ژێر ١٣ ساڵ دابەزیوە، ئاسـتی تەمـەنی لـە شفرۆشی بە١٤ ساڵ گەیشتوە، لە چاو پێش راپەڕینی گەلانی ئێران راکـردن لـە مـاڵ لـە لایـەن کـچانەوە، ٢٣٪ چـۆتە سـەرێ، رێـژەی تـەڵاق ٢٧٪ و خۆکوژی لە نێوان لاواندا ٣٠٪ پەرەی سـەندوە و هـەموو ئەوانـە بەرهـەمی دەسەڵاتدارێتی رێژیمی کۆماری ئیسلامن.*

رێـژەی کـۆچ بـۆ هەنـدەران یـان باشـتر وایـە بلـێین راکـردن لـە وڵات و نیشتمان لە هـیچ بڕگەیـەکی مێـژوویی‌دا بـە قـەرا تەمـەنی دەسـەڵاتدارێتیی کۆماری ئیسلامی بەسەر ئێران دانەبووە، راکردنی مێشکەکان، دەرچـووانی زانکـۆ و لاوانـی تـەمابڕاو ساڵە و سـاڵ روو لـە زیـاد بـوون دایـە، ئەوانـەی زیندانەکانی رێژیمیان پێ قەڵاپرچـن کـراوە، زۆربـەی هـەرەزۆر و نیزیـك بـە تەواویان، ئەوانەی مەحکووم بە ئیعدام کراون، ئەوانەی بەپـەتی سـێدارەوە هەڵ واسراون، نیزیك بە تـەواویان هـەموو ئـەو لاوانـەن کەتەمـەنیان ژێـر ٣٠ ساڵ و هاو تەمەنی رێژیمی کۆماری ئیسلامن.

بێکاری،بێ هیوایی، ون بوونی شـوناس و لادان لـە بـەها کۆمەڵایـەتی و بایەخە ئایینی‌یەکان بەشێکی دیکە لە و خەسارانەن کە بەرۆکی کۆمـەڵگای لاوی ئێرانی گرتوە.

کۆمەڵگای لاوی ئێـران نـوقمی قـەیران و کێـشەی پرمەترسـی‌یـە، بـەڵام خاڵی گرینگی لێرەدایەکە حەشیمەتی لاوی ئێران پەرودەکراو وپێگە یشتوو لە نێو سیستیم و نیزامێکن کە خۆی بە نیزامێکی ئاسمانی، یەکسانیخواز و سەر چەشنی کۆمەڵگایەکی مۆدێرنی مرۆیی لە هەنووکەی جیهان دا پێناسە دەکا.

بەرپرسـانی رێـژیمی ئیـسلامیی ئێـران لـە دوای گرتنەدەسـتی جڵـەوی دەسەڵات و بۆ مانەوە و بەردەوامیی خۆیان لە لوتکەی دەسەڵات دا کەوتنە بیری پەروەردە کردنی نەوەیەکی نوێ لە حەشـیمەتی ئێـران. نەوەیـەك کـە گۆشکراوی رێوشوێن و پڕەنسیپە ئیدئۆلۆژیکییەکانی خۆیان بـێ، نەوەیـەك کـە بـە بایەخـە شۆڕشـگێڕانەکانیان!، بەبنـەما ئیدئۆلوژیکییـەکانیان! پـەروەردە کـرابن و بـۆ ئـەو مەبەسـتەش دەیـان رێکخـراو دەزگـا و مۆئەسیسەیان وەگەڕ خست، نیزامی پەروەردەیی نوێیان بەپێی بنـەماکانی خۆیان داڕشتەوە، لە رێگەی دەزگاکانی راگەیاندنەوە کە لە پـاوانی خۆیـان دابـوو، ئـەوەی مەبەسـتیان بـوو دەرخـواردی منـداڵ و گـەورەیان دا، گـەلێ رێخکـراوی وەك "حیراسـەت" و" ئومـووری تەربیـەتی"و" بەسـیجی دانـش ئـاموزی "یـان لـە قوتابخانـەکان پەسـتاوت، تـا نەوەیـەك بـۆ پاراسـتنی دەسـەڵاتەکەیان و بـۆ بـەردەوامی دەسـەڵاتەکەیان پەروەردەبکـەن: بـەڵام سـەرەڕای ئـەوەی کۆمـەڵگای لاوی پـەروەردە بـوو ئـەو نیزامـە قوربـانیی سەرەکیی خەسارەکانی ئەو رێژیمـەن، بـەڵام بەروویـەکی دیکـەش دا هێـزی بەرهەڵستکارانی ئـەو رێژیمـەش هـەر ئـەو لاوانـەن کـە خۆیـان بەرنامـەی پەروەردەیی‌یان بۆ داڕشتبوون، لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە بلێی ئەو نەوەیە وانەکانیان خراپ لێ فێربوون؟

کارناسە کۆمەڵایەتی‌یەکانی نێوخۆی وڵات لە و بڕوایەدان کە ئەو قەیران و کـۆی ئـەو خەسـارو زیانانـەی بـەرۆکی کۆمـەڵگای لاوی ئێـران گرتـوە، بەرهەمی قۆناغی تێپـەڕین (دوران گذار) ە کـە بـە شۆڕشـی گـەلانی ئێـران دەست پێ دەکا و هۆکارەکەشی بۆ تێگەیشتنی پێچەوانەو بڕیاردانی هەڵـە وسیاسەتی چەوتی ئابووریی کۆمەڵایەتیی بەڕێوەبـەرانی وڵات دەگێڕنـەوە. بەڵام لاوان خۆیان بەباشی وەڵامـی ئـەو دۆخ و واقعـە دەدەنـەوە و رێـژیمی کۆمـاری ئیـسلامی وەك نیزامێکـی ناسـەردەمییانە بـە هۆکـاری سـەرەکیی خۆڵقانی هەموو ئەو قەیرانانە دەزانن.

نیزامێك و رێژیمێك کە هـیچ وەڵامێکـی بـۆ ویـست و داخـوازی لاوان پـێ نیە. ویست و داخوازیی لاوانیش ئەگەرچی زۆرن، بەڵام سەرەکیترین ویستی کۆمەڵگای لاوی ئێران ئازادی‌یەکـە بەتونـدترین شـێوە لێیـان زەوت کـراوە. ئـازادی را دەربـڕین، ئـازادیی هەڵبـژاردنی و پۆشـینی جلـو بـەرگ، ئـازادیی پێوەنـدیی لەگـەڵ رەگـەزی بەرامبـەر، ئـازادی لـە بوارەکـانی هونـەری، کولتووری و وەرزشی و کارو..

بەڵام سنووری هەموو ئەو ماف و ئازادییانە بـۆ لاوان تەسـك و تەسـکتر دەبێتـەوەو بـەو پێیـەش رۆژ بـە رۆژ کـەلێنی کۆمـەڵگای لاو و رێـژیم قـوڵتر دەبێتەوە و دەستی بـەناو رێفورمخوازەکـانیش لـە نێـو هەمبانەکـە هاتۆتـە دەرێ‌و لاوان هیچ چەشنە هیوایەکیشیان بەوان نەماوە.

بـەڵام داهـاتووی کۆمـەڵگای ئێـران لەلایـەن کۆمـەڵگای لاوی ئێرانـەوە چـێ‌دەکرێتەوە، هـەر ئـەو لاوانـەی نیزامـی کۆمـاری ئیـسلامی بـۆ بـەرگری لەخۆی پەروەردەی کردن کەچی ئەوان بەپێچەوانەی ویستی رێژیم بوونەتـە داینـامۆی هەڵـچوون و راپـەڕین و گـۆڕان لـە پێکهاتـەی گـۆڕان لـە ئێرانـی ئێستادا.

ئامارەکان لە رۆژنامەی شەرق وەرگیراون

## تەخمیس لە سەر غەزەلی عەلی بداغی

مستەفا پۆڵادرەگ

دڵم کەیلە دەناڵێنێ شەو و ڕۆژ هەر دەکا زاری
لە هیجری دڵبەری ڕەعنا، لە داخی تانەی ئەغیاری
گوڵم ڕەحمێ بە حاڵم کە، دەبا دەرچم لە غەمباری
«تکا فرمێسکی خوێنینم لە جەور و دەردی زۆرداری
هەتا کەنگێ دەگەڵ کوشتەت ئەرێ دڵڕەق، ستەمکاری؟»

ئەمن ئاواتی ناکامم بە تەنیا وەسڵی یارم بوو
لە تاوی چاوەکەی مەستی بە دایم زاری کارم بوو
نیگار، بەسیە جەور، ژینم لە ڕێی تۆ دا بە تاڵان چوو
«لە بیرم ناچی تا مردن قەرار و عەهدی رابردوو
نەما ژینم کە تۆ لات دا لە سوێندی بەرزی دڵداری»

خەزان وەرزی بە پرتاو هات، پەلاماری لە باخم دا
وەکوو بووم لەرزەیە تەکان لە ماڵ و کۆشك و کاخم دا
شکا نەشئەی مەلی هیوا و کەوی دەنگ خۆش لە شاخمدا
«دڵم پڕ بوو نەما جێی هیچ هومێدێکی لە ناخمدا
بە سەر یەکدا ڕژا ناسۆر و دەردی بێ پەرەستاری»

هەموو ناڵەی دڵە ئازیز ئەوەی ئەورۆ ئەمن لێی دوام
وەرە ناو باوەشی ئەشقم دەزانی چەندە بێ‌ئەنوام
کە من شەیدای جوانیتم لە شار و گوندەکەم ڕیسوام
«عەزیزم چاوی تۆ مەیخانەیە و مەیخۆری بێ‌پەروام
وەرە ساقی کە سووتاوە دڵی تینووم نیە چاری»

بەرەو خاك و وڵاتم من چلۆن ڕێگا دەدەم دوژمن
دەبێ ون بێ لەبەر چاوا بچێتە بن پەنا و قوژبن
چلۆن ڕێیە دەدەم پێیان ئەگەر خوێنخۆر و خوێنمژ بن
«عەزیزان شاخ و داخی نیشتمانم قیبلەیە بۆ من
بە من چی ئاوی روکناباد و گوڵگەشت و بەر و باری»

دڵۆپێ خوێن لە ڕەگمانا نەما هێندی مژی حەزیا
نەیار زەردەی دەهات پێمان هەڤاڵیش بۆ هەڤاڵ گریا
بەڵام «ڕامیار» وەڕێ‌کەوتبا لە گەڵ یارانی خۆی بریا
«عەلی! هەستە کە کاروان کەوتەڕێ تۆ مایەوە تەنیا
ئەگەر ڕێبواری ڕێی عیشقی، ئەگەر مەست و ئەوینداری»

# ئارنشتات و مول هاوزن ( ١٧٠٣ تا ١٧٠٨ )

و: تەها رەحیمی

باخ لە ژانویەی ساڵی ١٧٠٣، ماوەیەکی کورت دوای وەرگرتنی بڕوانامە، لە نوێژخانەی دەرباری " دوك بوهان ئێرنێست" لە وایمار ـ شارێکی گەورەیە لە تورینگن ـ وەك ژەنیاری ئۆژگژەنی دەرباری دامەزرا. دەوری باخ لەو گرووپە ژەنیارەدا ناڕوونە، بەڵام وێدەچێ ئەرکێکی سوك و ناپێوەندیداری بە موسیقاوە لە خۆ گرتبێ. لە ماوەی حەوت مانگ نیشتەجێ بوونی لە وایمار لێهاتوویی لە ژەنینی پێکهاتە کلاوەییەکاندا ناوی دەرکردو داوایان لێکرد چاوی بە ئۆرگی نوێی کلێسەی بونیفاسیوس لە ئارنشتات بکەوێ و بۆ یەکەم جار بە تەنێ کاری ژەنینی لە سەر تاقی بکاتەوە. بنەماڵەی باخ پێوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ خەڵکی شاری ئارنشتات هەبوو. ئەو شارە لە مەودای ١٨٠ کیلۆمێتری باشووری رۆژئاوای وایمارو بە تەنیشت لێڕەوارێکەوە هەڵ کەوتبوو. باخ ئوتی ١٧٠٣، پلەی ئۆرگژەنی کلێسەی ناوبراوی گرتە ئەستۆ. کارەکەی سوك و مووچەکەی باش بوو و بێجگە لەوەش لەسەر ئۆرگێکی نوێی بێ‌کێشەو چەرمەسەریو قورمیشکراو بە پێوەری دیاریکراوەو کاری دەکرد، کە ئەو پێوەرە نوێیە قورمیشسازە کارێکی وای دەکرد کە بتوانێ زیاتر لە قامکە گەورەکانی کەڵك وەربگرێ.

هەر لەو ماوەیەی نیشتەجێ بوونی لە ئارنشتاتدا بوو کە بە جیددی دەستی کرد بە دانانی "پرلود"گەلی ئۆرگ کە دەتوانین لەواندا ئاماژە بە کۆپلەی ناوداری "توکاتاو فوگ لە مینۆردا" بکەین. ئەو بەرهەمانە کە خۆیان لە رێبازی موسیقای زەوقی و (بداهەنوازانە)ی باکووری ئاڵماندا دەبیننەوە، نیشاندەری تەکووزی مۆتیڤێکی بەرچاون (کە لەودا ئیدەیەکی کورت و کاری موسیقایی بە شێوەیەکی بەهێز بە درێژایی "موومان"ێك دەکەوێتە بەر توێژینەوە). بەو حاڵەشەوە لە بەرهەمە ئاوازدانەرییەکانیدا هێشتا لەگەڵ مەسەلەی پێکهاتەی گرینگ دەستەویەخەیەو، هێشتا بۆ پەروەردەو پەرەپێدانی توانایە کنتریوئان نووسییەکانی (کە تێیدا دوو یا زیاتر لە دوو میلۆدی هاوکات کاریگەرییان لەسەر یەکتر دەبێ) ماوەیەکی زۆری لەبەرە.

چەند ساڵ دوای مانەوە لەو پێگەدا کە لە ئارنشتات هەیبوو، سەرەڕای پێوەندیی بنەماڵەیی و بەهێزو حەزی خاوەن کار لە کارەکەی، نێوان ناخۆشی کەوتە بەر ئۆرگژەنی لاوو لاسارو تازە پێگەیشتووو بەرپرسەکانی. باخ راشکاوانە لە پێوەری گۆرانی بێژەکانی تیپی (کۆر) ناڕازی بوو. مەسەلەی لەوەش جیددیتر، چەند مانگ بەبێ ئیزن سەفەر کردن بوو لە نێوان ساڵی ١٧٠٥تا ١٧٠٦، کە لەو ماوەیەدا بۆ سەردانی مامۆستا مەزنەکەی، بوکستە هود لە ئارنشتاتەوە چوو بۆ شاری باکووریی لوبك. مانگێك ئیزنی خۆی بوو بەڵام سێ مانگی زیاتر پێ چوو. ئەو رووداوە بەناوبانگەی ژیانی باخ بڕینی ٨٠٠ کیلۆمێتر (چوون و گەڕانەوە) بە پێیان بوو، بۆ سەردانی پیاوێك کە باخ پێی بە باوکی ئۆرگژەنانی ئاڵمانی بوو. ئەو چاوپێکەوتنە مێتۆدی یوکسنە هودی کرد بە بەردی بناخەی بەرهەمە سەرەتاییەکانی باخ و ئەو مەسەلەیەش کە ناوبراو ماوەی زیاتر لە مانگێك لە خزمەتی مامۆستاکەی دابووە، نیشان دەدا کە بۆ باخ گرینگ بوو کە لە خزمەت مامۆستا پیرەکەیدا بێ.

لە ساڵی ١٧٠٦، سەرەڕای پێگەی شیاوی لە ئارنشتات، باخ ئیدی تێ‌گەیشتبوو کە دەبێ خۆی لە بەرپرسایەتیی بنەماڵەکەی بدزێتەوە و دوای پیشەکەی کەوێ. ژوئەنی ١٧٠٧، پلەیەکی سەرنجڕاکێشتریان پێ پێشنیار کرد، ئۆرگژەنی لە کلێسەی "دونست بلدسیس کیشەی، لە مول هاوزن، شارێکی باکووری مەزن و گرینگ، کە ئەو بەرپرسایەتییە بەر لە باخ لە ئەستۆی ئۆرگژەنی تەردەست یوهان گئۆرك ئال"دا بوو. چونکە ئەو پێشنیارە لە باری داهات و هەلومەرجەوە (وەك بارودۆخی تیپی (کۆر)) باشتر بوو، قبووڵی کرد. باخ، چوار مانگ دوای کۆچ کردن بۆ مول هاوزن، بن ئامۆزاکەی، کە ناوی ماریا باربارا و خەڵکی ئارنشتات بوو هێنا. ئەوان بوون بە خاوەنی حەوت منداڵ کە چواریان پێ گەیشتن، لەو چوارەش، سێ کوڕیان ـ ویلهۆلم فریدمان باخ، یوهان کریستیان باخ و کارل فیلیپ ئیمانوئل باخ ـ ئاوازدانەری شێوازی دەسکردی "روکوکو" کە بەدوای شێوازی باروکدا دەرکەوت، تێ پەڕین. کلێسە و ئەنجومەنی شاری مول هاوزن دەبێ لەو بەڕێوەبەرە موسیقانۆیە رازی بووبێت. ئەوان بەوپەڕی دڵاوالاییەوە وەڵامی ئەرێیان بۆ پلانی نۆژەن کردنەوەی ئۆرگی کلێسەی "سنت بلدسیس" داوە کە زۆریشی بۆیان تێ دەچوو. بێجگە لەوە دەبێ بەرپرسانی شاری بە کۆپلەی وەستایانە و شاکارەکەی، کە بۆ کردنەوەی ئەنجومەنی نوێی شار لە ١٧٠٨ دا نووسیوێتی konig gott ist moik بە ناوی کوڕی "خودا پاشای منە" سەرخۆش بوون کە دراوێکی زۆریان پێ بەخشیوە و ساڵەکانی دواتریش داوایان لێکردوە دیسان ئەو کۆپلەیەیان پێشکەش بکاتەوە. ئەو بەرهەمە بە تایبەت بە میتۆدی پوکتەهود دانراوە.



# خودا و مێرووله

ن: ناسر رەسوڵی



منالێکی بچووك لە دایکی پرسی: دایە خودا چیە؟ دایکی پێی گوت: کوڕم تۆ جارێ چووکەی با گەورەتر بی پێت دەڵێم. بەڵام بزانە کە خودا زۆر گەورەیە و توانای هەموو کارێکی هەیە. هەر ئەو رۆژە منالەکە لە سەر شارە مێروولەیەك کایەی دەکرد. بینی کە مێروولەیەك پاش ١٠ چەل کەوتنە خوارێ لە قەدی دیوارەکەوە بە دەنکە گەنمێکەوە دیسان هەوڵ دەدا کە گەنمەکە هەڵگرێتەوە و بە دیوارەکەدا سەرکەوێتەوە. منالەکە لە دڵ خۆیدا بیری کردەوە کە ئەو مێروولەیە کە ئەو هەمووە بە تاقەتەو گەنمێکی لە خۆی گەورەتر ئەوەندە جارە بە قەدی دیوارێکدا رادەکێشێ‌و ماندوو نابێ کەواتە ئەوە دەبێ خودا بێ. هەر ئەو کاتەی بیری لەم مەقوولەیە دەکردەوە هەستی کرد کە پەنای ملی قتیلکەی دێ، کە بە شەپلاغەیەك لە پەنا ملی خۆی راکێشاو ئەو داعبا چکۆلەی کوشت، بینی کەوا مێروولەیەکە. لە دڵ خۆیدا گوتی: ئەها وەڵا خودام کوشت!!!

## شێعری ڕاز دەڵێن

ڕەسووڵ سوڵتانی

تەفسیری عیشقە شۆقی نیگای سامالْ و ساوی
کە دەرکەوتوە لە ئاسۆی تاریکی هەوری خاوی
لە ئاوێنەی هەتاوا ئەوەندەی سەیری خۆ کرد
دڵی چڕژاوە تیرێــــژ لە تیشکاوێژی چاوی
قومێ لەو ماچی لێوەم بداتێ دادەمــرکێم
بەجێم ناهێڵێ ئیتر بەهاری سەوزی لاوی
بۆ وەی نەژاکێ پەلکی بژەی سەوزی لە لێوانْ
لە فرمێسکی غەزەلدا حەشارم داوە ناوی
مەمی راوچی گری وی چ شێوە کۆترێکنْ
کە دڵ دەربازی نابێ لە جەغزی داو و راوی
دڵی چڕژاوی شێعری خەمینی راز دەڵێنم
بە ماچێ پینە دەکرێ لەگەڵ قەولی شکاوی

١٣٨٧/٦/٢٤ ق

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
No: 494  21 Sep  2008

ماڵپەڕی  ناوەندیی حیزبی دێمۆكراتی كوردستان، رۆژنامەی "كوردستان" و رادیۆ دەنگی كوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org   info@ kurdistanukurd.com
www.kurdchannel.com : Hotbird: 8 -  MHZ: 12303 -
Polarization: Vertical  -  S R: 27500 - FEC: ¾

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

تەلەفۆنی تەشكیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

# فیلمی "فریشتەكان لە خاكدا دەمرن" لە فیسیڤاڵی بۆستن نمایش دەكرێ

كورتە فیلمی "فریشتەكان لە خاكدا دەمرن" لە دەرهێنانی سینەماكاری كورد بابەك ئەمینی، لە بەشی كورتە فیلمەكانی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی "بۆستن" لە ویلایەتی مانهاتن لە وڵاتی ئەمریكا نیشان دەدرێ.

فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی "مێلبۆرن" رۆژی١٤ سێپتامبری ٢٠٠٨ (٢٤ی خەرمانان) لە شاری بۆستن لە ویلایەتی مانهاتن لە وڵاتی ئەمریكا دەستی پێكردوە و چەند رۆژێك دەخایەنێ.

جێی وەبیرهێنانەوەیە بابەك ئەمینی بە كورتە فیلمی "فریشتەكان لە خاكدا دەمرن" لە دوایین بەشداریی نێونەتەوەیی خۆیدا توانی خەڵاتی یەكەمی لێژنەی ناوبژیوانی نۆیەمین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی كورتە فیلمەكانی ڤێنیز لە وڵاتی ئیتالیا بۆ باشترین فیلمی نێونەتەوەیی بەدەستبێنێ.



نۆیەمین خولی فیستیڤاڵی كورتە فیلمەكانی ڤێنیز لە پەراوێزی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمە بڵند و كورتەكانی ڤێنیز لە رۆژانی ١ تا ١٥ی سێپتامبری ٢٠٠٨ (١١ تا ١٥ی خەرمانان) بە بەشداریی ٥٠ كورتە فیلم لە سینەماكارانی سەرانسەری دنیا لە شاری ڤێنتزی ئیتاڵیا بەرێوەچوو.

سەرچاوە: PNA

# عوسمان رەحیمی، نموونەیەكی بەرز لە تێكۆشان و فیداكاری

بەر لەماڵاوایی

قادر وریا

نیوەڕۆی ٢٠ی خەرمانانی ١٣٨٦ بوو هەواڵەكە، وەك مردنی، كوتوپڕو چاوەڕوان نەكرابوو. كاك عوسمان مرد!

ساڵێك لەو ساتە تاڵە رابرد كە ئەم مەرگە ناوەختەی تێدا روودا. بوو بە ساڵێك ئەو سیمایەی سیمبولی ماندوونەناسی و شێلگیری و تێكۆشان بوو، بە جەستە لە نێومان دانەماوە، بەڵام باوەڕ كردن بەوە كە بەجێی هێشتووین هەروا بە زەحمەتە.

نووسین لە بارەی ژیان و كەسایەتیی خەباتگێڕێكی گەورەی وەك كاك عوسمان رەحیمی، هەم هاسانە، هەم سەخت. هەسانە چونكە تایبەتمەندییە بەرزەكان و خزمەتەكانی بە حیزبی دێموكراتی كوردستان و خەباتی شۆڕشگێڕانەی نەتەوەكەی ئەوەندە زۆرن كە مرۆڤ بۆ هەوێنی نووسین، دانامێنێ. سەختیشە، چونكە زەحمەتە ئێمەمانان بتوانین لە نووسینێكی كورتی لەم چەشنەدا، نرخی خۆی بدەینێ. لە بارەی عوسمان رەحیمییەوە، قسە زۆرە بیكەین. بەڵام كامیان لەم یادەدا بێنینە گۆڕو كامەیان بۆ دەرفەتێكی دیكە هەڵ بگرین؟ لە یادی كاك عوسمانی نەمردا پێش هەموو شتێك دەبێ لەو بنەماڵەیەو لەو كەشو هەوایە بدوێین كە هەر لە منداڵییەوە، ئەوی تێدا پەروەردە بوو. باوكی كاك عوسمان پێشمەرگەی كۆماری كوردستان بوو. هەروا كە پێشەواو كۆمارو ئاڵاكەی، تا مردن ئیلهامدەری بابی كاك عوسمان بوون، وێنەی سەردەمی گەنجی ئەو باوكە لە یونیفۆرمی سوپای میللی كوردستان و لە پشت موسەلسەلی پارێزەری جمهوریدا، تا ساتی كۆچە بێوەختەكەی، ئیلهامدەرو رێنیشاندەری عوسمانی رەحیمی بوون. لە راستیدا ئەو بەو رێگایەدا دەرۆیشت كە باوكی و جوانەمەرگی براگەورەی، عومەر پێیدا رۆیشتبوون.

عوسمان رەحیمی، هەم بۆ نێو حیزبەكەی، هەم بۆ دەرەوەی حیزبی دێموكراتی كوردستان كەسایەتییەكی سەرنجڕاكێش و جێگای رێز بوو. ئەگەرچی لە ماوەی نزیك بە سێ دەیە حیزبایەتی و خەبات و تێكۆشان دا، زۆربەی جاران ئەرك و بەرپرسایەتیی سیاسیی لە ئاستی بەرزدا پێدەسپێردرا، بەڵام لە فەرماندەرانی نیزامی نەدەمایەوەو، لە كارو تێكۆشانی نیزامی و رێكخستنی پێشمەرگەو بەرنامەرێژی بۆ دەست وەشاندن لە دوژمن و...دا، دەبوایە حیسێبی تایبەتی بۆ بكەی. لە باری تەشكیلاتییەوە، رێكخەرێكی بەتواناو بەرێوەبەرێكی خاوەن پرۆژەو بەرنامە بوو. بە هۆی ناسراوی و خۆشەویستیی لە رادەبەدەرو قاڵبوونەوە لە بۆتەی خەباتێكی سەخت و درێژخایەن دا، جێگای متمانەی ئۆگران و دڵسۆزانی حیزبی دێموكرات لە نێو توێژە جۆراوجۆرەكانی خەڵك دابووو ئامادە بوون لە رێگای ئەوەوە، زۆرترین هاوكاریی حیزبی دێموكراتی كوردستان بكەن. بەڵام توانای كاك عوسمان لەم چەند بوارە، بەولاوەتر بوو. ئەو یەكێك لە كادرە بە تواناكانی ریزی پێشەوەی رێبەریی حیزب بووو لە گەڵاڵە كردن و داڕشتنی سیاسەت و هەڵوێستەكانی حیزبی دێموكراتی كوردستان و، لە بەڕێوەبردنی ئۆڕگانە سیاسی و تەبلیغییەكانی حیزب دا، خاوەن نەخش بوو و جێپەنجەی دیار بوو. بەرزترین پلەو پایەو بەرپرسایەتیشی هەبا، لە هەڵسوكەوت و رەفتاردا، سادەو خاكی و خۆمانەو بێفیزو دەعیە بوو. رێزی ژنان و لاوانی دەگرت و حورمەتی لە تێكۆشان و رابردووی تێكۆشەرانی دێرین دەنا.

كاك عوسمان رەحیمی لە دەرەوەی حیزبەكەشی دا، رێزو خۆشەویستیی تایبەت بە خۆی هەبوو رێزی، بۆ خەباتی حیزب و رێكخراوەكانی دیكە و تاكەكانی نێو حیزب و رێكخراوەكانی دیكە دادەنا. ئەو پێیوانە بوو هەر حیزبەكەی ئەو و ئەندامانی حیزبەكەی ئەو، خەباتگێڕو زەحمەتكێشن، هەركەس خەباتگێڕی رێگای ئازادی و یەكسانی بوایە و بۆ دێموكراسی و لە دژی دیكتاتۆری و بێعەداڵەتی خەباتی كردبا، سەر بە هەر حیزب و نەتەوەیەك بایە، لای كاك عوسمان جێگای رێز بوو. بیروباوەڕی سیاسیی عوسمانی رەحیمی، تێكهەڵكێشێك بوو لە بڕوا بە دێموكراسی، رزگاریی نەتەوەیی و دادپەروەریی كۆمەڵایەتی. لە پێناوی بەرەو پێشبردنی ئامانجە نەتەوەیی و ئینسانییەكانی دا كە لە بەرنامەی حیزبی دێموكراتی كوردستان دا بەدیی كردبوون، سێ دەیە لە پەنجا ساڵ تەمەنی كورتی خۆی بۆ تێكۆشانی بێوچان تەرخان كرد. بۆ خۆنەویستی و لەخۆبوردوویی ئەو لە پێناو ئامانجەكانی دا، هەر ئەوەندە بەسە بڵێین، هەر بەو هاسانییەی ساڵی ١٣٥٨، خوێندنی زانكۆی تارانی بۆ هەڵگرتنی چەكی پێشمەرگایەتی لە چیاكانی كوردستان بەجێ هێشت، بەو هاسانییەش لە دەیەی ٩٠ی زایینیدا، ژیان لە ئاڵمانی ئەمن و ئارامی بۆ تێكۆشان لە كوردستانی پڕ لە تیرۆرو راوڕووتی شۆڕشگێرانی رۆژهەڵات، واز لێ هێنا. دوای ئەوەش ژیانی هاوبەشی پێكەوە نا، سەرەڕای هەموو ئۆگری و خۆشەویستییەكی بۆ هاوسەرو جگەرگۆشەكانی، زۆرترین كاتی بۆ كاری حیزبی و خەباتگێڕانە، تەرخان كردبوو. لە یەكساڵەی كۆچی بێوەختی دا، بەرێزەوە یادی خەبات و تێكۆشانی بەنرخ و پڕ لە فیداكاریی ئەو سیما خۆشەویستەی حیزبی دێموكراتی كوردستان دەكەینەوەو لەگەڵ گیانی پاكی بەڵێن نوێ دەكەینەوە كە ئاڵای ئاوات و ئامانجەكانی هەر وا شەكاوە رادەگرین.

# لە كرماشان فیستیڤاڵی جیهانیی ئەسپی كوردی بەرێوەدەچێ



لە شاری كرماشان بۆ ناساندنی ئەسپی رەسەنی كوردی بە جیهان فیستیڤاڵی ئەسپی رەسەنی كوردی بەرێوەدەچێ.

لەم فیستیڤاڵە كە لە لایەن ئیدارەی میرات و كولتوورو گەشتیاریی پارێزگای كرماشانەو بەرێوەدەچێ ٦٤ وڵاتی جیهان بەشداری دەكەن.

ئەسەدوڵڵا بیرانوەند ئیدارەی میرات و كولتوورو گەشتیاریی پارێزگای كرماشان لەمبارەیە وتی: یەكێك لە تایبەتمەندییەكانی پارێزگای كرماشان بوونی رەسەنترین جۆری ئاسپی جیهانە بە ناوی ئاسپی رەسەنی كوردی كە ساڵی پێشوو لە لایەن ناوەندەكانی جیهانەوە وەك یەكێك لە رەسەنترین ئەسپەكانی جیهان لە قەڵەم دراوە.

ناوبراو هەروەها وتی لە فیستیڤاڵەكە دا پێشبڕكێی ئەسپی رەسەنی كوردی لە دوو بەشی جوانیی لەشی ئەسپی رەسەنی كوردیو بەشی راكردنی ئەسپ لە گوندی ئۆلەمپێكی شاری كرماشان بەڕێوەدەچێ.

ناوبراو لە درێژەدا وتی بێجگە لە ناوەندەكانی ئێمە كە نزیكەی ٥٠ ساڵە لە لایەن باوكمانەوە رەگەزی ئەسپی كوردی پاراستوەو لە ئەسپی رەسەنی كوردی داود خانی كرماشان رەگەزی ئەسپی كوردیمان پاراستوەو ئێستا ژمارەی ئەسپە رەسەنەكانمان نزیكەی ١١٠ ئەسپەو جوانترین ئەسپی رەسەنی كوردییش بە ناوی "تریشقە" كە لە چەندین پێشبڕكێ دا پلەی یەكەمی باڵابەرزی و جوانیی لەشی بە ناوی خۆیەوە تۆمار كردوە لای ئێمەیە.

سەرچاوە: ktv

# ٥٧ فیلمی هەرێمی كوردستان بەشداری لە سێیەمین فێستیڤاڵی فیلمی كوردیدا دەكەن




لە سێیەمین فێستیڤاڵی فیلمی كوردی كە لە رۆژانی 2008/9/20 -24 لە شاری مانچستەری بریتانیا پێك دێ، ٥٧ فیلم لە هەرێمی كوردستانەوە بەشدارییان لە فێستیڤاڵەكەدا كردوە.

لەو بارەیەوە سەرچاوەیەك لە وزارەتی رۆشنبیریی هەرێم راگەیاند: وەزارەتی رۆشنبیری بە ٢٨ فیلم و كۆمپانیای ئەڤینی فیلم بە ١٠ فیلم و هونەرمەندانی سلێمانی بە ١٥ فیلم و پارێزگای دهۆك بە ٣ فیلم بەشداری لە فێستیڤاڵی ساڵانەی فیلمی مانچستەردا دەكەن.

ئەو سەرچاوەیە لە درێژەدا وتی: ئەنوەر شێخانی بەرێوەبەری كۆمپانیای ئەڤینی فیلم وەك نوێنەری فیلمی هەرێمی كوردستان سەرپەرشتیی گەیاندنی بەرهەمەكان بە لێژنەی سەرپەرشتیاری فێستیڤاڵەكە، دەكا و مەرجی بەشدارییكردنی فیلمەكان لەو فێستیڤاڵەدا ئەوەیە كوردی بن، ئەگەر لەلایەن هونەرمەندانی بێگانەشەوە ئامادەكرابێ پێویستە پێوەندیی بە كوردەوە هەبێ.

سەرچاوە: pukmedia

